# مارکس
# لەنێوان میتۆد و جیاوازی

# مارکس
# لەنێوان میتۆد و جیاوازی

سمكۆ محەمەد

هەولێر ـ ٢٠١٩

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**

- **مارکس لەنێوان میتۆد و جیاوازی**
- نووسینی: سمکۆ محەمەد
- نەخشەسازی ناوەوە: ڕێدار جەعفەر
- بەرگ: هۆگر سدیق
- نرخ: (٦٠٠٠) هەزار دینار
- چاپی سێیەم : ٢٠١٩
- تیراژ: (٥٠٠) دانە
- چاپخانە: ئازادی (هەولێر)
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٨٦٠) ساڵی (٢٠١٥)ی پێ دراوە.

زنجیرەی کتێب (    )

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com
**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

# پێرست


به خاتری پێشەکی ........................................ ٧
هیومانیزم لە فەلسەفەی مارکس ........................................ ١٣
دەوڵەت.. لەفەلسەفەوە بۆ سیستم :........................................ ١٧
مرۆڤی مارکس .. مرۆڤی فرۆم:........................................ ٤٢
مرۆڤ لە رەهەندە مێژووییەکان........................................ ٤٣
مێژووی چەمکی دیالێکتیك........................................ ٥٢
سەرچاوە و پەراوێزەکانی چاپتەری یەکەم:........................................ ٥٨
ئینترۆپۆلۆژیا لە جیهانبینی مارکس........................................ ٦١
ئینترۆپۆلۆژیا میتۆدێك بۆ هۆشیاری:........................................ ٦٨
مرۆڤی نامۆ مرۆڤ ئامێری:........................................ ٧٢
سەرچاوەکانی چاپتەری دووەم:........................................ ٧٨
تیۆرەکانی مارکس: رەخنە و رەتکردنەوەی رابردوو:........................................ ٨١
ئایین و میتافیزیکا:........................................ ٨٨
رێگایەکی راستەوخۆ:........................................ ٩٦
گۆڕینێکی ناراستەوخۆ:........................................ ١١٠
رەخنە لە لاهوت:........................................ ١١٧
سەرچاوەکانی چاپتەری سێهەم:........................................ ١٢٤
ئارکۆلۆژیای زمانی مارکس:........................................ ١٢٧
زمانێك بۆ گشت زمانێك بۆ دەستە:........................................ ١٣٤
سیاسەت لە زمانی تاکەوە بۆ کۆ:........................................ ١٣٧
مانیفێستێك بۆ حیزب:........................................ ١٤٣
زمان لە سرووشتەوە بۆ مەبەست:........................................ ١٥١
رۆژنامە لەتریبۆنەوە بۆ گەیاندنی گوتار:........................................ ١٥٢

سەرچاوەکانی چاپتەری چوارەم :............................................ ١٥٥
فەرهەنگ :.................................................................... ١٥٧
بەشی وێنەکان:............................................................... ١٦٣

## بەخاتری پێشەکی

خوێنەری بەڕێز سەدەی هەژدە و نۆزدەی رابردوو، سەدەی کێشمەکێشی بیرکردنەوە بوو لەتاکگەرایی و ئازادیيە هەمەلایەنییەکانی تاك و سیستمێکی نویٚ بۆ دەوڵەت، هەر ئەم بیرکردنەوەیە یەکێك لەوێردی سەرزاری بیرمەندانی ئەوکات بوو، کاردانەوەیەکی وەهای خولقاند کە زمانی فەلسەفە یەکێکی تر لەئامرازەکانی دیمانەی سیاسیی پێکبهێنیٚ، هاتنە ئارای ئەلتەرناتیڤی سیستمی لیبڕالیزم و سۆسیال دیموکرات، خەریك بوو لەنێوان تاك و کۆمەڵگەی پەرەگرتووی ئەوکات بەلانسێك درووست بکات، ئەمەش تەنها لەریفۆرمێك بەولاوە بۆ مانەوەی دەوڵەت لەدۆخی خۆیدا هیچی تر نەبوو. ئەوکات نەتەوەکانی ئەورووپا لەسەروەختی ئەوەبوون چارەسەرێکی ریشەیی بۆ ستەمی نەتەوەیی و چەمکی ناسیونالیزم بدۆزنەوە، لەمڕاستایەشدا شۆڕشی پیشەسازی بۆرژوازی کە یارمەتیدەرێکی باش بوون بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی، جیاوازیەکی لەڕادەبەدەری لەنێوان چینەکاندا راگرتبوو، دواتریش لەنیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەهەم موناقشە لەسەر دەوڵەت و کۆمەڵگەی مۆدێرن، یەکێك لەگەرموگوڕترین دیمانەی فکری و سیاسیی بوو، بەو مانایەی چ رۆلێك بگێڕێت لەموڵکایەتی تایبەتی، بەمەش پێودانگە ئەخلاقیەکانی فکری سیاسیی بەدوو ئاقاردا برد.

**ئاقاری یەکەم:** ئەو میراتیەی کە لە فکری (کانت)ە وە سەرچاوەی گرتبوو، رەخنەی لە سیستمی دەوڵەت دەگرت و مەعریفەی چەمکەکانی لەتیۆرێك لەرەخنەوە تەماشا دەکرد، پێی وابوو کە (پێشکەوتنە پیشەسازیەکان دەبێتە مایەی گەشەو هەڵدان، موڵکدارێتی تایبەتیش دەبێتە مایەی خۆشبەختی بۆکۆمەڵگە)، ئەم ئاقارە لە بیرکردنەوە، هیچی بەرهەم نەهێنا, جگە لە ریفۆڕمێك بۆ مانەوە و تەمەن درێژی سەرمایەداری.

**ئاقاری دووەم:** پێیوابوو (لەدەرەنجامی خراپ کەڵك وەرگرتن لە گەشەی پیشەسازی جۆرێك لەنائومێدی بەرهەمهێناوە، ئەمەش کارێکی وەهای کرد کە داواکاریەکان لە سوککردنی شانی کرێکار لە کاردا و وەرگرتنی مافی سیاسیدا شێوە لافیتەیەکی تر بەرز کرایەوە) موناقەشەی ئەم بیروڕا فەلسەفیانە، بەرهەمی بیری سۆسیالیزمی لێکەوتەوە کە هەندێك بڕوایان بەسۆسیالیزمی بۆرژوازی و ریفۆڕمی سیستمی دەوڵەت هەبوو، هەندێکیش بڕوایان بەسیاسەت و کاری رێکخراوەیی و هاوپشتی کرێکار هەبوو وەك چالاکترین چینی بەرهەمهێنی کۆمەڵگە.

مارکس و ئەنگڵس یەکەمین نیازیان ئەوەبوو کە لەنێو ئیشکالیاتی ئاییندا، شۆڕشێکی گیانەکی لەبەرچاو بگرن، وەك لەچاو هیگڵییە لاوەکان کە پێیانوابوو شۆڕشێکی سیاسیی بەدوای خۆیدا بەکێش دەکات لەئاییندەدا، ئەمە بەشێك بوو لە دیمانە و روانینەی ئەنگڵس و مارکس لەخاڵی یەکلایی کەرەوەی نێوان ئیدیالیزم و ماتریالیزم دیارکرا، بەڵام ئەوەی کە لەدوای مارکس خۆی بەمارکسیست نیشاندەدا، جگەلەوەی مایەی نیگەرانی مارکس خۆی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی روون کردبۆوە کە بەرپرسیار نییە لەبەرامبەر کردەوە سیاسییەکانی کەسانی دی کە بەر لەئەو کاریان لەسەر فەلسەفە و خودی فەلسەفەی سیستمی دەوڵەت کردووە، بۆیە خۆی بەکەسێکی سەربەخۆ دەزانی و بەزمانێکی تایبەت دەینووسی.

هەڵبەت لە چەمکی فەلسەفەدا، دژەواتا و دەرك و ناوەڕۆکی و چەندایەتی و چۆنایەتی، بوونە پایەی راگرتنی ئەو بۆچوونەی کە لەنێو تێڕوانینەکانی پێشوودا تەفاوتی کرد.

دیمانەی دووەم کە مارکس کایەی تێدا کردووە، دیمانەی ئابووری سیاسیی بوو، لەم دیمانەیەدا رەخنە لەمیتۆدی ئادام سمیس و داڤید ریکاردۆ گیرا، وەك ئەوەی دوو گەورە بیرمەندی ئابوریناسی بۆرژوازی بوون، وەك خۆی دەڵێت " گەورەترین بەرد بوو لەسیستمی سەرمایەداری ئەوکات گیرا"، بەومانایەی کە ئەلتەرناتیڤی سۆسیالیزم لەنێو کایە پیشەسازیەکاندا گرێی چینایەتی کردەوە، ئەمەش بەئەزموون دیمانە سیاسی و شۆڕشگێڕیەکانی لە کەمتەمەنی کۆمۆنەی پاریسی ساڵی ١٨٧١ ی دەوڵەمەنتر کرد و دواتر لە چەمکی ئابووری سیاسیدا گەشەی پێدا، ئەوەبوو لەسەرمایەدا موناقەشەی بەهای کار، زێدەبایی، بەرهەمهێنان، دابەشکردن، یەکێك

بوو لەسەرکەوتنی ئەدگارەکانی ئەو تێڕوانینەی سۆسیالیزمی یۆتاپیاوە کردە فەلسەفەیەك بۆ واقیع و نزیك بەسەدەیەك بەردەوامی وەرگرت بەهەموو شێوە هەڵەکانیەوە کەلەسەر فکری مارکس حیساب ناکرێ.

* لەبارەی قسەکردن لەسەر سەرخانی کۆمەڵگەکان، مارکس ئەو باوەڕانەی وەبەرهێنا کە لەسۆسیۆلۆژیا و ئینترۆپۆلۆژیادا بونیاتێکیان پێکهێنا کەتا ئەوکات وەها خوێندنەوەیەکی واقیعی بۆ مێژووی بیری سیاسیی کۆمەڵگە و سیستمەکان نەخوڵقابوو، ستایلی مایەکی سۆسیۆلۆژیای میللەتان باسێکی سەراسەری لەمیتۆدی مارکسدا یەکێك لەشاڕێیەکان و بنچینەکانی مێژووی بیری سیاسیی کردە گوتارێکی گشتگیر.

لەم سەروبەندەدا دەرکەوتە و ململانێ چینایەتیەکان لەنێو سیستمی سەرمایەداریدا تەواو ڕەنگی دایەوە، زمانێك نەبوو وەکو گوتارێکی گشتگیر و واقیعی ئەو کێبەرکێیە گەڵاڵە بکات، تاکو لەرێگای مانیفێستێکی تۆکمەو بەرنامەیەك بۆ بەهەشتی سەرزەمین بەناوی سۆسیالیزم فۆرمەڵە کرا، مارکس تارماییەکی بەسیستمی سەرمایەداری نیشاندا کە ئەوروپا و تەواوی خاوەن کار و سیستمی باب مەزنی و دامەزراوەکانی دەوڵەت و خودی سیستمی سەرمایەداری ئەوکات بەگشتی ترسیان لێنیشت. ئەویش تارمایی کۆمۆنیزم بوو.

* بەرلەمارکس فەلسەفە کاری تەنها وێناکردنی رابردووبوو، بەڵام مارکس وەزیفەیەکی تری بەوکایەیە بەخشی، ئەویش گۆڕینی واقیع بوو، گۆڕینێك کە لە ڕەگوڕیشەوە ئیشکالیاتەکانی مرۆڤ چارەسەر بکات و ئایدیاکان بخاتە بەردەم پرسیارگەلێك کە تائەوکات شێوەی موقەدەسیان وەرگرتبوو لەنێو کولتوور و خودی فەلسەفەی گەلاندا وەکو خۆی دەڵێ "ئیتر کاری ئێمە وێناکردنەوەی کارەکانی رابردوو نییە، بەقەد ئەوەی گۆڕینی واقیعی ژیانی مرۆڤە لەنێو فەلسەفە و سیاسەتدا"، بەڵام ئەوەی کە مارکسی لە فەیلەسووفەوە وەرگەڕان بۆ پیاوێکی ئیدیۆلۆژی ئەپستراکت، شۆڕشگێڕێکی ناواقیعی، حیزبە کۆمۆنیستیەکان و چەپە ناواقیعیەکان بوو کە لەنێو رێکخستنەکاندا مارکسیان وەك فەیلەسووف نەناساند، بەقەد ئەوەی وەکو رەهبەرێکی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ناسرا، ئەمەش ناهەقیەك بوو بەفەلسە، بەرلەوەی ناهەقی بێت بەخودی مارکس خۆی.

* هیومانیزم کە ستراتیژی بیرکردنەوەی مارکس بوو، بەشێکی فراوان لە پانتایی بیرکردنەوە و تیئۆرەکەی داگیردەکات، لەو هەوڵەشدا بوارێك یاخود جێگایەکی بۆ پاساوە سیاسییەکان نەهێشتەوە کە لە قۆناغەکانی مێژووی کۆمەڵگەی بەشەریدا بەوشکڵە بیری لێنەکرابۆوە، ئەو بەئاشکرا کردنی ئەو نهێنیانەی لەنێو فەلسەفەدا هەبوو، لەنێو کایەی ئابووری و دیالکتیك و کۆمەڵناسیدا، کرێکاری وەك کارەکتەرێکی چالاکی بەرهەمهێن لەکەسێکی بێتوانا و بێ هێزەوە، گۆڕی بۆ بەپاڵەوانی کێبەرکێ چینایەتیەکان و هێزی کار و پەیوەندیی بەرهەمهێنانی پێکەوە گرێدا.

* لەڕێگەی خوێندنەوەی فەلسەفەی ئەبیکۆرسی یۆنانی و تیۆرەکانی رەچەڵەکناسی و کۆمەڵناسی کەپێشتر تیژتێپەڕ باسم لێوەکرد، دیالیکتیکی هێگڵ و ماتریالیزم لەقوتابخانەی فیورباخ و ئابوری بۆرژوازی کە لەسەر دەستی ئادەم سمیس و ریکاردۆ و سان سیمۆنەوە قسەیان لێکرابوو، بنچینەکانی فەلسەفەی ماتریالیزمی دیالیکتی پێکەوە گرێدا و پێشکەش بە رۆشنبیری مرۆڤایەتی کرد، هەر لەسەر ئەو تێڕوانینەش بۆ فەلسەفە، شێوەیەکی تری رۆشنبیری فکری و سیاسیی پێشکەش بەمرۆڤایەتی کرد، هەروەك جاك درێدا دەڵێ (پرسیارەکانی مارکس تائێستاش جێگای سەرسوڕمانە و لەگەڵماندا دەژی).

* لەرێگەی تێزێکی واقیع بینانەوە موناقەشەی گۆڕینی یاسا ئاسمانییە درووستکراوەکان و شەریعەت و بۆچوونە ئیدیالیستیەکانی، گۆڕی بۆ سیاسەت و یاسای کار لەرێگای ئیرادەی خودی ئینسانەوە، هەربۆیە ئایینی بە"ئەفیونی گەلان" شوبهان، ئەگەرچی ئەم جوملەیە خراپ کەڵکی لێوەرگیرا و زەمینەی بۆدژایەتی کردنی تێزەکەی مارکس خۆش کرد، بەڵام دواتر دەرکەوت بۆچوونی مارکس لەبارەی ئایینەوە مانای دژایەتی کردنی خوداپەرستی نەبوو، بەقەد ئەوەی دژایەتی کردنی خورافە و کۆنەپەرستی بوو کە بەخزمەتی چینی باڵادەست کەڵکی لێوەردەگیرا و درووست کردنی خوداکانی دەسەڵات.

* گۆڕینی زمانی ناراستەوخۆو شەرمن و سانسۆڕکراوی ئەدەب، بۆ گوتاری سیاسیی و کەڵك وەرگرتن لەئەدیب و فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان و کولتوورو فەرهەنگی گەلان، هەوڵدان بۆ رێچکەیەکی موستەقیم کە لەخزمەت ئینسان بێت، هەوڵێکی تری دیمانە

فەرهەنگیەکانی مارکس بوو، مارکس لەگۆڤاری گازیت رینان نووسیویەتی "فەلسەفە قارچك نییە لەسەر زەمینەوە هەڵقوڵێ، بەڵکو فەیلەسوف بەرهەمی دێنێ، کەواتە فەلسەفە بەروبوومی جهانە و پێی نامۆ نییە و دابڕاویش نییە" ئەم قسەیەی مارکس لەبارەی گۆڕینی زمانی ناڕاستەوخۆی ئەدەبییەوە بۆ گوتاری سیاسیی راستەوخۆ مەتریالیزمی لێکەوتەوە، چونکە باوەڕی مارکس ئەوەبوو، دەرخستنی هەقیقەت بەبێ ماکیاژ کردن، هەرجۆرە دەستێوەردانێك لەکاری هونەر و نووسین، لاواز دەبێت و ناوەڕۆکی بابەتەکە دەشێوێنێ، هەرئەمەش وادەکات تێزە ئەدەبییەکان بەتایبەتی و نووسین بەگشتی نیشانە ناپێکێ، بەپێچەوانەوە رەخنەکردن لەسیستم لەنێو کایەی ئەدەبدا هەرجۆرە ریاکاریەك لەناودەبات.

* ئەم خوێندنەوەیە مشتومالْ کردنی بۆچوونە فەلسەفیەکانی مارکس و ئەنگڵسە، سەبارەت بەتەواوی ئەو کایانەی کە موناقەشەی تێداکراوە، هەوڵێکە بۆ بەدواچوونی ئەو راستیانەی لەبیری مارکس و بیرمەندانی تری ئەوکاتی ئەڵمان هەبوو، بەو مانایەی موناقەشەی ئەم فەلسەفەیە، بۆ دەبێت تەنها موناقەشە کردن بێت لەسیستمی سۆسیالیزمی یۆتۆپی و دەرنەچوونی لەحەتمیەت، بەقەد ئەوەی مافی میتۆد لەبەرچاو نەگرین کە تائێستاش سیستمی نوێ کەڵکی لێوەردەگیرێت، تەنانەت لەنێو کایە فکریەکان و ئەکادیمیا. هەڵبەت وەها کارێك سانا نییە لەکتێبێکدا کە مارکس و ئەنگڵس لەدەیان کتێب و نامە و دەستنووسی فەلسەفی، پێشکەشیان کرد، بەڵام رەنگە ئەوەی تائێستا بەئاگاهانە و بەناتاگاهانە، خراپ کەڵك لەتێزەکانی وەرگیراوە، مەبەستێك هەبووبێ لە پشت ئەو خوێندنەوانەوە بۆ ناشرین کردنی، چونکە ئەوەی لەدوای مارکسەوە شۆڕشی کرێکاری و سۆڤیەت بەشێوەیەکی تر درێژەی پێدا کە لینین و بلیخانۆف و لیۆن ترۆتسکی و ماوتسی تۆنگ بەپراکتیکیان کرد، نیشانەیەکی باش بوو پێکانی ئەم فەلسەفەیە و کردنی بەئیدیۆلۆژیایەکی دۆگما و چەقبەستوو، بەڵام شیکردنەوەی لۆژیکی بۆ مێژوو و کایەکانی تر لەلایەن مارکسەوە، دەلیلی ئەو دابڕانە مەعریفیە بوو کە تا ئەوکات دەرکی پێنەکرابوو، پێشبینی کرد بەو جهانبینیە، هەست کردن بوو بەلێپرسراوێتی بیرمەند و ئابوری ناسی و دەوڵەت ناسی و تەواوی کایەکانی تر.

* خوێنەری بەڕێز ئەمە چاپی دووەمی کتێبی میتۆد جیاوازیە کە هەوڵێکی زۆر دراوە لەبارەی تێگەیشتن لەبیری مارکس کە ئایا فەیلەسوفە یان کۆمەڵناسە و لەوێ موناقەشەی ئەو باسە کراوە، هەروەها دەمەوێ ئەوە بدرکێنم کە هەروەك چۆن مارکسی لاو و مارکسی کامڵ هەیە، منیش ئاوها لەم چاپە نوێیەدا دەستکاری هەندێك لەتێکستەکەم کردووە لەسەر مەسەلەی دەوڵەت و میتافیزیکا و هیومانیزم و ئەنترۆپۆلۆژیا و هتد، هەندێ کێشە هەبووە چارەسەرم کردووە و بەداوای لێبوردنەوە قەبوڵ بفەرمون.

ئەم هەوڵە کە جۆرە ناساندنێکی تری فەلسەفەی مارکس، لەهەمان کاتدا هەم وەڵامدەرەوەی دەستکوورتی حیزبە بەناو کۆمۆنیستی و چەپەکانە کە گوایە بەکولتووری مارکسیانە سیاسیەت دەکەن، هەم جۆرێك وەڵامدەرەوەی ئەو بەناو رۆشنبیرانەیە کە ناهەقی دەرهەق بەمارکس قسەدەکەن و لەپیاوێکی فەیلەسوفەوە دەیگوازنەوە بۆ ئیدیۆلۆژیستێك کە ئیدیۆلۆژیاکەی بۆگەنی کردووە، بەم پێودانگ راستیانەش تێدەگەین کە مارکس لەگەڵمان دەژی، چونکە تائێستا ئەو تیۆرە کۆمەڵایەتیەی کە لەسەر بناغەی ئابووری بینا کراوە، سەرمایەداری لەحاڵی حازردا بەناڕاستەوخۆ کەڵکی لێوەردەگرێ، بەڵام کە لەرووی تیۆریەوە کتێبێکی کوردی لەسەر مارکس لەکتێبخانەکاندا نابینرێن، یاخوود یاساغ و قەدەغەیە، درووست مانای ئەوەیە کە نەماننناسیوە، دواجار بەداوای لێبوردنەوە لەخوێنەران و ئەوانەی وێڵن بەدوای تیۆرەکانی ئەم فەیلەسووفە، ئەگەر نەمتوانیبێ مافی خۆی بدەمێ و تەواوی کەلێنەکان بگەڕێم.

**سکۆ محەمەد**

**سەرەتای مانگی ١/ ٢٠١٩**

# هێومانیزم لەفەلسەفەی مارکس

## حیکایەت لەتیۆرەوە بۆ پراکتیک

سەردەمانێك كە فكرو فەلسەفە كاری دەستەبژێربوو، كاری فەیلەسوفیش لەودیوو چوارچێوەی ترادیشنی كۆمەڵگەكان بوو، لەگەڵ ئاڵوگۆڕی قۆناغەكانی سیستمی حوكمرانی، كۆمەڵگە دەگۆڕاو سیستمی دەسەڵاتدارێتی و چەوسانەوەی مرۆڤیش لەدۆخێكەوە بۆ دۆخێكی تر بەپێی كواڵێتی جیاواز ئاڵوگۆڕی بەسەر دەهات، ئەگەرچی ئەو ئاڵوگۆڕانە لەسیاقی فەلسەفەدا كاریگەری خۆیان هەبوو، هێشتا نەزمی كۆمەڵایەتی پشت ئەستور بوو بەو گەرا كۆنەی كە لەڕابردوودا خستبووی، هێزێك كە لەتێگەیشتنێكی ئیدیالیستیانەوە، دژایەتی تێڕوانینە میتافیزیكیەكانی دەكرد، بەڕواڵەت هیچی وەهای لەوانی تر كەمتر نەبوو كە پێشتر بەگەڕخستنی گیانی ئیرادەگەریانە كە ڕێژیمەكان پیادەیان دەكرد، لەئایدیاكانی پێشوو مەعقولتر نەبوو، كاردانەوەشی لەدیاری كردنی ئەسناف و نەهێشتنی هەندێك ئیمتیازات بوو كە لەڕێگای ئاینزاكانەوە ڕەنگی دەدایەوە، سەرەنجام فەلسەفە هەر ئەوەندە بەنهێنی گەردوون و فەرهەنگەكان رادەگەیشت كە لەسنوری دەقە ئاینییە پیرۆز كراوەكاندا چارەسەری ئیشكالیاتەكانی مرۆڤ بكات، لەدوای هاتنی چەمكی جهانگەراییەوە و تێكەڵ بوون بە سیستم، ئەم هیومایزمە نوێیە لەرێگەی دەزگا ئابووری و كارگێڕییەكانیانەوە بەرگری لە ئینسان دەكات، لەلایەكی دیكەشەوە لەرووی تەندروستییەوە كە بە باجی ئینسانەكان خۆیانە ئەو بەرگرییە دەكات كە لەفۆڕمدا دیارە و لەجەوهەردا نادیار، چونكە ئەو جەنگەی دەیهەوێ هیومانیزم بەجیهانی بكات و هەژمونكاری دەسەڵاتی سیاسیی كاڵ بكاتەوە، بەردەوام بوونی ململانێی سیاسییە لەنێو ئابوری و بازاڕ كە ئینسان بووە بە كاڵا لەنێو ژیانی مەسرەفگەرایی بێ ناوەڕۆك.

ئەگەرچی پێشتر بانگەشە كردن بۆ هیومانیزم، بەشێك بووە لەو بیانووەی كە هەر فەیلەسووفێك لەوقۆناغەی تێیدا ژیاوە لۆژیكی بووە، بەڵام ئەو دابڕانە

ئەپستیمیەی کە لەحیکایەتە تیۆرییەکانی مارکسدا گوێبیستی دەبین و دەیخوێنینەوە، چونکە ئەگەر مرۆڤ بایەخی هەر بە خۆی داوە و ئەویش لە هەندێك حاڵەتی زۆر کەمدا کە بەجیاوازییەکانی ژیانی نێوان هەردوو چینەکە دیار دەکەوێت، بەڵام بەهیچ جۆرێك کەڵکی نە بۆخۆی و نە بۆ کائینەکانی تر هەبووە، لەکاتێکدا جگە لە سەرکوتکردنی خودی ئینسان بەدەستی ئینسان، ئاوڕی لەبەختەوەری خۆی و جیهانی دەرەوەی خۆی بدایەتەوە کە ئەمە دونیای ئاژەڵانیش دەگرێتەوە، ئەمە ئەو هیومانیزمەیە کە لەرێگای راگەیاندنی شۆڕشێکی سپیەوە جیهان بینی و لێکدانەوەی سەربەخۆی دەوێت، وەکو میشیل فۆکۆ باسی دەکات، سەبارەت بەو نایەکسانیی و ناعەدالەتییەی کە لەرۆژئاوا بەگشتی هەیە و دیارە، بۆیە باسی رۆژئاوا دەکەین، چونکە ئەوان گەیشتوونەتە لوتکەی ژیاندۆستی، کەچی مرۆڤ بەڕادەی مرۆڤبوونی خۆی رێزی لێناگیرێت و وەکو کاڵایەك لەرێگەی کوالیتی و بەکاربەری باش یان خراپ دەناسرێت، ئەمەش لەرێگەی هۆکارە ماتریالییەکانەوە سنوورێك بۆ بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دادەنێت کە چیتر ئینسان وەکو کاڵا تەماشا نەکات و سەنگ و پێوانە بۆ جیاوازی ئینسانەکان دانەنێت کە بێ رەوشتییەکی دیکەی ئینسانە دەرهەق بە ئینسان.

مارکس بەهۆی ئەوەی کە بوارێکی بۆ نەهێشترابووە وەکو شۆڕشگێر دەرنەکەوێ، بۆیە " ئەوپەڕی ئامانجی بۆ ململانێ ی شۆڕشگێڕانە، هەمیشە بریتییە لە ئازادکردنی مرۆڤ و دانانی ئاستێك بۆ چەوساندنەوە و گواستنەوە لە قۆناغی دیکتاتۆری پرۆبیتاریا، بۆ قۆناغی مرۆڤایەتی سۆسیالیستی بەرپا لەسەر رێزگرتن لە کەسی مرۆیی". (١). ئەو ئازادییەش، سەرەتا لەوێوە دەستپێدەکات کە مرۆڤ بزانێ بەهای خۆی چییە و بەهای ئاژەڵ و سرووشت و بەرووبوومەکەی چییە، نموونەیەکی تر لەوەی مارکس لەگەڵ ئەوەبووە کە فەلسەفە دەبێت لەگەڵمان بژی، بۆ ئەوەی بتوانین تەواو بیر لە ئیشکالیاتەکانی ژیان و کەلێنەکانی بیرکردنەوەی قوڵ بکەینەوە، لە دکتۆرانامەی کە لەسەر

ئەپیکۆڕی یۆنان و دیموکریتیك ە، لە لاپەڕە ٥٠ قسەیەکی ئەپیکۆڕس بە نموونە دەهێنێتەوە و کاری لەسەر کردووە، ئەو دەڵێ" ئیپیکۆڕس فێرمان دەکات نە نەوجەوانان دەبێ لە فێربوونی فەلسەفە دوا بکەون، نە دەبێ پیرەمێردەکان لەرووی تەمەنەوە وابزانن بەسەرچوونە و دەست لە فەلسەفە هەڵبگرن، چونکە هیچ کەسێك کاڵ نییە، هیچ کەسێك پێگەیو نییە بۆ بەدەستهێنانی تەندرووستی روح، بەڵام هەر کەسێك بڵێت هێشتا کاتی خۆ سەرقاڵکردن بە فەلسەفە نەهاتووە، یان کاتەکەی بەسەرچووە، ئەمە وەکو ئەو کەسە وایە، کە بانگەشەی ئەوە دەکات هێشتا کاتی بەختەوەری نەهاتووە، یان کاتی بەختەوەری بەسەرچووە". کەواتە لەلای مارکس فەلسەفە تەنها بۆ تیۆر نەبووە، بەڵکو بۆ پراکتیك کردن بووە لەژیاندا، بۆ ئەوەی بگەین بە بەختەوەری، ئەمەش تەنها شۆڕشگێڕێتی نەبووە، بەقەد ئەوەی چەمکێکی زانستی بووە کە هەڵگرانی فکری مرۆڤدۆستی کە گومان بۆ ژیان لەژێر سایەی سیاسەتی سیستمی سەرمایەداریدا نەهێڵێتەوە. هەر ئەمەش بووە کە دابڕانە فەلسەفییەکەی مارکس ئەوەبوو کە پراکتیکییە و تەنها بۆ تیۆر نییە.

بۆیە بەفەلسەفەی مارکس دەگوترێت فەلسەفەی پراکتیکی و بەفەلسەفەکانی دیکەی یۆنان و دواتریش فەلسەفەی ئاڵمانی کە لەکانت و هیگڵەوە دەستپێدەکات، ئەو نازناوەی بەرنەکەوتووە و بەفەلسەفەی وێناکردن و ئایدیالیستی ناسراوە.

ئەگەر تێڕوانینی فەیلەسوف و بیرمەندەکانی سەردەمی ئەسینا، تاهاتنی پێغەمبەرە یەك لەدوای یەکەکان، بریتی بووبن لەتێڕوانینی ئیدیالیستیانە، یان کەلێنێك لەفەزای بیرکردنەوەیان هەبووبێت، مارکس بەم تێڕوانینە جێگەی بۆ هیۆمانیزم فراوانتر کرد و بەشێکی زۆری لەفەلسەفەکەی بۆ بیرکردنەوە لەهیومانیزم تەرخان کرد کەجیاوازە لەفەلسەفەکانی تری پێش خۆی، ئیدی هەر لەچارەسەر کردنی کێشەی فەلسەفی نێوان ئایدیلیزم و ماتریالیزم لەرووی فیزیاییەوە و راستکردنەوەی وانەی مێژوو بۆ مرۆڤ کە دەسەڵات و سیستم

بناسێت وەكو خۆی وێنایان بكات و بیانخوێنێتەوە، هەروەها لە سەربەخۆیی ئافرەتـەوە تادەگاتـە لێكبـوردن و بزووتنـەوە ئـازادیخواز و گروپـە ئیتنییـە نەتەوەییەكان و بـواری گشتی و زانستگەرایی و مەسەلەی نەهێشتنی چینی سەردەست و ژێردەست چ لەبواری سیاسیی و نەتەوەیی و چ لەبواری ژیانی رۆژانە و كارگێڕی و هتد، هەر هەموو ئەمانە كۆمەكیان بەو تێزە كرد كە ماركس بۆ چەمكی هیومانیزم چنی بووی.

### دەوڵەت .. لەفەلسەفەوە بۆ سیستم

دەوڵـەت، زاراوە یـان چـەمكێكە لەفەرهـەنگی سیاسـیدا هـەم كلاسـیكە و بنەماكەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قەوارە و سەرزەمین هێـزو دەسـەڵاتە نـەریتخواز و كۆمەڵایەتیەی كە بەرلە قۆناغەكان هەبووە، ئەم زاراوەیە هەم دوای لەدایكبوونی فەلسـەفە هـەبووە كـەدواتر نوێكراوەتـەوە بەشـێوە عەقلانیەكـەی، هـەم وەكـی دەسەڵاتێكی ئاینی دیـاریكراو هـەبووە كـە دواتـر بـووە بەنـەریت و تائێسـتاش دەوڵـەت بـەناوی ئاینـەوە هەیـە و بەسـتایلێكی جیـاوازەوە شـەرعیەتی نێودەوڵەتیشی وەرگرتووە.

لەلایـەكی دیكـەوە زاراوەكـە واتـە (دەوڵـەت) وەكـو دامـەزراوەی نـوێ لـەدەرەوەی ویسـتی خوداكـانی كـۆن هـەبوون، ئـەو خودایانـەی لەسـەر زەمـین دەپەرستران كەئینسـان بـوون مانـای دەوڵـەتیان بـەو قەوارەیـە دەدا كـەخوداكان تێیدا دەسەڵات بوون، یان ویستێكی دیكەی ئینسان وەكو كردارێكی سرووشـتی هەبووە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی پێشتریش دەوڵـەت بـەناوی قەبیلـە و تـیرە و هـۆز، وەكی قەوارەیەك بەشێوەیەكی بچوكتر هەبوون، هەم وەكو پاراسـتنی بنەماڵـە و هەم وەكی پاسەوانیكردنی خەڵك و هاونیشتمانیان كە لاگیرییان لەو حوكمڕانیـە دەكرد كە دەسەڵاتیان لەچنگدا بوو، هـەم ئـاینخوزای و دروسـتكردنی كاریزمـا یان خودای سەر زەمین وەكی شێوازێكی جیاواز بـۆ بەسیسـتمكردنی كۆمەڵگـە بەشێكی دیكەی باسەكەیە، هەروەها دەوڵەتی سـەردەمی پۆسـت مۆدێرنـە كـە

کۆمپانیا و کەرتی تایبەت لەبری دەزگاکـان سەرپەرشـتی سیاسـەت و سـیادەی دەوڵەت دەکەن.

تائێرە ئەوەی پێناسەبوو کردمان بۆ دەوڵەت، تەنها ناسـاندن و بـەراوردکرنی فۆرمێکی کۆنی بەپەلەی قەوارەی دەوڵـەتی بـوو لەگـەڵ ئێسـتا، بـەڵام لـەڕووی تیۆرییەوە، زاراوەی دەوڵەت وەکـی چـەمك، لەبنەڕەتـدا بـە ئینگلیـزی (state) لەوشەی (stare) لاتینیەوە هاتووە بەمانا گشتییە کۆنەکەشی، بە واتای بونیـاد دێت، یان بونیاتنراو دێت کـە لـەدۆخێکی دیاریکراودایـە. بەڕوویـەکی دیکـەدا زاراوەکە بەئینگلیزی (static) دێت لێرەشدا بەواتای بێجولە، یان جێگیردێت کە بـەمانای کۆمەڵـە خـەڵکێك دێـت لەشـوێنێك جێگیربوونـە و قـەوارەی خۆیـان دەپارێزن و سیستمێك دادەمەزرێنن بۆ پیادەکردنی شێوەی ژیان و دامەزرانـدنی ژیانێك بەپێی پەیمانی کۆمەڵایەتی، لەروانگەی فکری چەپ و کۆمۆنیستیشـەوە وەکی ناوەڕۆك بەمانای دەسـەڵاتی خۆسـەپێن و ستەمکار دێـت کـە لەرێگـەی دەزگا شەرعیەکان و جومگەکانی وەکی سـوپا و دەزگـا ئەمنیەکانـەوە گوتـاری خـۆی لەرێگــەی دەســتوور و یاســادا دەســەپێنێ و لەرێگــەی دامودەزگــای سەرکوتکردنیشەوە وەکو پۆلیس و سوپا خۆی بەسـەر خەڵکدا دەسـەپێنێ، لـە رووی مۆدێرنەشەوە میکانیزمێکە بەدەست گروپێکـی سیاسـییەوە لەبەرامبـەر ئەوانی تر کە جۆرێکی دیکەی دووبارەکردنـەوەی ململانێیـە لـەڕووی سیسـتمی سیاسیی و فەرهەنگی و ئابوری و تەکنۆلۆژی و هتد.

هەر لەمبارەیـەوە سـەبارەت بەدەوڵـەت لەسـەردەمی درووسـتبوونی بلـۆکی سۆڤیەتدا بلیخانۆف بۆچوونی تایبەتی خۆی هـەبوو، ئـەو دەڵـێ " مـن لـەوەدا لەگەڵ (ڤاندێر ڤیلدا) کە بیرمەندێکی سیاسیی ئەو سەردەمەی سـۆڤیەت بـووە، کـۆکم کەدەشـێ وشـەی دەوڵـەت هـەم بەچـەمکێکی بەرتەسـك و هـەم فـراوان لێکبدرێتەوە، هەروەها لەوەشدا کۆکم کە (مارکس و ئەنگڵس) کاتێـك باسـیان لەناوچوون و نەمانی دەوڵەت کردووە، لە چوارچێوەی لێکدانەوەیەکی بەرتەسکی چەمکی دەوڵەتدا پشکدارییان کردووە، بەڵام ناکرێ لەم کارەیاندا تۆمـەتبارییان

بکەین، چونکە لەوکاتەی ئەواندا ئاخاوتن لەسەر دەوڵەت، بەواتا فراوانەکەی وشەکە، هێشتا وەختی ناهاتبوو، بەڵام تاکو ئەم کاتەی ئێستامان (مەبەست سەرەتای درووستبوونی سۆڤیەتی کۆنە) دەوڵەت هەر ئامرازی دەسەڵاتی چینێکە بەسەر ئەوانی دیکەدا، ئەرکی دەوڵەتیش وەك دەربڕو نوێنەری بەرژەوەندی یە گشتیە مەدەنییەکان، هەروەها وەك ڕێکخەرێکی گشتی، هێشتا ڕەنگ و ڕووی خۆی بەڕوونی نەکێشاوە و بەدیار نەخستووە، تەنها لەم ١٠ ساڵی دواییەدا نەبێت، بەڵام دەوڵەت وەکی ئەنجامێکی دژایەتی و نەیارێکی ناکۆکیە چینایەتیەکان، وەك ڕشتێك بۆ ترس و سامی سیاسیی، وەك ئامرازی زاڵبوون بەسەر چینێکی دیکەدا، کارو کردەی بەتاڵ دەبێتەوە بەسەر دەچێ، کاتێك دادێ کەچینەکان نامێنن و سنوورەکان دەسڕدرێنەوە و لەبەین دەچن، بەڵام دەوڵەت وەك شێوەیەك لەشێوەکانی ڕێکخستنی گەل و هاوڵاتیانی سەر گۆی زەوی لە ئایندەدا، هەر دەمێنێ، ئەمەشی دەخەمە سەر کە ڕۆڵی دەوڵەت وەك ئامانجێکی گەشەکردنی دۆزو و کێشە جهانیەکان، یان گەردوونیەکان و زیادبوونی ژمارەی گۆی زەوی، لەبن نەهاتنی بەروبووم و داهاتە زەمینیەکان، کەمبوونی وزە پاراستنی دارستانەکان و زەویە چێنراوەکان، پیسبوونی گۆی زەوی و ئاو هەواو، زۆرانبازی لەگەڵ کارەساتە سروشتیەکان و هتد. بەبەردەوامی لەگەشەسەندندایە". (٢).

ئەم بۆچوونەی بلیخانۆڤ لەسەر بنچینەی فکری مارکس لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە دەوڵەت لەبنەڕەتدا موڵکیەتی تایبەتە بەهەردوو مانای لۆژیکی و زەمەنی واتە کات، چونکە ئەو بە سیستماتیك کردنەی کۆمەڵگە لە چوارچێوەی دەستوور وەکی دایکی یاسا و کۆمەڵگە لەڕووی یاسا کۆمەڵایەتیەکان و ئابووری لە چوارچێوەی نەفعی گشتی بۆ تایبەت و هەروەها بەرهەمهێنان لەسەر بنیچینەی توانای تاك و خەڵك و دەستی کار، لەڕووی شارستانیەتەوە بۆ سیستمی دەوڵەت لە ر ابردوودا، مێژووییەکی لەپشتەوەیە کە چۆن ئەو موڵکیەتە تایبەتە سەریهەڵداوە، ئەمە لە شارستانیەتی ڕۆما و هیندیە

سوورەکان و ئاڵمانی کۆندا هەبووە کە سیستمی دەسەڵاتداریێتی قەبیلە بووە پێشتر، وەختێك ئەمە کە پێشتر رووبەکی سروشتی هەبوو خەڵك بەهۆی پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە مافەکانی دیاریدەکرا لەو سیستمە دەوڵەتییە و دواتر دەگۆڕێت بۆ ناسرووشتی، ئیدی پەیوەندییە لێکدابڕاوەکان کارێك دەکات کە ئینسانەکان لەجیاتی خزم و پەیوەندییەکانی دیکە، سەروکاریان لەگەڵ دەزگاکانی دەوڵەت بێت کە تەنها قازانجەکەی بۆ چینی باڵادەستی کۆمەڵگەیە کە بەناوی خاوەندارێتی دەوڵەتەوە مامەڵە لەتەك واقیعەکە دەکەن، کەواتە ئەو دەوڵەتە رۆژێك دادێت وەکو حەتمیەتی مێژوو خۆی لەبەین دەبات و لەگەڵ نەمانی چینێك بەسەر چینێکی تر و سەرکوتکردن و نەمانی سیستمی سەرمایەداری، ئیدی دەوڵەت نامێنیٚ وەکو سنوور و قەوارەی سیاسیی و ئابوری سەربەخۆ و هتد، رەنگە خەونێکی بەهەشتی بێت لەسەر زەمین، بەڵام ئێستا خەریکە وێنەیەکی وەها و فۆڕمێکی وەها دەبینین بەرووە سیاسیەکەی نەك دەستووری و یاسایی بەتایبەتی لە رۆژئاوا بەکەڵك وەرگرتن لە فەلسەفەی سۆسیالیزم هەرچی خۆشگوزەرانی هەیە فەراهەم کراوە، بۆ سیاسیی دەوڵەتی نەتەوەیی کە دواتر موناقەشەی ئەو چاپتەرە دەکەین، بەشێوەیەك لەشێوەکان نەماوە و دەوڵەت ئێستا لەگشتەوە بۆ گشتە، بەوپێیەی کە لەجیاتی ئەوە دەوڵەتی فرەیی لەکولتوور و ناسنامە و فەرهەنگ و نەتەوە و رەگەز و هتد هەیە، ئەرووپای رۆژئاوا، ئێستا لەو دۆخە سیاسیەدا دەژی و هیچ جیاوازیەکی بۆ رەنگ و نەتەوە و ئایین و مەزهەب و کولتوور و رەگەز و هتد نەهێشتۆتەوە، رەنگە ئەمە یەکێك بێت لەو کەڵك وەگرتنە لە فەلسەفەی مارکس لەلایەك، هەروەها مەترسی هاتنەپێشەوەی سەروەختێك بۆ سەرهەڵدانی جۆرێك لە شۆڕشی بەشەری بەسەر راسیزم و نازیزم و رەگەزپەرستی و ئایین پەرستی و نەتەوە پەرستی و هتد.

ئەم بۆچوونە لەکاتی خۆیدا لینین لەسیمینارێکدا باسی کردووە و گوتوویەتی " مارکس هەموو هەوڵەکانی بۆ پەروەردەکردنی چینی کرێکار ئەوەبوو سەبارەت

بەدەوڵەت و مەسەلەی شۆڕشی سۆسیالیستی تەنها بۆئەوەیە کە دانبنرێت بە بوونی پرۆلیتاریای و دیکتاتۆریەتی سیاسیی، چونکە ئەو دەسەڵاتە هیچ دابەشکارییەکی تێدانییە تەنها پشت بەهێزی جەماوەری چەکدار دەبەستێت، بۆرژوازیەتیش ناتوانێ رێگەیەکی دیکە دیاریبکات کە پرۆلیتاریا دەگۆڕێت بۆ چینێکی جێکەوتە کە دەتوانێ بۆرژوازیەت سەرکوت بکات، ئەم حەتمیەتەش لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە جەماوەری خەڵك و پرۆلیتاریا بۆ بەرگریکردن لەخۆیان و سیستمێکی ئابوری نوێیە، دواتر ئەو تێبینیەش هەیە کە ئەگەر پرۆلیتاریا دەوڵەتی وەکو نەهێشتنی سەرکوتکردن و رێکخستنەوەی ژیانی بێ چینەکان مامەڵە بکات، ئایا پرۆلیتاریا ئەو دەوڵەتەی بۆچییە کە بۆرژوازی دایمەزراندووە؟ ئەمەیە کە مارکس لەکاتی خۆیدا ساڵ ١٨٤٨_ ١٨٥١ موناقەشەی کردووە".

هەروەها دەڵێ " چۆن دەوڵەت لەمێژوودا سەریهەڵدا و بۆچی بۆرژوازیەت پێویستی بەدەوڵەت و سیادە هەیە، ئایا لەو شۆڕشانەی بۆرژوازیەت چ شتێك گۆڕا کە پرۆلیتاریا هەروەکو مەزلۆم نەمێنێتەوە، وەئایا وەزیفەی پرۆلیتاریا چی دەبێت لەنێو میکانیزمەکانی ئەو دەوڵەتەی بۆرژوازی سەرلەنەوێ بونیادی دەنێتەوە؟".(٣).

بەپێی قسەی مارکس بێت دەوڵەت دەسەڵاتێکی فەرزکراوی دەرەکیە بەسەر کۆمەڵگەوە، نەگشت بۆ گشت، هەروەها بیرۆکەیەکی بەرجەستەبووی ئەخلاقیش نییە، هەروەکو هیگڵ دەڵێ"دەوڵەت بەرهەمی کۆمەڵگەیەکە لەپلەیەکی دیاریکراوی پێشکەوتندا، لەلایەکی ترەوە دەوڵەت دانپیانانێکە بەتێوەگلان بە ناکۆکی و بەناتەباییەکی بێ چارەسەر، بۆیەش نەچارەسەر دەکرێ و نە لەتواناشدایە کەکۆتایی پێبێت، بۆئەوەی دەبێ بەردەوام ئەو ململانێیە بمێنێتەوە کەبەرژەوەندی ئابوری لەپشتەوەیە، ئەمەش یەکێکە لەپێویستیەکان کەدەسەڵات بۆ سەرووی کۆمەڵگە دروستی کردووە، بۆیە لەم کاتەدا دسەڵات ململانێکان

هێمن دەکاتەوە و بەسیستم چارەسەری دەکات، بۆیە هەتا بێت هەرچی زیاترە خۆی دەخاتە سەرووی دەوڵەتیشەوە".(٤).

لەگەڵ هاتنی سەردەمێکی نوێ، فۆڕمی دەوڵەتیش وەکوسیستم گۆڕا بۆ بارێکی تر کەتەنها فۆڕمی دەوڵەت و نەخشەی لە ئەتڵەسدا دەبینرێت و هیچی تر، ئەوەی ئێستا مۆدێلی دەوڵەتە زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ رابردوو کە هەموو کایەکان و دامەزراوەکان لەژێر سایەی سیاسەتی دەوڵەت بوون کە لە دەستووردا پێناسەکرابوون، بۆ نموونە پێشتر هەموو کۆمپانیاکان و هێزی بەرهەمهێن و پەیوەندیی بەرهەمهێنان و پێشکەوتن و تەنانەت پێشکەوتنی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و هتد، لەژێر سایەی دەسەڵاتی سیاسیی دەوڵەت بوون، بەڵام بەهاتنی ستایلێکی نوێ بۆ حکومڕانی و وەبەرهێنان لەدەرەوەی قەوارەی خاك و دەوڵەت، فۆڕمی خۆی جیاکردەوە، بەپێچەوانەوە دەوڵەت هیچ ئەرکێکی لەسەر نەما بۆ هاوڵاتیان جگە لەئەرکی سیاسیی، جگەلەوەش دەوڵەت کەوتە ژێر دەستی کۆمپانیاکانەوە، ئیدی کۆمپانیاکان لەبری دەوڵەت ژیانی کارگێڕی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و پێشکەوتن و پەروەردە و پێداویستی و کەرەستەی ژیان و هتد بەڕیوەدەبەن، ئەم ستایلە لەدەوڵەت لەدوای سەرهەڵدانی ژیانێکی نوێ ی سیاسیی هات کە دەوڵەت تەنها ئەو کەسانەن باج وەردەگرن و سیاسەتی وڵات بەڕێوەدەبەن، لەئاستی دەرەوە و لەهەر چوار ساڵ جارێکیش لەئەنجامی هەڵبژاردنی پارلەمانیدا، دەوڵەت تەنها دەموچاوەکانیان دەگۆڕێت و کارێکتەرو فەزا سیاسیەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، ئەگەرنا خاك و نەتەوەکان و زمان و فەرهەنگ و ئابوری و هتد وەکو خۆی دەمێنێتەوە جگە لەگۆڕینی سیستم یان فەزای سیاسیی، دەوڵەتیش لەجوگرافیای سیاسەت و فۆڕمە کۆمەڵایەتیەکەی خۆی دەمێنێتەوە.

فەلسەفەی نەزمی دەوڵەت کە لەسەردەمی ئەسیناوە بنچینەی داڕێژرابوو، لەوێوە ناونرا دەوڵەتشار، لەگەڵ گەشەی قۆناغەکان هەرچی زیاتر درێژەی کێشا لەرۆژئاوا بوو بەبونیاد و لەرۆژهەڵاتیش میسر کە هاوکاتی رۆژئاوابوو

سیستمێکی دیکەی بەرهەمهێنا و لەبواری هونەر و ئەدەبیش هەمان شێوە، ئەمە فاکتێك بوو کە دواجار زانرا، ململانێیەکی دیکەی نەزمی دەوڵەت بوو کە تاکو مێژووی کۆن و درێژەکێشانی بۆ مێژووی نوێ بایۆگرافیای کارێکتەرەکانیش لەنێو ئەو مێژووە لەدامەزراندنی بنەمای دەوڵەتی کۆن هەبوو، ئەوەش کە بەپێی فەلسەفەی ئەسینایی و هێنانە کایەی دەوڵەتشار و یاسا و تاکگەرایی قسەی لەسەر دەکرا، تەنها بونیادێك بوو بۆ یەکپارچەیی و ئۆرگانیکی دەوڵەت، ئەفلاتون جەختی لەسەر دابەش بوونی عەقڵ دەکردەوە کە لەپاسەوان و جەنگاوەر و کرێکار کۆدەبووەوە، "مارکس دوور لە هەست و سۆز و بەواقیعبینییەوە تەماشای دەوڵەتی دەکرد، روون و ئاشکرا بوو دەوڵەت دامەزراوەیەکی سیاسیی بێلایەن نییە، بە وردبینی و وەسوەسەوە مامەڵەیەکی یەکسان لەگەڵ هەموو گروپە ئەنتاگۆنیستە کۆمەلایەتیەکاندا بکات، دەوڵەت لە ململانێی نێوان کار و سەرمایەدار هەرگیز بێلایەن نەبوو، دەوڵەتەکان نەیاندەهێشت شۆڕشەکان دژ بە سیستمی خاوەندارێتی سەرهەڵبدەن و گەشە بکەن، ئەوان بە گشتی بەم هۆیەوە بوویان هەیە کە نەزمی کۆمەلایەتی بالادەست بپارێزن لە بەرامبەر ئەو کەسانەی دەیانەوێت بیگۆڕن".(٥). دەوەڵەت بەردەوام لایەنگرە و بێلایەن نییە لە ململانێکان، چونکە وەهمی پیلانگێڕی لە هەموخۆپیشاندان و رەوتە نارازییەکاندا دەبینێ، تەنانەت دەوڵەتی بە سیستم لیبڕالیش کە بڕوای بە مافی تاك هەیە، دیسان بێلایەن نییە و سەرکەوتنی سیستمەکەی بۆ ئەو هەموو میلیشیایانە دەبینێ کە ئەمنییەتی سەرمایە و مەترسییەکان دەپارێزن.

لەلای هیگڵ سەرهەڵدانی دەوڵەت دەرکەوتەیەك لەبەرهەمهێنانی سیستمی خوایەتییە لە جهانی کرداریدا, واتە لەدونیایەکدا پراکتیك کراوە, بەلام بەستایلێکی نوێ کە لەکەسێتی کاریزمی سیاسیدا کۆکراوەتەوە و تائێستاش ئەمە هەیە، کەواتە خودا لە زەینی ئینساندا هێزێکی ئامادەیە، کە بەزۆری بۆ سیستماتیك کردنی ژیانی گشتی و سەرەتای سروشتیە کە خۆی لەبنەڕەتدا

سیستماتیك كردنی خێزانە بۆ دروستكردنی دەوڵەت، بەڵام لەشوێنێكدا هەست بەبوونی ئەو زەینە ناكرێ، بۆ نموونە قەبیلەی تەتەرەكان و عەرەب لەلای هیگڵ نەتەوەی سێبەرن و جێگیر و سرووشتی نین، بۆیە بە پرنسیپێكی روحی حوكمیان بەسەردا دەكات و دەیانخاتە دەرەوەی مێژوو، هەر ئەوەی كە عەرەب گەشە ناكەن لەنێو مێژوودا و ئەوەی تریان هەر ناوی نەماوە و تەنها وەكو ناوێك بۆ گێرانەوە ماوە، ئەوەیە كەنەیانتوانیوە پلەیەك لەقۆناغەكان وەربگرن و ئەویتریان كە عەرەبە وەریناگرن لەنێو مێژوودا. عەقڵ شێوە پشتگیریەكی دەوڵەتە و بۆ بەرێوەبردنی سیستمەكەیە، ئەوانەش بەدەیان كۆت و بەندی وەكو زاڵ بوونی گوتاری ئایین و یاساكانن كە كاریگەرییان بەسەر ژیانی خەڵكی زەحمەتكێش و نەدار و چینی خوارەوە هەیە دادەمەزراند، بەپێی شیكاری ماكس ڤیبەر بۆ سیستمی حوكمڕانیەتی لەدەوڵەتدا پێیوایە مۆنۆپۆلی یە "پێشتر دەوڵەت بەچاوی تاقە داوەرێك تەماشای عەقڵ و فەلسەفەی دەكرد، چونكی وەك سازمانێك داوەری كرد كە مۆنۆپۆلی بەكارهێنانی دڕی لەشەكی، واتە جەستەیی بۆخۆی تەرخان كردبوو، بۆیە هەمیشە ویستوویەتی ئەم داوەرییە بكاتە دەستورو كۆنترۆڵی بكات" ماكس ڤیبەر ی ئاڵمانی، ١٨٦٤_١٩٢٠ كە بەبیرمەندی سۆسیۆ سیاسیی ناسراوە، یەكەم جار كە زاراوەی كاری كۆمەڵایەتی بۆ تاك بەكارهێنا، بڕوای تەواوی بەهەڵسوڕانی تاك هەبوو لەژیانی كۆمەڵایەتی و رەنگدانەوەی ئەو ژیانەش بەسەر چالاكیەكانیدا، چونكە هەلومەرجی ژیان، لەسایەی سیستمی چینایەتی، فەحشا، زەبرو زەنگ، فێڵ و كارە دزێوەكان تادەهات پەرەی دەسەند، لەوە بەهێز تر بوو كە فەلسەفە بتوانێ بەسانایی ئاراستەی فەرهەنگی كۆمەڵگە بگۆڕێت و لەسیاقێكی لەبارتر مەغزاكانی ویستی ئینسان ئیمكانی زیاتر پەیدا بكات.

مەبدەئی هێز لەسیستمی دامەزراوەیی دەوڵەتدا، سەرەتای بەكارهێنانی پایەیەكی پتەوی بنمیچی سیستمەكە و بۆ پاراستنیشی بەكارهێنانی توندوتیژییە لەرێگەی هێزە داپڵۆسێنەرەكانیەوە، هەر ئەو تێگەیشتنەش بوو كە

هەرسێ چەمكی (قودرەت) و (كۆنترۆڵ) و (ڕێكخستن) كە مەبەست لەرێكخستنی دامودەزگا و كۆمەڵگەیە لەسایەیدا، مانای دامەزراندنی قەوارەی دەوڵەتە لەبنچینەوە، بۆیە فەلسەفەی دژ بەو ستایلە لەدەوڵەت بەپێچەوانەی ئەو بیرۆكەیەی كە دەوڵەت لەرێگەی هێز و كۆنترۆڵەوە كارەكانی خۆی مەیسەر دەكات، هەر ئەمەشە كە چیرۆكی وەرگەرانی قۆناغەكان و مەترسییەكانی، رەنگدانەوەی نێگەتیڤی هەبووە، هەروەها جۆرێك دڵەڕاوكێی درووست كردبوو كە بۆ دۆزینەوەی هەقیقەت و عەدالەت پەنا ببەنە بەر ئیرادە، بەپێچەوانەوە كەرەستەكانی نەزمی دەسەڵاتی ئایین، رێگە خۆشكەرتر بوون بۆ چەقبەستنی ژیان لەشوێنی خۆیدا، ئەم مەبدەئە بۆ دەوڵەت شیكردنەوەی بۆ دامەزراوە و قەوارە و شێوەی خوداپەرستی رۆژئاوایی لەدوای رێنیسانس، بەڵام بەپێی ڤیبەر، لەرۆژهەڵات هێشتا كۆنترۆڵ لەچنگ دامودەزگای ئایینی و مەلا و موفتی و هتد ئیسلامییە تادەگاتە مەسەلەی بنەما یاسایەكانی دەستووریش كە دایكی یاسای دەوڵەتە و لەسەر ئەو یاسایە كارێكتەری سیاسیی تاكو هاوڵاتی ئاسایی ملكەچیەتی، ماركس لە كتێبی بەشدارییەك لە رەخنەی فەلسەفەی هەقی هیگڵ كە ساڵی ١٨٤٢ نووسیویەتی دەڵێ "لە پاشایەتیدا هەموو، واتە ریز دەبەستن و لەژێر تاكە شێوەیەكی تایبەت بۆ بوون كە دەستوری سیاسیی یە، بەڵام لە دیموكراسیەتدا دەستوور بۆ خۆی هۆكارێكی دیكەی چارەنووسە، بەو مانایەی كە دەستووری خودە بۆ گەل، لە پاشایەتیدا گەل بۆ دەستوورە، بەڵام لە دیموكراسیەتدا دەستوور بۆ گەلە، دیموكراسی لوغزێكی تێكەڵكێشراوە بۆ دەستوورەكان".(٦).

بەم مانایە بێت كە ماركس قسەی لەسەر دوو جۆر دەستووری جیاواز لە دوو سیستمدا كردووە، دەوڵەت هێشتا لەژێر سایەی بیرۆكەی ئایین و پیاوانی ئایینیدا ررزگاری نەبووە و ئیلهام لەو تێكستانە وەردەگرێ كە پێوەری ئەخلاقی و تەشریعی بۆ دەوڵەت دادەنێن، ئەگەرچی رۆژئاوا بەشی زۆری دەوڵەتەكانی بە سیستمی پاشایەتی یەوە ماوە، بەڵام فۆرمەكەی گۆڕیوە، دیموكراسیەتیش وەكو

پێویست دەوری خۆی گێڕاوە لە سیستمەکەدا، بەڵام هێشتا پاشایەتی بڕیاری یەکەم و دواهەمینە لەلای سیستمی کارگێڕی دەوڵەت، ئەوە بۆ چارەنووسی دەوڵەت لەهەر قەیرانێکدا کە رووبەڕووی دەبێتەوە، وەکو ئەوەی لە سەدەی ٢١ بینیمان هەموو رۆژئاوا دووچاری کێشەی ئابوری بووەوە، بەڵام چونکە سیستمی پاشایەتی رۆژئاوا چوونە نێو سیستمی سەرمایەداری و تێکەڵ بوون و سڵیان نەکردووە لەهاتنی دیموکراسیەت و کاریگەری لەسەر دەستوور، بۆیە کاریگەری نیگەتیفی نەکرد، هەر لەبەر ئەمەشە کە رۆژهەڵات ناتوانێ بچێتە نێو بازنەی سیستمە جیاوازەکانی سەرمایەداری و گەشە بکات چ لەڕووی کۆمەڵایەتی و چ لەرووی سیاسیی و چ لەرووی زانستی یەوە، رەنگە بەشێکی گەورەش لەم هۆکارە بێت کە مارکسیزم و شۆڕشی کۆمەڵایەتی نەتوانێ جێکەوتەبێت لەدونیای عەرەبی و ئیسلامیدا، لەمبارەیەوە کتێبێکی (ماکسیم رۆدنسۆن) هەیە بەناوی (الاسلام و الرسمالیە) کە پێیوایە هەرگیز رۆژهەڵات و ئیسلام بەتایبەتی، ناتوانێ ببێتە بەشێك لە دونیای سەرمایەداری، ئەم تێگەیشتنە ئەو مانایەی هەیە کە ئەم ناوچەیە کە ئیسلام بنچەی پێگە کۆمەڵایەتییەکەی گوندنیشینییە و نەچووەتە نێو سیستمی سەرمەیاداری لەلایەك، پشت بەستن بە گوتاری ئایینی زاڵ کە ئیسلامی توندڕەوە لەلایەکی تر، رەنگە هەر ئەمەش بێت کە ناوچەکە ناتوانێ پێشکەوتنی تەیکنۆلۆژیا بەدەست بهێنێت، هەروەها ناتوانێ رێگە بە توانا مرۆییەکان بدات گەشە بکەن و بچنە ریزی رۆژئاواییەکان کە هەموو قۆناغەکانی تێپەڕاندووەو ئێستا.

لەلایەکی دیکەوە هۆکاری یەکەم ئەوەیە کە خۆیان خاوەنی عەقڵی خۆیان نیین و رۆژئاوا بەپێی ویستی بەرژەوەندیەکانیان ئاراستەیان دەکەن، ئەگەر بەسەرمایەگوزاری و تەلار و کەرەستەکانی دیکەی راگەیاندن و کەرەستەکانی ژیانیش فۆرمێك نیشان بدەن کە سەرمایەدارن و سیستمی بانکی بەکاربهێن، بەڵام بەعەقڵ هێشتا لەپاشکۆن.

هۆکاری دووەمیش ئەوەیە کە گوتاری ئایینی زاڵە بەسەر ئەو عەقڵییەتەی کە دەوڵەت بەڕێوە دەبات و ناتوانێ لەو هەژموونە ئایینیە رزگاری بێت کە بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیشدا زاڵە. ئەوەی مەسەلەی ئیرادەشە کە پێشتر باسمان کرد، لەسەروەختی سەرهەڵدان و شۆڕشی کۆیلەکانەوە بگرە تادەگاتە شۆڕشی سەرمایەداری و شۆڕش بەسەر شۆڕشدا لەپێناو مانەوەی دەوڵەت، دیسان هەمان ئەو سیناریۆیانە دووبارە دەبنەوە کە چیرۆکەکانی مێژووی بەشەرییەت بۆی گێڕاوینەوە و هەمان ئەو دەسەڵاتە بەفۆڕمێکی تر دێتەوە کایە، هەروەك رۆسۆ دەرکی پێکردووە، ئەو کاتە کۆیلەکان دەرك بەناعەدالەتی دەکەن رادەپەڕن و شۆڕش دەکەن، مەرج نییە دەسەڵاتی عادل بێتە کایەوە و ئینسان لەمیحنەت رزگاری بێت، بەڵکو تەنها گۆڕانێکە لەسیستم و فۆڕمی حوکمڕانی و دەموچاوی ئاغاکان دەگۆڕێن، ئەمەش ئەو مانا و دەلالەتانە لەکۆیلە و هەژار و شۆڕشگێڕانەکان دەسەنێتەوە و تارادەیەکیش بێئومێد دەبن لەشۆڕش، ئەگەر بێتوو بەمانای سەربەستی تەواو تەماشای شۆڕش نەکرێت، ئایدیالی دیموکراسی هەمان ئەو مانایەی هەیە کە خەڵك ناچار دەکات هەم بەوەهم یەکتر قەبوڵ بکەن، هەم شێوەی خەباتی سیاسیی و حزبایەتی بگۆڕێ و هەم خەڵك ناچار بکات بۆ رزگاربوونێکی وەهمی بچنە بەردەم سندووقەکانی دەنگدان و جارێکی تر شەڕی سیاسیی لەسەر شانی ئەوان تەواو بێت و دەستەبژێرێکی تری مشەخۆر خۆیان لەسەر حیسابی عەقلیەتی مردووی ئەوان دەوڵەمەند بکەن.

بەپێی بۆچوونی (ریمۆن ئارون) بێت کە لەچاپتەرێکی کتێبەکەیدا قسە لەسەر دەوڵەت دەکات لەروانگەی مارکسەوە دەڵێ" کاتێك کە لەڕەوتی پەرەسەندنی کۆمەڵگەی مرۆیی هەموو ناکۆکیە چینایەتیەکان کاڵ دەبنەوە، بەیەکجارەکی بەرهەمهێنان لە دەستی کەسانێکی یەکگرتوودا تۆکمە دەبێت، دەسەڵاتی گشتی واتە (دەوڵەت) خەسڵەتی سیاسیی خۆی لەدەستدەدات، دەسەڵاتی گشتیش هەمان دەسەڵاتی رێکخراوەیی چینێکە بۆ چەوساندنەوەی چینێکی دیکە کەئەویش چینی کرێکارە، ئەگەرچینی کرێکار لەرێگەی شۆڕشەوە دەگۆڕێت

بەچینی دەسەڵات، بەمشێوەیە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی کۆن لەنێو دەبات، لەم حاڵەتەدا هاوکات لەگەڵ لەنێوبردنی سیستمی بەرهەمهێنانی کۆن، بارودۆخی مانەوەی دوژمنکارانەی چینەکانیش لەنێو دەبات، بۆیە لەم حاڵەتەدا چینەکان و لەئەنجامدا دەسەڵاتی تایبەتی کرێکار وەك چین لەنێو دەچێت، لەجیاتی کۆمەڵگەی بۆرژوازی کۆن و هەموو ناکۆکییە چینایەتیەکانی ئەو، یەکگرتوویەك پێدەهێنن کە لەودا وەکو مارکس لەمانیفێستی کۆمۆنسیتدا دەڵێ (ئازادی هەرکەسێك مەرجی ئازادی هەمووانە) بۆیە بەپێی مارکس بێت دەوڵەت وەکو دامەزراوەیەکی گشتگیر لەسیستمی سەرمایەداریدا کە هەمیشە خۆی نوێدەکاتەوە، لەسەر بنچینەی زاڵبوونی ململانێی چینایەتیدا دامەزراوە و سەرەنجام دەسەڵاتی بەدەست هێناوە؟، بەڵام مانەوەی لەوێدایە کە ناروخێت، هەمیشە لەخۆ نوێکردنەوەدایە و بۆ بڕواهێنان بەخەڵك و چینی کرێکار و هەژار و زەحمەتکێشیش، چاکسازی دەکات و منەتیان بەسەردا دەکات، بۆ ئەوەش هەمیشە بەلانسێك بکات، دەبێ دەوڵەت بکات بەداوەری عادل بۆ ئەوەی هەموو کەس لەژێر سایەی ئەو دەوڵەتە پەنا بۆ یاسا بەرن و هەر دەوڵەت بەمەرجەعی سەرەکی بزانن و بیر لەروخانی نەکەنەوە، هەڵبەتە لێرەدا مەسەلەی نیشتیمانیش وەکو موقەدەسێك راگرتووە بۆ ئەوەی هەموولایەك بەرگری لێبکەن و بیر لەهەر کێشە نانەوە و دوور کەوتنەوە لەو بیروباوەڕە نەکەنەوە کە ئینتیمای نیشتیمانی کاڵ دەکاتەوە و سیستمی دەوڵەت دەخاتە بەردەم مەترسییەوە، بۆیە هەمیشە باس لەدوژمنی دەوڵەت دەکرێت..

رۆسۆ ئەگەر چی لایەنگری دەوڵەت بوو لەسەر پایەی بنچینەیی بەشداری کردنی خەڵك لەدانانی یاسا و سیستم، بەڵام دیسان باس لەوە دەکات بەروخانی دەوڵەتێك و سەرهەڵدانی دەوڵەتێکی تر، سەربەستی هەرگیز بەدی نایات، بۆیە هەمیشە دوای سیناریۆکە، جارێکی تر ئینسان دەچنەوە ژێر سایەی یاساکانی دەوڵەت و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی و دەبنەوە کۆیلەی دەوڵەتێك کە تەنها رابەر و پیاوە سیاسییەکان لەسەر کورسیەکان لاچوون و پیاوانی تر هاتوون و

هیچی تر، خۆ ئەگەر بێتوو سیستمیش بەشێوەیەکی دیکەی یاسایی گۆڕا بۆ بارێکی تر و کەمێك لە خزمەت هەژار بوو، ئەوە هەم بەزەییی دەستەبژێرێکی ساختەچی سیاسییە و هەم کۆتایی نەهاتن و چاکسازیە لە خزمەت دەسەڵات و پایەکانی دەوڵەت کە بەرژەوەندی گشت ناپارێزێت و لە خزمەت بەرژەوەندی گروپێکی بازرگانی سیاسییە. ئەمەیە لوغز و سیحری دەوڵەت کە لەسەردەمی کۆنەوە تاکو ئێستا خۆی دووبارە دەکاتەوە بەفۆرمی جیاواز، مارکس رەخنەی لەم شێوە دەوڵەتە گرتووە کە دەوڵەتی گشت نییە و دەوڵەتی دەستەبژێرێکی سیاسییە کەسات و سەودا بەژیانی خەڵکەوە دەکات، هەم لەرووی پاراستنی قەوارەوە و هەم لەرووی ئایدیال و هەم لەرووی یاساوە بەناوی کولتوور و پاراستنی موڵکیەتەکانی دیکە کە موقەدەس کراوە لەلای خەڵك.

لەبنەمادا رێککاری سیاسیی بۆ رێککاری ئابوری دانابەزێت، رێککاری ئابوری و کۆمەڵایەتی بەهەر شێوەیەك بێت دیسان گرفتی سیاسیی بوونی دەبێت، چونکە سیاسەت بریتییە لەدەستنیشانکردنی دەسەڵاتدار، چۆنیەتی هەڵبژاردنی دەسەڵاتیش ستایلی پراکتیزەکردنی دەسەڵات و شێوازەکانی تر و پەیوەندی نێوان فەرمانبەران و دەسەڵاتدارانی ترن، بەهەمان رادە رێککاری سیاسەت بنەمای سەربەخۆییە کە رێککاری ئابوری سەربەخۆیە، ئەم دوو سیستمە لەگەڵ یەکتر هەمیشە لە کارلێکدان، چۆنیەتی رێکخستنی بەرهەمهێنان یان دابەشکردنی کۆسەرچاوەکان، کاریگەری لەسەر شێوازی چارەسەرکردنی گرفتەکانی بەرهەمهاتوی ئۆتۆریتە دادەنێت، بۆیە هەڵەیە وابیربکەینەوە کە ئەگەر وەبەرهێنان و سەرچاوەکان بەشێوەیەکی دیاریکراو رێکبخەین، گرفتی دەسەڵاتدارێتی و ململانێ سیاسییەکان چارەسەر دەبێت، ئەفسانەی دەوڵەت لەسەر ئەم بنەمایە بنیاتنراوە کە دەوڵەت تەنیا بۆ بەرهەمهێنان و دابەشکردنی سەرچاوەکان درووست بووە و کاتێك ئەم گرفتە چارەسەر بێت، پێویستی بەبوونی دەوڵەت واتە پێویستی بەدەسەڵاتدارێتی

تائەوکاتەی کە قسەی بیرمەندەکانی وەکو (ژۆن لۆك و قەشە ئۆگەستین) جێگایان دەبووە وە لەباەت سەربەخۆیی و کەمینەو مامەڵەی دەسەڵات لەگەڵ ئەو گروپانە، "لۆژیکی رێکخستنی کۆمەڵگە بەیاسا لەسەروەختی خۆیدا نموونە بوو، ئەم دۆخە بەردەوامی وەردەگرت تاگەیشتە سەدەکانی ناوەڕاست، تائەو کاتەی (رێنێ دیکارت و ژان ژاك رۆسۆ) لەسەدەکانی ناوەڕاست جۆرێك لەبەڵێنی یاسایی و ئەخلاقیان خولقاند لەنێوان دەوڵەت وەکو دامەزراوە و خەڵك و کۆمەڵگە وەکو بنەمای کۆمەڵگە و هەروەها (هیگڵ و فیورباخ) لەسەدەی هەژدەو نۆزدەهەم مۆدێلیکی تری نوێیان وەبەرهێنا کە دەوڵەت تەنها رێکخراوێکی سەربەخۆ نییە بەدەست گروپێکی سەربەخۆوە، بەڵکو دامەزراوەیەکە بەدەست تەواوی کۆمەڵگە، بەڵام ئەوەی کە هەم دەسەڵاتدارە کەمینەیە و هەم دەستەبژێرە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و دیبلۆماسیەت و کارگێڕی و تەنانەت سەربازیش، دەستەبژێرێکە یان ئەوەتا لەڕێگەی خەڵکەوە هەڵبژێردراون یان ئەوەتا خۆیان بەسەر خەڵکدا سەپاندووە" (٨). لەدوای ئەوانیش کەسانی وەکو (فۆریە و ئۆئن) بوون بەپێشەنگی خەڵك لەرۆژئاوا کە سیستمێکی جیاواز لەوانی پێشوتر پێشنیازکراو دوور بوو لە عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئەو سیستمەی یەکسانیخوازەی کە لەرێگەی فکر و خەیاڵەوە بیری لێدەکرایەوە ببێت بەسیستمێکی جیاواز و دونیا لەژێرکاریگەریدا قەناعەت بەو سیستمە بکات ژیان بەردەوام بێت، دواتریش (ئەنگڵس و مارکس) هاتن پێشکەوتنێکی گەورەتریان بەفەلسەفە بەخشی، ئەویش پێشنیارکردنی سیستمێکی سیاسیی و ئیداری و کۆمەڵایەتی سیاسیی بوو بۆ دەوڵەت کە ئینسان تێیدا دەسەنەخواری ئەویتر نەبێت و وەکو یەك بژین هەروەك ئەوەی کە لەمانیفێستۆی کۆمۆنیزمدا کە مارکس و ئەنگڵس نووسیان و مەترەح کرا و بوو بەبەرنامەی هەموو حزبە کۆمۆنیستیەکانی دونیا و ململانێ لەسەر ئەو بەرنامەیە بەردەوامی وەرگرت، بەڵام خراپ بەکارهێنانەکەی ئەوەبوو کە بوو

بەئیدیۆلۆژیای بێ فەلسەفەی مارکس بەمانا زانستی یەکەی، دور لەهەر سەفسەتە بازییەکی زمانەوانی.

لەهەردوو سەدەی هەژدەو نۆزدەی زاینییدا، خۆرئاوا کاریگەرییەکی لەرادەبەدەری گەشەو هەڵدانی پیشەسازی بەبارتەقای ئەوکات بەخۆیەوە بینی، بەمەش واقیعی ئابووری بنەما و هەلومەرجی کۆمەڵایەتیشی لەگەڵ خۆیدا گۆڕی بۆبارێکی تر، ئیتر تیۆریستە سۆسیالیستیەکان بۆخوێندنەوەی سیستمی دەوڵەت، خواستەکانی مرۆڤیان فۆرمۆڵە کرد و بەرەو ئاقارێکی تر تەوەرەی وەرگرت، بەومانایەی کە دەبێ هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی خەڵك بەگشتی و کرێکار بەتایبەتی چاکبکرێت، لەم نێوەندەدا مارکس جگە لەوەی کێشەی مەزهەبی بۆ درووست بوو، چونکە لەبنەماڵەیەکی یەهودی مەزهەب بوو، دواتر بوون بەمسیحی، بەمەش دەستی کرد بەخوێندنەوەی یاساکانی دەوڵەت، پاشان بەخوێندنەوەی مێژوو و فەلسەفە، هەروەها نووسینی کتێبێك بەناوی دەربارەی مەسەلەی یەهودی نووسی کە تێیدا باس لەشێوەیەك گوناح دەکات کە ئینسان بەناچار لەدایك دەبێت و دەبێ سەر بەو ئایینە بێت، پاشان جۆرێك لەنامۆبوون لەو کۆمەڵە بەرامبەر بەدونیای دەرەوەی ئەو کەسانەی کە سەر بەئاینێکن و کەمینەن، لەشوێنێك دەڵێ " بۆچی دەبێ لەولاتێکی وەکو پاریس بۆ نموونە کە کێشەی سەرکوتکردن هەیە بەرامبەر بە یەهودیەکان، کەچی چارەسەری مەسەلەی یەهودی نەکرێت لەرێگەی یاساوە، کە وەکو هەموان پلەیەکی کۆمەڵگە بن و جیانەکرێنەوە، چونکە ئەگەر بەیاسا بێت دەتوانن لە ئەرك و مافەکانیان تێبگەن و کاری پێبکەن، بۆیە دەوڵەت هەمیشە لەبەرامبەر یەهودیەکان بێ وەڵامن، بەڵام دەوڵەتی و کام دەوڵەت" (٩). مەسەلەکە لەبۆچوونی مارکسدا کێشە لەبوونی دین و نەبوونی نییە، تەنانەت لەوێش نییە کە دەوڵەت بەیاسا چارەسەر بکات کەئەمە لاوازترین داواکارییە لەدەوڵەت بکرێ، بەڵکو لەوێیە کە کێشەی ئایین لەگەل سیاسەت یەکلایی بکرێتەوە و نەمێنێ، تەنانەت لەدەستووری دەوڵەتیش بەراستەوخۆ و بێ

دڵـەراوکێ و تـرس باسـبکرێ، بۆیـە دەڵـێ " رزگـارکردنی ئـایین، رزگـارکردنی بەشەرییەتە لەسیاسەتدا".(١٠).

بەهەرحاڵ مارکس لەمڕاستاییەشدا دوای بیرکردنەوە لەکێشەکانی کۆمەڵگـە و بەتایبـەتی ئـایین، هیگـڵ لەرێگـەی کتێبـەوە دەناسـێت و دەکەوێتـە ژێـر کاریگەریەوە و دەبێتە چەپڕەوێکی هێگڵی، بـەڵام دواتـر بەداڕشتنی تیۆریـای ماتریالیزمی دیالکتیك پێچەوانەی هیگـڵ بیردەکاتـەوە، چـونکە فەلسـەفەکەی هیگڵ ئاڵۆز و سامدار بوو لەو کاتەدا سەبارەت بەنهێنی چارەسەرکردنی مەتەڵی بوونی مرۆڤ، بۆیە مارکس دەگەڕێتەوە بۆ پێشوو کـە رەخنەیـەکی شـیکاری لـە دیالکتیکی هیگڵ دەگرێت و تێکـەڵ بـەبیروباوەڕە سۆسیالیسـتیەکانی دەکـات، هەروەها هەڵسا بەفراوان کردنی فەلسـەفەی دیالیکتیـك، وەکـو لەدەستنووسـە فەلسەفیەکانیدا دەڵێ " فیورباخ بەشێوەیەك تەماشای یاسای (نە لـە نـە) واتـە (نەفی نەفی) دەکات، وەکو چەمکێکی مەلموس کە فکر لـەخودی خۆیـدا هەڵـە بەفکر دەکات"، هەرئەمە کارێکی وەها دەکـات کـە مـارکس تێزەکـەی بـەدوو قۆناغدا تێپەڕبکات.

**قۆناغی یەکـەم**. بەنووسـینەوەی کتێبـی (خانـەوادەی پـیرۆز) کـە لەسـاڵی ١٨٤٥ دەستی پێکرد، رەخنەیەکە لەفەلسەفەی یاسا لەلای هێگڵ و مەسـەلەی یـەهودی کـە ئیشـکالیاتێکی گـەورەی ئەودەمـە بـوو لەکۆمەڵگـەی خۆرئـاوادا سەبارەت بەمەزهـەب و ئـایینزایی، هـەروەها تـوانی کـەوتنی مـرۆڤ بسـەلمێنێ لەنێو دەزگا و پێکهاتـەی پایـەکانی موڵکداری تایبـەت کـە بەئاشـکرا لـەدای قۆناغی کۆچەری پەیدابوو.

**قۆنـــاغی دووەم**: بەنووســـینەوەی کتێبـــی (ئیـــدیۆلۆژیای ئـــەڵمانیا و مانیفێسـت) تادەگاتـە نووسـینەوەی (کلـۆڵی فەلسـەفە) کـە وەڵامدانـەوە و موناقەشەی تێزەکانی ئاغـا بـرۆدۆن بـوو لـەژێر ناونیشـانی فەلسـەفەی کلـۆڵی، بۆیـە لەنووسـینەوەی مانیفێسـتدا سـاڵی ١٨٤٨ لەگـەڵ ئـەنگلس ی هـاوڕێی خەباتی سیاسیی و فەلسەفیدا، بـاس لـەوە دەکـات کـە نوێخوازەکـان جگـە لـە

بوکەشووشە و قەرەقوزی سەماکەری کایەکانی دەسەڵاتی سەرمایەداری زیاتر هیچی تر نەبوون، هەروەها لەئیدیۆلۆژیای ئەڵمانیشدا مارکس ئەو هەلومەرجەی بیرکردنەوەی وەکو ئادەم سمیس و ریکاردۆ و بارنۆ و هتد قۆستەوە و قسەی لەسەر دەوڵەت کرد و خستیە نێو زبڵدانی مێژووەوە، چونکە دەوڵەت لەبیری مارکسدا کە تیۆریزەی کردووە، هەموو پایەکانی راگرتنی سەقفەکەی و ئۆرگانەکانی لەبری ئەوەی لە خزمەت ئینسان و هاوڵاتیدابن، دەبنە کەرەستەی سەرکوتکردنی ئینسان و ئینسان ناچار دەکەن لەرێگەی یاسا و بەڵینە کۆمەڵایەتیەکانەوە ملشۆڕ بێت و نەبێتە ئینسانێکی یاخی. ئادەم سمیس یەکێك بوو لەئابووریناسانەی کە توانی ینەمایەك بۆ سیستمی کار و داهات و دابەشکردنی کار و نرخ و بەهای کاڵا و نایەکسانی لە سیستمی سیاسیی ئابوریدا بدۆزێتەوە و هەستی پێبکات، ئەو لە کتێبی سامانی نەتەوەکان، پێی وایە نایەکسانی هەموو دونیا لە ئەوروپاوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە ئەرباب و نەجیبزادە و دەوڵەمەندەکان ئاگایان لە خەڵك و کارگەر و هەژار نشینەکان نییە، بەتایبەت بۆ بەدەستهێنانی کار و کڕینی کەلپەل و نرخیماڵ و نیشتەجێبوون کە قەرانێکی هەمیشەییە لەتەواوی شارەکانی ئەوروپا بەتایبەتی ئینگلتەرا و فەرانسە و سکۆتلاندا، ئەو باسی سەدەکانی ١٦ و ١٧ دەکات، کەچی ئەو نەسیحەتە سیاسیە ئابورییە، بۆ دەوڵەتمەدارانی سەدەی ١٨ کاریگەری نەبوو، ئەمە جگە لەوەی ئەو پێشبینی ئەوەی کردبوو کە بازرگان دەتوانن پشکیان هەبێت و پێشکەوتنی شار و دەوڵەت، بەوەی کە سامانیان زیاد بکەن، تاکو لەبەدەستهێنانی کاڵادا پێشبڕێکی یەکتر بکەن و لەوێوە دەوڵەت بەرەو پێش بکەوێت و خەڵك خۆشگوزەران بێت، مارکس لێرەوە رەخنەی لە ئادەم سمیس گرت، کە لەبری ئەوەی رەخنە لە دەوڵەت و سەرمایەدار بگرێت، رێگەیان پێنیشان دەدات کە هەرچی زیاتر دەست بە سامانیانەوە بگرن و بیپارێزن، ئەمە پارێزەرایەتی کردنە بۆ دەوڵەت و سەرمایەدار، نەك خوێندنەوە بۆ ژیانی گشت و یەکسانی بوون لەسایەی یەك

دەوڵەتدا کە خاوەنی دەستی کار و سامانی زەوی و خوری و ئاورێشم و ئاو و میتاڵ و کانە بەردەکان و ئاسن و هتد. ئەمە جگە لەوەی کە رەخنەی لەو تێڕوانینە گرت کە بۆ بەدەستهێنانی دەستی کار، واتە کرێکار بۆ کشتوکاڵ و جوتیاری و پەك نەخستنی کارگەکان، دەوڵەت دەبێ بیر لەوە بکاتەوە هاندان بەرەو پێکهێنانی خێزان بکات بە یەکێك لە سەرەتاییترین کارەکانی کە بەشێکی زۆری پەیوەندی بە هەقدەستەوە هەیە، لەکاتێکدا دەبوو هەستی بەوە بکردایە ئەو یەکسانییەی ئەو داوای دەکات سەرو قوونە، بەڵکو یەکسانی ئەوەیە سەرمایەگوزاری و خاوەن کار و مشەخۆرەکانی بەر سیاسەت، زیاترنین لەو هەژارانەی کە جومگەکانی ژیان بەڕێوەدەبەن و بەژیانێکی کەمیش قایلن.

**قۆناغی سێیەم:** بەنووسینەوەی کتێبی سەرمایە کە دواتر (ئەنگڵس) تەواوی دەکات و بەچاپی دەگەیێنێت بەناوی گۆندروریسە، بەشێکی تر لەئەرکی لەچاپدانی دەکەوێتە ئەستۆی کاوتسکی کە دواتر دەبێتە رابەری بزوتنەوەی کرێکاری و فەیلەسوفی سەردەم.

دوای تێپەڕبوونی چەندین سەدە بەسەر رێنیسانسدا، مارکس وەکو فەیلەسوف و هزرمەندی رەوتێکی فکری سەربەخۆ دەرکەوت و ئەنجامگیریەکی زانستیانەی کرد کە پێناسەیەکی نوێی بۆ هیومانیزم دۆزیەوە، ستایلێکی نوێ کە هەڵگری ئەو پێوەرە ئایدیالیانەبوو لەژێر کۆنترۆڵی ژێرخان و رەنگدانەوەی بەسەر سەرخانی کۆمەڵگەوە بونیادنراوە، ئیتر فەلسەفە لەسیاقێکی دیکەدا وەزیفەی گۆڕینی واقیعیی کۆمەڵایەتی وەرگرت، واقیعێك کە نائومێدی و نامۆبوون و بەشت کردن و بەکاڵابوونی مرۆڤ و تەماشاکردنی لەڕوانگەی ئاین و رەگەزو نەژاد و ناسنامە جۆربەجۆرەکاندا راگرتووە.

هەر ئەم چەمکە کە بەدرێژایی مێژوو لەفەلسەفەی دەوڵەتدا، شێوەیەك بوو لەچاودێری کردن و دیسپلین کردن و بەئامێرکردنی مرۆڤ لەناوەندە جیاجیاکانی کارو هەڵسوڕانی بەتەکنیك و کۆنترۆڵ کردنێك کەلە بری ئیرادەو باوەڕ بەخۆبوون، هەموو توانستەکانیشی لەخۆیدا نەفی دەکردەوە، لەبەرامبەریشدا بەلۆژیکی

قـەدەر وەڵامـی لایەنـە ئـابووری و كۆمـەڵایـەتی و فەرهـەنگی و هۆشـیاری یـە چینایەتیەكانی پێدەدرایەوە، پێناسەیەكی تری وەرگرت.

بەلەبەرچاوگرتنی ئـەم تێروانینـە ئیدیالیسـتیانە مـاركس ١٨١٨_ ١٨٨٣ رەخنـە تیۆریـە زانسـتیەكانی خـۆی ئاڕاسـتەی ئـەو لۆژیكـە كـرد و جهـانی تێگەیشتنیشی فراوانتركـرد، تائـەوكات لـەنێو بۆچوونە دژ بەیەكـەكان مایـەی سەرسوڕمان بـوو، بەتایبـەت فكـری هیگڵیـزم، ئـەویش وەك میتۆدێك گرفتـی هەرەسەرەكی ئەوەبوو كە گەشـەی سرووشـت و پەیوەندییـەكانی ئـەم چـەمكەی بەگەشـەی عـەقڵی بەمرۆڤـەوە دەبەسـت، بەمانایـەكی تـر مرۆڤـی بەسـەیرورەو ماهییەتی رۆحەوە گرێدەدا، هەربەم تێڕوانینەش تەماشای دیالیكتیك و مێژووی دەكرد كە لەلای هێگڵ فەلسەفە كوڕی زەمەنی خۆی بوو، كەچی لەلایەكی ترەوە دەڵێ "تاكە وانەیەك كە كەس لەمێژوو فێری نەبووە خودی مێژوو خۆیەتی. واتە ئەوانەی كارێكتەری نێو مێژوون و مێژوو دروست دەكەن، كەڵك لەو ئەزموون و وانانە نابینن كە بەر لـەخۆیان روویـداوە و بۆتـە چیرۆك و بەسـەرهات." ئەمـە لەكاتێكدایە كـە هیگـڵ بڕوایـەكی قـوڵی بـەلۆژیكی وابەسـتەیی و ئۆرگـانیكی هەبوو، هەرئەمەش بوو ماركس قەناعەتی كـردووە كـە مـرۆڤ نـاكرێ لەكۆمـەڵ دابڕێت كە ریتییە لەپەیوەندیی كۆمەڵایەتی و بەرهەمهێنانی شتومەك لەرێگەی هێزی كار و توانای كارەوە كە جیاوازییان هەیە" (١١).

تەماشا كردنی ماركس بۆ چـەمكی مێـژوو وەك ئـەزموون، هـەروەها وەكـو قۆناغ بەندی بۆ كەڵەكەكردنی ترادیشـنی كۆمەڵگـەكان، جگـە لەجیاوزایـەكانی تری وەك دیالێكتیكی كێشە رۆحیەكان سەبارەت بەتێزە فكری و فەلسەفییەكانی فیۆرباخ كە گرفتی سەرەكی ئیدیالیستی گرتبووە ئەستۆی خۆی، چونكە روحـی مێژوو هەر چۆنێك بێت ئینسان خۆیان دروستی دەكەن، ئەو هەموو كۆششانەی كراوە و ئێستا دەرەنجامەكەی دەبینین لەجهانی دەرەكیدا، خزمەتكردنی راستی و رەوایەتی بە قۆناغەكان، زۆرجار ئامانجـەكانی پێچـەوانە كردۆتـەوە كـە ویسـتی دەسەڵات بووە, یان بەپێچەوانەوە ویستی خەڵك بووە، هەردوو بارەكەدا پاڵنـەرە

مێژووییەکە مێشك و بیرکردنەوەی خەڵکن، ماتریالیزمی کۆنیش بەهۆی رووداوەکانەوە کە هەمووی تۆمار نەکراون وەکو خۆی، فێڵی لەخۆی کردووە، ئەمە بۆتە ئەو حەشارگەیەی کە لەنێو فەلسەفەشدا جێگەی هێزە پاڵنەرەکان نەبێتەوە وەکو رەخنەگرتن لەهەر وێناکردنێك کە خودی مێژوو بەئایدیۆلۆژیاوە گرێیداوە، کاتێك قسە دێتە سەر توێژینەوە لەسەر ئەو پنتانە، ئەو ئەو کارێکتەرانەی بە ئاگاییەوە بێت بەبێ ئاگایی، دەخرێتە نێو کۆنتێکستێکەوە و بەرگری لێدەکرێت، ئەویش ئەوەیە کە هیگڵ لەکاتی خۆیدا گوتوویەتی (مێژوو پاڵەوانی سەردەمی خۆی بووە و لەئایندەدا دادگایی ناکرێت) مەبەستی هیگڵ ئەوەبووە هەر کارێکتەرێکی چالاك و هەر دۆخێك بەپێی هەلومەرجەکەی خۆی دادگایی دەکرێت، نەك ئەوەی بکرێتە وانەیەك بۆ ئایندە کە مرۆڤ بۆخۆی لەسادەبوونەکەی پەشیمانە, وەکو کلیلی تێگەیشتن بۆ ناسینی واقیع، نموونەش مولْکدارییە لەهەموو هەل و مەرجێك و هەموو چالاکییەکی کارێکتەرە چالاکەکان وەکو یەکە و ماوە تائێستا، ئەمە سەرەتای مەحکەمەی ئەو مێژووەیە کە هیگڵ رێگەی لێگرتووە و مارکس جەخت لەوە دەکاتەوە بۆ ئەوەی بکرێت بە ئەزموون، مێژوو دەبێ دادگایی بکرێت.

پێشبینی کردن بوو بۆ چارەنوسی کۆمەڵگەکان و کێبەرکێی چینەکان لە مێژوودا، جگە لەگرفتی دیالیکتیکی کە دواتر بوو بەجێگای پرسیاری مارکس، پاشان رەخنەگرتن لە ئابووری سەرمایەداری.، دۆزینەوە و ئاشکراکردنی ئەو پاڵنەرانە بوو کەلایەنی رووکەشی بابەتە قلْپ دەکەنەوە، ئەو فاکتەرانەی ئیرادەی دەوڵەت لەدەست گروپێکی دیاری سیاسیی ستەمکار، بۆ نموونە گونجاندنی ژیان بۆ تێکۆشای رەوەندی میللی لەهەر شوێنێك بێت، فەزایەکی هێندە قورس نەبوو کە چەپێنرابوو تا ئێستاش چەپێنراوە، ئەو یاسایەی رۆمانییەکان بەوپەڕی وردەکارییەوە بۆ کۆلۆنیالیزەکردنی جوگرافیە دوورەکان بە یاسایەکی کلاسیکی،

یەکەمین هێزی فکری زاڵ بەسەر تواناکانی مرۆڤ به تاك و به کۆمەڵ له بوونی دەوڵەتدا خۆی دەنوێنیٚ، یان بۆ پاراستنی هەڕەشەکانی سەر بەرژەوەندی هاوبەشی خۆی له پەلاماره دەرەکییەکان، رەتکردنەوەی ئەم بابەته ئەگەر لەلای خەباتکارانەوه لەناو نەچووبێت، ئەوا بۆ مێژوونووسان بەهۆی بەرژەوەندیی تاکه کەسییەوه لەمێژه لەناو چووه، ئەم لەناوچوونه یەکسەر بووه به ئیدیۆلۆژیا، ئەمه باشترین سەلمێنەره که له سەدەی بیست دووباره بووەوه و ئێستا هەمان سیناریۆ هەیه و مێژوونووسی سەردەم هەمان کار دەکەن به فۆڕمێکی تر، چونکه ئیدیۆلۆژیا بنەمایەکی دیکەی ماتریاڵی وەرگرت، چونکه دەرکەوت ئەگەر پێشتر فکر یان ئایین ئیدیۆلۆژیا بووه و خەڵك پەیوەست بوون پێیەوە، ئێستا ئەو ماتریاڵەی دەستیان که بریتییه له بەرهەمی کاڵاکەی دەستیان، وەکو ئایفۆن و گالاکسی و ناونیشانی ماشێن و دیزاینی خانوو و جلوبەرگ و مارکەکان، شێوەیەکی سەردەمیانەی ئیدیۆلۆژیان، شۆڕشی گەورەی بۆرژوازی که هەنگاوێك ژیانی ئاسان تر کرد، بەڵام هەمان سیناریۆ به فۆڕمێکی تر دووباره دەکاتەوه ،مارکس بەمەش سەرەتا خوێندنەوەکانی لەچوارچێوەی دەقێکدا خستەڕوو، ئەویش (ماتریالیزمی دیالیکتیکی و ماتریالیزمی مێژوویی) بوو. جگه لەبەرهەمەکانی تری که لەسەرمایەداو له١٠ بەش پێکاتووەو کتێبەکانی دیکەی وەك (رەخنه لەبەرنامەی گۆته و ١٨ی برۆمیری لویس پۆناپارت و خەباتی چینایەتی لەفەرەنسا و بنەچەی خیزان و موڵکیەتی تایبەت و خێزانی پیرۆز و لەبارەی یەهودیەوه و لەبارەی نەتەوەییەوە). هتد. هەموو ئەمانەش بوون بەفەرهەنگێکی دەوڵەمەند بۆ فەیلەسوفان و هزرمەندانی رۆژئاوا که جەوهەری گووتارەکانی خۆیانیان پیٚ ئارایش دەکرد، هەروەها بەشێکی زۆر

لەفەزای فکری رەوتی بونیادگەریش لەسەر هەمان کولتوور و رۆشنبیری و فەلسەفە خۆیان دەوڵەمەند کرد کە پێیانوابوو رەخنەیان لەمارکس گرتووە و خراپیان بۆ چاك کردووە و خزمەتیان کردووە، بەڵام دواجار بۆیان دەرکەوت کە خودی ئەو فکرەی هەیان بوو بو خوێندنەوەی مارکس، دووچاری هەژاری هاتووە.

هەر بۆیە لەمپێناوەشدا قوتابخانەی فرانکفۆرت کە سەرەتاکەی لە ساڵی ۱۹۲۳ درروست بوو سەرەتا وەکو پەیمانگایەکی کۆمەڵناسی بوو، دوای ئاشکرابوونیان لەلایەن نازییەکانەوە، ساڵی ۱۹۳۳ کە هیتلەر گەیشت و بوو پیاوی خوێناوی ترین مێژوو، ئیدی دامەزرێنەرانی گروپەکە هەڵهاتن بۆ جنێف، دواتر ساڵی ۱۹۷۲ کە چەند ناوێك دەرکەوتن لەوانەش (لیوی ئالتۆسێر و والتەر بینیامین و هێربێرت مارکیۆز و ماکس هۆرکهایمەر و یۆرگن هابرماس و ئەریك فرۆم) پێکهاتبوون، ئەم گروپە بەهۆی دەرهاویشتەکانی جەنگی جهانی بەتایبەتی لەرۆژئاوا کە دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابوری و فەرهەنگی خولْقاندبوو، دەستیان کرد بەخوێندنەوەی جیاجیا هەم بۆ ئەوەی کە عەقڵ بەرهەمیهێنا کە جەنگ و ماڵوێرانی بوو، هەم بۆ کێشە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگە کە خەریك بوون کەڵەکە دەبوون، هەم بۆ دەستگا و جومگانەی کە دەوڵەت کۆنترۆڵی کردبوون و ئینسانی کردبوو بە رۆبۆت و بەشێك لە ئیدیۆلۆژیا، ئەمەش ئامانجەکە بریتیی بوو لە ئازاد کردنی ئینسان لەو هەموو رێگرییەی بەردەم ژیان، لەلایەکی ترەوە لەرووی فەلسەفییەوە خوێندنەوەیان بۆ دەقەکانی مارکس کرد، بەمەیلی ئەوەی مرۆڤ جارێکی تر نابێت وەك ئامێرێکی ئەپستراکتی ئیدیۆلۆژی مامەڵە لەتەك فەلسەفەدا بکات، بەپێچەوانەوە ئازادی تاکەکەسی لە فکرو نوێکردنەوە لە نێو کایەکانی دیکەی مەعریفەدا پەیڕەو بکات و بەتێڕوانینی نوێوە هەموو ئەو بۆچوون و ئاڕاستە فکریە نوێیەوە بەچەمکە عەقلانیەکەی ئاسۆیەکی رۆشنیان نەخستە بەرچاو کە هۆشیاری چینایەتی هیومانیزم لەرۆحی مرۆڤ خۆیدا نوێ بکاتەوە، کە (ئالتۆسێر و فرۆم) پێشەنگەکانیان بوون، ئالتۆسێر لەکتێبی

(خوێندنەوەی سەرمایە) و (ئەریك فرۆم) یش لە کتێبی (مرۆڤ لەروانگەی مارکس) هەمان بۆچوون و هەمان ئاراستەی بیرکردنەوەیان هەبووە، چونکە سەرەنجام ئالتۆسێر لە بنەچەدا رێچکە لەسەر زانینی سرووشتی کەلکەلەی مرۆڤایەتی بەستاوە، ئەویش بریتی بووە لە ئیدیۆلۆژیا کە ئەو هەوڵی داوە نوێی بکاتەوە، ئەمەش لە پێناوی دەرخستنی تایبەتمەندییەکانی دامەزراوەکانی دەوڵەت بووە کە رزگار بکرێت لە ئیدیۆلۆژیایی، چونکە بۆ مارکس ئەوەی کە زیاتر کاری لەسەر کردووە و رێگەی لە گەشەسەندنی گرتووە، ئایین و مۆراڵ و موڵکییەتی تایبەت بووە، ئەمانەش بەشێکی فراوان لە پانتایی ئیدیۆلۆژی سیاسیی و ئۆرگانەکانی دەوڵەت داگیر دەکەن، چونکە هەریەك لە مۆراڵ و ئایین و دەبن بە هەقیقەتی نەگۆڕ لە پێگەی کۆمەڵایەتییدا و دەبێتە فەرهەنگی گشتی، لێرەوە دەردەکەوێ کە چۆن ئیدیۆلۆژیا دەچێتە سەر پێی خۆی و پەیوەندی بەدەستهاتووی خەڵك کە بە جهانە تایبەتەکەیەوە دیارە و ئەم پەیوەندییەش هەستەکی و ساکار دەرناکەوێ، مەگەر بەمەرجی ئەوەی ئاڵۆز بێت، هەروەك ئەوەی لە دەوڵەتە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکانی وەکو فاتیکان و جمهوری ئیسلامی ئێران و سعودییە و تورکیا دەردەکەوێ، ئەمەش گورزێکی کوشندە لە ململانێ چینایەتییەکان دەدات و کۆمەڵگە دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی ئیدیۆلۆژیای بالادەست کە دەوڵەت کەڵکی لێوەردەگرێت.

ئەگەرچی دەوڵەت بۆخۆی چەمکێکی سەربەخۆیە و پێناسەکەمان لەسەرەوە کرد، بەڵام سەرباری ئەوەی کە ویستی گشتییە، مانایەکی دیکەی وەرگرتووە کە بریتیە لەبەرژەوەندی پاراستنی چینێك کە بۆرژوازیە و هەر بۆ ئەوانیش ژیان فەراهەم بووە " بەپێی چەمکە هیگڵیەکە بێت سەبارەت بەدەوڵەت پەیوەندیی بەسەردەمانێکەوە هەیە کە گەشەکردن و پەرەسەندنی بۆرژوازی بەشێوەیەکی نادیاریکراو دەردەکەوت و لەئەنجامدا، لافلێدانی چییەتی ئاکاری و جیهانگرەوە بۆ دەوڵەتی بۆرژوازی لەژێر ئەم بەیداخەدا فەراهەمدەبێت، لەکۆتاییشدا رۆژێك هەموو جهان دەبێتە بۆرژوازی، بەڵام لەراستیدا تەنها

چـینێك دەتوانێـت دەوڵـەتێكی ئاكـاری بخولْقێنێـت كـە لـەناوبردنی خـۆی و دەوڵەتی وەك ئامانج بۆ خۆی لەبەرچاوگرتبێت، بەكورتی تـەنها چـینێكی وەهـا دەتوانێت دەوڵـەتێكی وەهـا بخولْقێنێـت، بەمـەش كۆتـایی بەدووبـەرەكی نێـو هەژاران بهێنێت و ئۆرگـانیزمێكی كۆمەڵایـەتی وا پێكبهێنێـت كـە لەیـەكێتی تەكنیكی ئاكاری بەهرەمەند بێت".(١٢).

بیری سیاسـیی كـۆن بـەو ئاڕاسـتەیە لەچـەمكی دەوڵـەت تێگەیشـتبوو كـە كارێكی سرووشتیە یان ویستێكە خوداوەنـدەكان گەرەكیانـە و لەوێشـەوە بـەرەو دەسـەڵات، بیرۆكـەی دەوڵـەتی خسـتە زەینـی ئـەو قەوارانـەی كـە هێشـتا جوگرافیایەكیان نەبوو بۆ پاراسـتنی شـوناس، دواجـار ئـەم بیرۆكەیـە لەرێگـەی تیۆری سیاسیەوە بەرجەستە بوو و پاشان بوو بە مۆدێلی پاراستنی بەرژەوەنـدی كۆمپانیا زەبەلاحەكان، لەمبارەیەوە بیروڕایەكی تۆماس هۆبز (١٥٨٨_ ١٦٧٩ ز) هەیە كە بەرەهادانانی ویست و حەز و ئارەزوو باسی لە دەوڵەت كردووە، ئەو دەڵێ دەوڵەت لەسەر بنەمای (شەڕی گشتە لەدژی گشت) كـە پێشـتر قسـەمان لەبارەیەوە كرد، ئەو لەبارەی زەرووڕەتی بوونی دەوڵەتەوە، باس لەوە دەكات كە دەوڵەت لەسەر شـەڕی هـەموان دژ بەهـەموو دادەمـەزرێت كـە توانـای تاكێـك بەتوانای عـەقڵی ئەو تاكەوە پڕدەبێتەوە، لەلایەكی ترەوە هۆبز مافی سرووشـتی مرۆڤ، بۆ ئـەوە پـاڵ پێـوەدەنێ كـە بـاری سرووشـتی جێبهێڵـێ و بچـێتەوە ژێـر دەسەڵاتی هاوبەش، یاخود یەك دەسەڵاتی حوكمڕان و بەناچار پـەیمان ببەسـتێت لەئەنجامیشدا ئـەو تاكـە كـە لەكۆمەڵگایـەكی سیاسـیدا ژیـان بەسـەر دەبـات، لەوێشەوە بۆ پاراستنی شوناسی قەوارەكەی، هەر بۆیە لە سـەریەتی لـە ئەركـدا تائەو جێگەیە كە دەسەڵات فەرمانڕەوایی دەكات، پەیڕەوی لە سیسـتم بكـات، بەڵام ئایا دەكرێ ئەوەی كە پەیمانی داوە بەدەسـەڵات، ملكەچـی ئـەو سیسـتمە بێت وەكـو جـۆرە گواسـتنەوەیەكی مـاف بەگرێبەسـتی سیاسـیەوە، لـە ئاسـتی دەستەبژێری سیاسیشدا بەجێگەیاندنی ئەو مەبەستە سیاسیەی كـە خـەباتی بـۆ

کراوە، بەتایبەتی ئەو نەتوانەی کە تاکو سەدەی ٢٠ یش خاوەنی شوناسی دەوڵەتی نەبوونە.

دەوڵەت جگە لەو بونیادەی کە لەڕووی ئابوری و جیۆسیاسیی و ستراتیژەوە کە دەبێ هەیبێت، ئامادەسازی دەویَ لەرووی بەشەریەوە، ئایا ئامادەی ئەو ئاستەنگانەیە کە دێنە بەردەم قۆناغە سیاسیەکەی؟، ئایا دەتوانیَ لەگەڵ گروپی سیاسیی کە ژیانیان لەگەڵ خەڵکی عەوام جیاوازە قبولَ بکریَ؟، ئایا ئەو هێزە کۆمەلایەتی یە هۆشیارە ئامادەیە کە پێشوازی لەو قۆناغە بکات؟. ئەم پرسیارگەلە بۆ ئەو قەوارە سیاسیانە دەکریَ کە دەوڵەت نین و وەکو دیفاکتۆیەك مامەڵەیان لەتەك دەکریَ، لەوانەش قوبرس و فەلەستین و کەتەلۆنیا و سکۆتلەندا و هەرێمی کوردستان، هەڵبەت ئەم دیفاکتۆیانە تەنها نەتەوەیەکیان تێدانییە، بەلاَم ناسنامەکەیان بەناوی نەتەوەیەکی دیاریکراوەوە لەرووی سیاسیەوە ناوبانگی رۆیشتووە، هەر ئەمەشە ئێستا بیر لە دەوڵەتی سەربەخۆی دەکرێتەوە، بەلاَم سەرەنجام دامودەزگایەکی سەرکوتکەرە بەدەستی گروپێکی سیاسیی و بازرگان و خاوەن کۆمپانیاوە.

هەموو ئەو دیفاکتۆیانەی دیکە کەناومان هێنان یەك پارچەن و یەك دەسەلاَت بەسەریانەوەیە و کێشەیان لەگەڵ یەك سیاسەت و یەك دەوڵەتی داگیرکەر هەیە بۆیە کێشەکەیان ئاسانتر رۆیشتووە وەکو ناسنامە و مەسەلەی یەکلایی بونەوەی ئەو ولاَتانەش کە بەچەك ئاگر و ئاسن ئەو کێشانە چارەسەر نابن و بەرێگەی دەستوور مافی دەنگدانیان هەیە لەریفراندۆمێکدا سەربەخۆیی وەرگرن یان بمێننەوە، هەروەك ئەوەی لە سکۆتلەندا بینیمان، بۆیە لەهەموویان جیاوازتر نەتەوەی کوردە کە تەنها پارچەیەکی دیاریکراوی نییە بەدەست دەسەلاَتێکی سەرکەوتکەر و نەتەوەیەکی دیکەی غەیرە خۆیەوە هەبێت و کۆمەڵگەیەکی دابڕاوبێت لێی لەروی جوگرافی و کۆمەلاَیەتی و کولتوری و هتد. بەڵکو زیاتر لەپارچەیەك و زیاتر لەدەوڵەت و هێز و گروپێکی کۆمەلاَیەتی رووبەڕوی دەبێتەوە و

کێشەکەی کردووە بە گرێکوێرە، ئەمە جگەلەوەی نائامادەگی خەڵکی کورد و ئەوانەی لەگەڵ کورد دەژین بۆ ئەو گێروگازە سیاسیی و ئابوریەی چاوەڕێی دەکات، ساز نەکراوە. چونکە لەروی جیۆستراتیژیەوە یەکلایی نەبۆتەوە چۆن و بەچ میکانیزمێك مامەڵە لەگەڵ گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و کولتووره جیاوازەکان و سنووره جیاوازەکان و دەوڵەتەکان بکات.

## مرۆڤی مارکس... مرۆڤی فرۆم

بەلای مارکسەوە مرۆڤ بونەوەرێکی کارا و سەرمایەیەکی گەورەیە، نەمریشی وەك هێزێکی بەرهەمهینەر لەئامێرەکانی بەرهەمهێناندایە، بۆیە ئەرکی ئەم مرۆڤە لەژیاندا ئەوەیە کە دەسەڵاتەکان تێکبشکێنیێ و بەهاکان بگەڕێنێتەوە شوێنی خۆی کە سەرمایەداری هەموو بەهاکانی لەسەرمایەدا کۆکردۆتەوە، هەروەك بەکاڵا کردنی مرۆڤ لەبازاڕەکانی خۆیدا دەبینرێت، ئەمەش ئەو هۆشیاریە چینایەتیەیە کە مارکس مرۆڤی پیێ ئاگادار دەکاتەوە بۆ نەهێشتنی جیاوازی و دەستەبەرکردنی بەهەشتێك بۆ ئینسان خۆی . .. هتد

(ئەریك فرۆم) لەکتێبی بەناوی ژیانەوە. بۆچوونی وایە کە رووبەروبوونەوە پێویستی بەباوەڕو هاندەرێکی دەرونی هەیە، چونکە فرۆم بۆخۆی لەژێر کاریگەری فرۆید بووە، بەوپێیەی کە دەبێ فکرێکی رەخنەگرانە هەبێ لەژیانی سیاسیماندا کە مارکسیزم پێی لەسەر دادەگریێ، فرۆم لەو کتێبەدا و لەکتێبەکانی دیکەدا وەك (ئایین و شیکردنەوەی دەروونی) و (هونەری خۆشەویستی) ئیدیالستیانە و روحیانەوە تەماشای مرۆڤ دەکات، **بەڵام لەکتێبی (مرۆڤ لەروانگەی مارکسەوە) دەیەوێ خۆی لەو ئیشکالیاتە فکری یە رزگار بکات. کەچی توشی بەدحاڵی بوون دێت، رەنگە هەمان ئەو تێزە بێت کە (دۆهرینگ و ئالتۆسێر) کاریان پێکرد. رەهەندی مێژوویی ئەم تێزە تادەگاتە لایەنە ئابوریەکان و تیۆری دیالیکتیکی کە لەسرووشتی خودی مرۆڤدا هەیە دەتوانێ برِ بکات، بەڵام قودرەتی سەرمایە هەیبەتی بەشێکی زۆری ئەو**

**بەهایانە کاڵ دەکاتەوە، سەلماندنی ئەم بۆچوونەش لەوێدا دەردەکەوێت کە مرۆڤ لەبەرامبەر سەرمایەدا دووچاری چ جۆرە ژیانێکی سایکۆلۆژی ناسرووشتی دەبێت.**

لێرەوە مارکس بانگەوازی ئەوەی کردووە کە پێویستی چارەنووس و ماف و قەدەر و ئەفرێنەر جهانییە، بەڵام کرۆکی ئەم پێویستییە دژە جوڵەیە و پاڵنەری ماتریالی هەیە نەك ئیدیالیستی و خۆ بەدەستەوەدان، نابێ تێگەیشتن لە سنوورێکدا قەتیس بکرێ، چونکە تێگەیشتن وەکو فانتازیا بێ سنوورە، شتی ئەپستراکتیش پابەندی ئۆبژێکت نییە، بەڵکو پابەندی ئەو خودەیە کە شتەکە روون دەکاتەوە و مومکینی دەکات، مرۆڤ هەستی کردووە کە بایەخپێدان هۆکاری هەیە، تەنها بۆ هێورکردنەوەی ئەو بانگەشەیەیە کە کە بوێری حوکم بەسەر سۆبژێکتدا دەدات، نەك رێکەوت، واتە رێگەپێدان بە شتی شیاو، بۆیە هەمیشە لەژیانی ئەزموونکردن و خۆ ئەزموونکردندایە، کە ئەمە شتی شیاو بۆ شوێنی شیاو دادەنێت.

## مرۆڤ لەرەهەندە مێژووییەکاندا

مرۆڤ ئەو دەسەڵاتەیە کە دەتوانی مێژوو بەقسە بێنێ، هەروەك چۆن دەتوانێ چیرۆکەکانی مێژوو بیخوێنێتەوە و کەڵکیان لێوەربگرێ، ئاوهاش دەتوانێ پشتی پەردەی چیرۆکەکان ئاشکرا بکات، بەڵام دەسەڵاتی سیاسیی کاتێك مێژوو لەرووی زانستیەوە دەخوێنێتەوە، ئەوا مانای ئەوەیە پشتگوێ خستنی خودی ئەو مێژووەیە کە لەئەنجامی جوڵەی کۆمەڵگەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، تەنانەت چەمکی (ئەنتۆلۆژیا) کە گرنگترین داخوازی و لایەنی مێژوویی مرۆڤە، سیستمی سەرمایەداریش بەپشت بەستن بەتیۆری زانستی مێژوویی ئەم چەمکە رەتدەکاتەوە و دەقیکی ترمان دەداتی کە شێواندنی کێبەرکێی مێژووی راستەقینەیە.

ئەم چەمکە بۆ مرۆڤ، هێزێکە بۆ بەدەستهێنانی باوەڕ بەخۆبوون و مامەڵەکردن بەعەقڵ و ویستی بەرژەوەندییە گشتیەکان. مێژووش رەهەندێکی

زیاتری هەیە لەوەی بەسەدەكانی ناوەڕاست و رابردوویەكی نزیكەوە گرێبدرێ، نەخوازە تاسەدەی نۆزدەهەم كە رۆژئاواییەكان بۆ سەلماندنی بوونی خۆیان لەبەرامبەر مێژووی كۆن و یۆنان و میسرییە كۆنەكان بەرهەمیان هێناوە، هەر وەك ئەریك فرۆم لەكتێبی (مرۆڤ لەروانگەی ماركسەوە) دەڵێ" باوەڕ بەخۆبوون هەر خۆی یەكێكە لەتایبەتمەندیەكانی عەقڵی ماركسی و پێشتریش هەر لەكۆتایی سەدە ناوەنجیەكانەوە تادەگاتە سەدەی نۆزدەهەم یەكێك بووە لەتایبەتمەندیەكانی شێوازی بیركردنەوەی رۆژئاوایی كە لەمرۆڤدا شتێكی زۆر دەگمەنە و بەرچاو ناكەوێ " (١٣). هەر بۆیە ماركس دكتۆراكەی بۆ خوێندنەوە و رەخنەگرتن لە فەلسەفەی ئەپیكۆرس تەرخان كردووە و لەزۆر شوێنیش بەكەڵكی هاتووە، وەكو ئەوەی ئینسان دەبێ پشت بە خۆی و ئیرادەی خۆی ببەستێت و زۆر لە چەمكی مامۆستایەتی نەكۆڵێتەوە و چاوی لەدەستی ئەویتر نەبێ، خۆی خۆی پێ بگەێنێت، هەروەكو یۆنانیەكان و میسریەكان وایان كرد لەبارەی فەلەكناسی و فیزیا و ماتماتیك و بزیشكی و ئەندازەیی و هتد، تەلارسازی و ئەهرامەكانی میسر و دیواربەندییەكیانی یۆنان سەلماندویەتی ئەوان تەنها خۆیان بوونە.

ئەگەرچی هەر جۆرە شیكردنەوەیەك بۆ سەرمایە بەتایبەتی بەشی یەكەمی كە مرۆناسیە لەگۆشە نیگایەكی كورت رەهەندیەوە كە بەشێك لەبۆچوونەكانی فرۆم پێكدێنێ، **شێواندنی بیری ئینتەرناسیۆنالیستی ماركسە وەك بیرمەند و فەیلەسوفێكی رۆژئاوایی، بەومانایەی كە مادام ماركس رۆژئاواییە ئیدی ئەم گەورەییە بۆ رۆژئاواییەكان بگەڕێتەوە، چونكە پێش ماركس ئەم بیركردنەوەیە نەبووە، ئەم بۆچوونە یەك دیدی ئەریك فرۆم دەسەلمێنێ بۆ تێگەیشتن لەتیكستەكانی فەلسەفەی ماركس، چونكە ماركس بۆخۆی پێیوایە هۆشیاری مرۆڤ خۆی بەدەستی هێناوە و زادەی عەقڵە، بەو پێیەی كە بونەوەرێكی كۆمەڵایەتیە و پێكهاتەی خێزانی جیاوازی هەڵبژاردووە كە لەكولتووری كۆمەڵگە جیاجیاكاندا دۆزراوەتەوە كە تائێستاش هەندێك لەو كولتوورانە دەستی پێوە دەگیرێت.**

راستە بەشێك لەو بیرکردنەوانەی کە بۆ تاکگەرایی و ئازادی تاك دەکرا لەسەر دەستی چەند بیرمەندێکی رۆژئاوا هاتە ئاراوە، بەڵام مانای ئەوەنییە تەنها لە رۆژئاوادا ئینسان بیری لە ئازادی تاك کردبێتەوە. نموونەش ئەوەیە دەستنیشانکردنی کیشوەرێك یان وڵاتێکی دیاری کراو نەکراوە بەتەنها، ژیانی دوور لەستەم و چەوسانەوە داواکاری سەرجەم کۆمەڵگەکان بووە لەمێژوودا. مەعریفەش کۆمابوونی کولتوری هەموو گەلانە بەبێ جیاوازی، لەوەش واوەتر هەموو ئەو چیرۆکانەی کە بەشێکیان ئەفسانەیە، ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە هەوڵی ئینسان بۆ سەربەستی و تاکایەتی و وەرگەڕانی سیستمێك بۆ سیستمێکی تر کە شۆڕشی بۆ کراوە و هەندێکجار تێکەڵ بەوەهمی ئەفسانەیی کراوە، تەروادەی یۆنان و سیزیف و ئەوانی دیکە باشترین سەلمێنەرن کە تەنها لەرۆژائاوا هەوڵی جددی نەبووە، بەڵکو مێژووی باس لە رۆژهەڵات دەکات کە پشکی هەرە گەورەی بەردەکەوێت لەململانێی هێز و فکر و تەنانەت ئایدیالی جیاواز لەژێر کاریگەری و پەردەی ئاینی، لەوەش دوورتر ئامریکای لاتینە بەر لە نغرۆبوون و دۆزینەوەی لەلایەن کۆڵۆمبس ەوە، ئەوان بەر لە مێژوو ژیانێکی موستەحەقیان بۆ خۆیان بە شایستە زانیوە.

ماركس لەمبارەیەوە دەڵێ" خوو و رەوشتی هەموو پشتە رابردووەکان ئەبێ بەپەیکەر ئەگەر زەمینەیەکی ماددی بۆ درووست بوویێت" ئەم قسەیەی مارکس ئەوەمان پێدەڵی کە بروا بەخۆبوون و هێزی رزگارکردن نەریتێك نییە کە لەرۆژئاواوە سەریهەڵدابێت، یان بەرهەمی عەقڵ و فەلسەفەی کۆمەڵگەیەك بێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە مارکس درەنگ فریای کولتوور و رۆشنبیری و مێژووی رۆژهەڵات بوو، نەیتوانی چارەسەری ریشەیی بۆ ئەو تێزە بخاتەڕوو کە پێشتر کاری لەسەر کردبوو، وەکو مەسەلەی شارەزایی بوون زمانی عەرەبی و لە بنەچەی ئایین و بەتایبەتیش ئاینی ئیسلام و ململانێکانی ناوەوەی خۆی، ئەمە بەشێکیشی پەیوەندی بەزمان و تێگەیشتنەوە هەبوو.

مرۆڤ بەدرێژایی مێژوو هەمیشە هەوڵی خۆرزگار کردنی داوە لەدەست دەسەڵاتی باڵاو سەردەست و رزگاربوون لەچەوسانەوە، نموونەش بۆ ئەوە چەوسانەوەی هۆزە هەژارەکان لەلایەن هۆزە باڵادەستەکان، چەوسانەوەی نەتەوە ژێردەستەکان لەلایەن نەتەوە باڵادەستەکانەوە، چەوسانەوەی کۆیلەکان لەیەك کاتدا لەئەسینا و میسر لەلایەن کۆیلەدارەکانەوە، چەوسانەوەی جوتیار لەلایەن رەعیەتەوە، چەوسانەوەی چینەکان لە هیندستان و هیندییە سوورەکان لە ئامریکا و ... هتد. هەڵبەت ئەم دیاردە مێژووییانە سەرچاوەکەی لەکێبەرکێی دەسەڵاتدارێتیەوە هاتووە کە خودی مرۆڤ خۆی وەکی بونەوەرێکی دەسەڵاتدار تەماشا کردووە. (سپینۆزا) ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێت و پێیوایە بوونی مرۆڤ هەر بۆخۆی دەسەڵات و هێزە، ئەو هێزەش هەمیشە لەکێشمەکێشەکانی دوالیزمدا بووە، گۆتە لەئەفسانەی فاوستدا کە یەکێکە لەشاکارە مەزنەکانی نێو کایەی مەعریفە، موناقەشەی ئەم باسە دەکات. لەوچیرۆکەدا **دکتۆر فاوست** توشی دوالیزم دەبێت. جارێك پەیمان لەگەڵ **(میفیستۆ فلیس)** دەبەستێت و لەلایەن هەرماسەوە رۆحی داگیر دەکرێت و تەسلیم بەخواست و فەرمانەکانی دەبێت. لەبەشێکی تردا گۆتە فاوست دەباتە جهانی عیشق و لەگەڵ **(گریتشن)** سێکس دەکات و دواتر منداڵێکیان دەبێت و فاوست دەیکوژێت. بەڵام دواجار فاوست دەچێتە جهانی رۆحەوە بۆ گەیشتن بەخواوەندەکان و سەردانی کۆشکی ئیمپراتۆرەکان دەکات. ئەم چیرۆکە ئەفسانە ئامێزەی گۆتە ئەوەمان پێدەڵێت کە مرۆڤ هەمیشە لەجەنگی دوالیزمیەتدا ژیان دەکات و وێڵی دوای هەقیقەتە کە چەمکی هەقیقەت بۆخۆی فرەییە لەرەهەند و لەمانای جیاواز، بەڵام ئایدیالیستی نییە بەتەنها، بەڵکو رەهەندی ماتریالی هەیە، بەوەی کە لەرێگەی ئەفسانەو فانتازیاوە خەیاڵ شتی دیکەی بەرهەمهێناوە و گەیشتووە بە ئازادی و تێگەیشتن لە چەمکی بەختەوەری.

ناعەدالەتی کۆمەڵگە یەکێك لەپاڵنەرە سەرەکیەکانە بۆ بیری گشتگیری دوالیزم، سابا دوالیزم هەر مانایەك وەربگرێت و لەژێر سایەی هەر سیستمێك

بێت. شێوەی وەبەرهەمهێنان کە لەسەردەمی پێشوودا شێوەی بەکاڵابوونی مرۆڤ بوو، یەکێك بوو لەکارە سەرەتاییەکانی مارکس، شێوازی بیرکردنەوەش بۆ لەناو بردنی دوالیزم تایبەتمەندیی بیری رۆژئاوایی نەبووە، دەتوانین بڵێین ئەم لۆژیکە درووست نییە، چونکە بیرکردنەوەو لەدایك بوونی فەلسەفەو شارستانییەتەکان لەرۆژهەڵاتیش سەریهەڵداوە و نارەزایەتی و خەبات لەدژی ریژیمی کۆمەڵایەتی و ناعەدالەتی لەسەردەمی فیرعەونیەکاندا باشترین سەلمێنەری ئەم بیرکردنەوەیەیە. بڕوانە کتیبی **(اول الثورة على الاقطاع)** (١٤). ئەم کتێبە کتێبێکی دەگمەنە و مێژووی خەباتی چینایەتی دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی فیرعەونەکانی میسر و باس لەکۆیلەکان دەکات کە بەبێ ئیدیۆلۆژیا ململانێی چینی سەردەستەیان دەکرد.

بەوپێیەی کارل مارکس شارەزاییەکی کەمی لەئەدەب و مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبووە کەمتر مێژوو نووسێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بینیوە، تەنها ئەوە نەبێ یەك جار لەساڵی ١٨٨٢ بەر لەمردنی سەردانی جەزائیر دەکات، بۆیە جگە لەهەندێ زانیاری کە لە(ئەنگلس) ی هاورێیەوە وەریگرتووە. ئاگاداری ترادیشنە جیاوازەکانی رۆژهەڵات نەبووە، چونکە ئەنگلس گەشتی بەرۆژهەڵاتدا کردووە و کتێبێکی لەبارەی کولتووری رۆژهەڵاتیەوە نووسیوە و دواتر لە هەندێ وردەکاری ترادیشنە کۆمەڵایەتی و ئاینیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە مارکس ئاگادار دەکاتەوە.

خوێندنەوەی فرۆم بۆ سەرمایەو لایەنی هیومانیستی فەلسەفەی مارکسیزم شێوەیەکی دیکەی بۆچوونەکانی (دۆهرینگ) و دواتریش (ئالتۆسێرە) بەڵام لەسیاقێکی ترەوە، لەشوێنێکدا دەڵێ" زاراوەی ناوەرۆك بەشێوەی ئەبستراکت و نامێژوویانە بەکارهێنراوە، کە ئەمەش بەباشی لەرێگەی جیاکردنەوەی سرووشتی مرۆیی بەشێوەیەکی گشتی لە سرووشتی مرۆییەوە بەشێوەیەك گۆڕاوە لەهەر قۆناغێکی مێژووییدا دەبینرێت، بەهەمان شێوە (ئالتۆسێر) تیۆر و قۆناغەکانی مارکس دابەش دەکاتە سەر دوو قۆناغ (مارکسی لاو _

ماركسی كامڵ) ماركسی لاو ١٨٤٠_١٨٤٤ دەست پێدەكات و بەقۆناغی ئیدۆلۆژی دادەنێت و لەسەر ئەو بنەمایەی ماركس هەموو نووسراوەكانی لەوكاتەدا لەژێر كاریگەری فەلسەفەی ئەڵمانی دا بوو، بەتایبەت لەژێر كاریگەری ئینترۆپۆلۆژیستەكانی قۆناغی دووەمی پێگەیشتنی ماركسە كە لەساڵەكانی ١٨٤٥ ـ١٨٨٧ تێیدا ماركس توانیویەتی لەژێر كاریگەری فیورباخ و هێگڵ رزگاری بێت و نووسینە تیۆریەكانی زانستیانەترو بەئاراستایەكی تر لەگەڵ ئیدیۆلۆژیای رووت دابن"(١٥).

ئەو كات گرفتە فەلسەفیەكانی فیورباخ وەكو(عەقڵی سانی و عەقڵی پراكتیكی) و گرفتەكانی (سرووشت و ئازادی) و(گرفتەكانی مەعریفە بوو لەڕەوشت و ئایین) دواتر تیۆرەكانی (ئەمانوئێل كانت) كە بریتی بوون لەبیری (عەقڵ و ئازادی) وەكو میكانیزمێك بۆ رزگار كردنی لاوەكان لەسیستمی دەوڵەت و رۆڵی تاكەكان، مرۆڤیش وەك تاكە وێناندنێكی رەسەن بۆهەر كارێك " (١٦). دواتر ماركس بەناسینی ئەم بنەما فەلسەفیانە رێچكە و رێبازی خۆی ناساندوو لەتیۆرەكەی خۆیدا لە (ماتریالیزمی دیالیكتیكدا) وەلامی پێدایەوە و تیۆرەكەی تری پێشكەش كرد و لەبارەی تێڕوانینەكانی فیورباخ لەنامە فەسلەفییەكانیدا دەڵێ " جیاوازیە سەرەكیەكان لە ماتریالیزمی پێشوودا و لەوانەش ماتریالی فیورباخ واقیعێكی هەستیاریە، ئەو تەنها بەشێوەیەكی ئۆبژێكتیڤی و هێرمۆنتیكی تەماشا دەكات، نەك چالاكیەكانی ئینسان كە خۆی بەرهەمی هەلومەرج و پەروەردە جیاوازەكانە، چونكە خەڵك خۆیان دەتوانن هەلومەرج بگۆڕن، بەلام پەروەردكار خۆی پێویستی بەپەروەردەیە" لەشوێنێكی تردا دەڵێ" فیورباخ جەوهەری ئایین لەجەوهەری ئینساندا دەتوێنێتەوە، راستیەكەی ئەوەیە كە جەوهەری ئینسان شتێكی ئەبستراكت و دابڕاو نییە لەتاكی گۆشەگیردا، ئەمە هەقیقەتێكە كە لەپەیوەندیە كۆمەلایەتیەكاندایە، سەرەنجام فیورباخ ئەوە نابینێ كە شعوری ئایینی بەرهەمی كۆمەلایەتییە و تاكیش دەبێتە فۆڕمێكی كۆمەلایەتی دیاری كراو". فرۆم دەڵێ" جیهانی ئەمرۆ

(واتە ساڵی ١٩٦١) لەئەنجامی پێکدادانی هەردوو ئیدیۆلۆژیا رکابەرەکەی مارکسیزم و سەرمایەداریەوە بەدەست دابەشبوونەوە دەناڵێنیٚ" (١٧). دیارە ئیدیۆلۆژیا بەمانا فەلسەفەییەکەی بۆ مارکسیزم وەکو فەلسەفە دەشیٚ، چونکە چەمکی (ئیزم) بۆ تیۆر و بونیاتەکانی دەقی فەلسەفی دەگەڕێتەوە، بۆیە دەکریٚ بڵێین ئیدیۆلۆژیای فکری مارکس، بەوپێەی کە مارکسیزم بوو بە قوتابخانەیەك و چەندین لقی لێبووەوە، دواتر بوو بەجێگای موناقەشەی زۆرێك لەوانەی تینووی وەها فکرێك بوون کە رێگایەکی نویٚ بۆ کێبەرکێی دەسەڵات ببیننەوە، بەڵام بۆ سەرمایەداری زاراوە ئیزم درووست نییە، چونکە سەرمایەداری سیستمێکی ئابووری دەسەڵاتە و تیۆرەیەکی فکری و قوتابخانەیەك نییە وەکی ئەلتەرناتیڤێکی فەلسەفی و سەرەوژێر کردنی فەلسەفەیەکی تر، یان ئەوەی سەرمایەداری تاکە سیستمێکی فکری نییە کە ئیزم بتوانیٚ پێناسەی بکات، ساخۆ ئەگەر (ئیزم) دیسان مەبەست لەجیهانی دوو جەمسەری بێت، ئەوا دیسان نەسۆڤیەتی پێشوو سەدی سەد پەیڕەوکاری ئیدیۆلۆژیای مارکس بوو، ئەگەرچی ئێستا ئیدیۆلۆژیا بووە بە بابەتێکی پراکتیکی لەنێو فەزای تەکنۆلۆژیا و سەرمایەدا، کەوابوو لە رابردوودا نەسەرمایەداری ئەوکات ئیدیۆلۆژیا بوو بەبەراود لەگەڵ ئەو تێگەیشتنەی کە پێی وایە سیستمی سەرمایەداری دوا قۆناغە و ئەپستراکتە بەڵام فرە خوێندنەوەی گەرەکە، چونکە زیاتر لەسیمایەکی هەیە بۆ بەڕێوەبردن و شێوە و فۆڕمە جیاوازەکانی دەوڵەت، سەرەنجام ئەوەی هەبوو لەڕابردوودا سەرمایەداری دەوڵەتی بوو لەحکومەتی شورەوی بەرامبەر بەجەمسەری سەرمایەداری ئامریکا و جهان، کەچی دیسان لەدێرەکانی دیکەی ل٥ دا دەڵیٚ" سۆڤیەت سیستمێك بوو لەسەرمایەداری دەوڵەتی " کە ئەمە دژە بۆچوونێکی ئاشکرایە لەبۆچونەکانی فرۆم خۆیدا سەبارەت بەفەلسەفە، بۆ نموونە (سیستمی بەناو سۆسیالیستی یاخوود کۆمۆنیستی)، "ئەوانەی سان سیمۆن و فۆریە و ئۆئن و کەسانی دیکە باسیان دەکرد لەسەردەمی سەرەتای گەشەکردنی پرۆلیتریا کە پێشتر باسمان کردو سەریهەڵدا، چونکە دامەزرێنەری ئەم سیستمانە

لەخەسڵەتدا دژایەتی چینایەتی دەبینن" (١٨). بەوشێوەیەش حکومەتی شورەوەی کە بەناوی حکومەتی چینی کرێکارەوە ناوزەد کرابوو، لەبنچینەدا هیچ پەیوەندیەکی تەندروستی پراکتیکی لەگەڵ دەقەکانی مارکسدا نەبوو، ئیتر هەر لەدەستپێکی شۆڕشی ئۆکتوبەرەوە کە دەستەبژێری سیاسیی ئەوکات کاریان لەسەر دەکرد، تادەگاتە ئاکامەکان و ئەنجامەکانی دواتر کە لینین لەدەوڵەتدا بینیوەو گوتی (دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا مانای ئەوە نییە کۆتایی خەباتی چینایەتی بێت، بەڵکو ئەمە درێژە پێدەری ئەو خەباتەیە بەشێوە نوێیەکانیەوە بۆ نەهێشتنی ریژیمی بۆرژوازیەت" (١٩). لەشێوێنێکی دیکەدا فرۆم دەڵێ" لێرەدا زۆر گرینگە لەو تێڕوانینەی مارکس تێبگەین کە دەڵێت مرۆڤ ئەوکەسەیە خۆی مێژووی خۆی درووست دەکات، واتە خۆی درووستکەری مێژووی خۆیەتی "(٢٠). کە ئەمە خودی فەلسەفەی مارکسە لە ماتریالیزمی مێژووییدا، بەڵام هەر خۆی پاشان رایەکی (ئیمبرتۆ ئیکۆ) دێنێتەوە و دەڵێ" مێژووی مرۆڤایەتی لەخاڵێکدا جیاوازە لەگەڵ مێژووی سرووشت، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە درووستکەری یەکەمیانین بەپێچەوانەی دووەمیانەوە مرۆڤ لەناو رەوتی پڕۆسەی مێژوودا خۆی درووست دەکات " (٢١). دیارە مەبەستی فرۆم لەمێژووی مرۆڤایەتی و هێنانەوەی نموونەیەکی (ئیکۆ) پێکەوە لکاندنی هەردوو مێژووی سرووشت و مێژووی مرۆڤە کە ئەمە هاوکێشەیەکی زانستیەو ئینترۆپۆلۆژیستەکان و خودی داروین لەکتێبی (اصل الانواع) دا بەرۆشنی باس لەقۆناغەکانی گەشە کردنی مرۆڤ دەکات، چونکە تیۆری پەرەسەندن، تیۆرییەکی ماتریالیستی جێگیر و ئاشکرا بوو، لە جیاتی مەسەلەی روح کە بابەتێکی ئیدیالیستی بوو بۆ مرۆڤ، لە راستیدا ئەم تیۆرە پلەو پایەی گەشەی مرۆڤی بردە ئاستێکی تر ، چونکی بوون و ماتریالی کرد بە سەرەتایی ئەو دابڕانەی کە مارکس پشتی پێی بەستبوو کە لەشوێنێکدا رەتکردنەوەی ئەو هێڵە نەپساوەیە بوو کە ئایین وەکو هێڵی سوور کەڵکی لێوەرگرتبوو، چونکە هێزێکی بێ سنووری سرووشتی نەهێشت کە خۆی بە خاوەنی داهێنانی دونیا دەزانی، بۆیە مارکس لە

وەڵامی ئەنگڵسدا لە نامەیەکدا نووسیویەتی (ئەو کتێبەی داروین بەناونیشانی رەسەنایەتی جۆرەکان، وەکو کتێبێکی پاڵپشت بۆ فەلسەفەکەی خۆی کە متریالیزمی مێژوویی یە، باس لەوە دەکات کە جیهانبینی ئەوانی تێدایە، چونکە پشت ئەستوورە بە ئابووری و زانستی مێژوویی بایلۆژی، هەر ئەمەش بووە ئەنگڵس دواتر بۆ کتێبی بنەچەی خێزان کەڵکی لێوەردەگرێت و ئاوێتەی یەکتریان دەکات.

خودی مارکسیش سەرەتا لەژێر کاریگەری ئەم چەمکەدا بوو کە داروین موناقەشەی دەکرد، بەڵام بەراوردکردنی مرۆڤ لەگەڵ هاتنی رەچەڵەگەکانی تردا مانایەکی تری هەیە، **بەو مانایەی وەك بوونەوەرێك دوای ئەوەی بەپێی چەمکی ئینترۆپۆلۆژیا درکی بەسامانە سرووشتیەکان و پەیوەندیە هەمەلایەنەکان کرد، پاشان لەسەرەتاییترین هۆکارەکانی بەرهەمهێنان لەرێگەی هێزەکانی بەرهەمهێنانەوە کەڵکی لێوەرگرتن، کە پێشتر ئەو پێشکەوتنانە بەشێوەیەکی سست و لاواز دەچوونە پێشەوە، ئەمانە هەموویان بوون بەکۆمەڵێك فاکتەری سەرەکی، ئەمەش وایکردووە مرۆڤ ئارەزووەکانی زاڵن بەسەر رادەی هۆشیاری بوونیەوە، هەروەك لەپەیوەندییە موڵکایەتیەکانەوە مەودای ململانێکان درێژتر بوون، ئیدی هەر ئەو بونیادەش کە ئێستای ژیانی مرۆڤایەتی وەك قۆناغێك دیاری کردووە، مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ ئەو رایەلانەی کە پەیوەندی مرۆڤ بەسرووشتەوە گرێدەدات، هەر ئەو موناقەشەیەی نێوان دیموکریت و ئەپیکورسی یۆنانی و سیسرۆن لەسەر فیزیا زانی و ماتماتیك فەلەکناسی کراوە.**

## مێژووی چەمکی دیالیکتیک

## لێرەوە لەمێژووی چەمکی دیالکتیکەوە دەسپێدەکەین

Dialectic ووشەیەکی یۆنانی کۆنە کە لە پێش زایینەوە سەریهەڵداوە. سەرچاوەی ئەم ووشەیە دەگەڕێتەوە بۆ دیالێکتیکێ Dialektike` کە بەمانای هونەری گفتوگۆ بەکار هاتووە. لە مێژوودا چەندین گۆڕانکاری بەسەر ئەم چەمکەدا هاتووە. لیرە دا هەولدەدم کە کورتەیەك لە چۆنیەتی گۆڕانی چەمکی دیالێکتیك باس بکەم کە بەدرێژایی مێژوو لەلایەن چەندین فەیلەسوفی رۆژئاواییەوە بەکارهاتووە لە سوقراتەوە تا کارل مارکس.

سوقرات پێیوایە کە چەمکی دیالێکتیك لەلایەن فەیلەسوفی کۆنی یۆنان زینۆنی ئیلیا Zeno Elea of داهێنراوە وەك هونەرێك Art بۆ گەیشتن بە حەقیقەت لەرێگەی ئالوگۆڕکردنی بەڵگەهێنانەوەی لۆجیکیانە Logica Argumentation.زینۆن هەوڵی دەدا گریمانە Hypothesis و دەرەنجامگیریە Deduceکەسانی بەرامبەر و بەرهەڵستکارانی بخاتە ژێر پرسیارەوە، ئینجا پوچاندنی ئەم گریمانە و دەرەنجامگیریانە لەرێگەی بەدەستهێنانی دوو دەرەنجامی دژ بەیەك لەهەمان گریمانە یان دەرەنجامگیری کە بەرهەڵستکارانی دەیانخستە روو. بەم شێوەیە زینۆن بەرهەڵستکارانی دەبەزاندوو گفتووگۆکانی دەبردەوە.

لای هیگل و ئەنگڵس، فەیلەسوفی یۆنانی کۆن هیراکلیتۆ Heraclitu بە داهێنەری میتۆدی دیالێکتیك Dialectical method دادەنرێت . ئەم میتۆدە پرینسیپی گۆڕان و پێشکەوتن Progress دەستنیشان دەکات و دەیانبەستێتەوە بە فاکتەری ناکۆکی ناوەوەی شتەکان. هیراکلیتس پێیوایە کە هەمووشتەکان لە گۆڕانی بەردەوامدان و ناکۆکی باوکی هەموو شتەکانە. لە لای ئەم فەیلەسوفە سەرچاوەی دیالێکتیك لە خودی سرووشتەوەیە نەك لە هۆشەوە.

چەمكی دیالێكتیك لـەلای سـوقرات ، گـۆڕانی بەسـەردا هـات، ئەگەرچـی تاڕاددەیەك نزیكە لە تێگەیشتنی زینۆنی ئیلیا بـۆ ئـەم چـەمكە. سـوكرات لـە میانـەی پیـادەكردنی مێتـۆدێكی تایبـەت بـە خـۆی كـە ناسـراوە بـە تەوسـی سوكراتیانە Socratic Irony خۆی وا نیشانی خەڵك دەدا كە ئەم لە هیچ شـتێك نازانێت وهەوڵی دەدا تا خەڵك رابكێشێتە ناو گفتوگۆیەكـەوە تـا دواجـار پـەی ببەن بە ناكۆكی بۆچوونەكانیان لە پێناو دۆزینەوەی راستیی .

بە گشـتی گفتوگۆكـانی سـوكرات بەپرسـیارێك دەسـتی پێـدەكرد بـۆ نموونـە (ویژدان چییە ؟) لە میانەی گفتوگۆكاندا سوكرات سەرنجی خۆی چڕ دەكردەوە بۆ وەدەرخستنی سادەهزری، پێشداوەری Prejudicو دژبەیەكی Contradiction را و بۆچوونی كەسانی بەرامبەر و بەرهەڵستكارانی خۆی تـاوەكو لـە هۆشـی خۆیـان بیرۆكەكانیان دووبارە دابڕێژنەوە سەبارەت بە راستیی .

چـەمكی دیالێكتیـك لای ئـەفلاتوون وەك مێتۆدێـك بـەكارهاتووە بـۆ جیاكردنەوەی چەمك و بیرۆكەكان بەشێوەی پلەبەنـدی Hierarchy لەوپـەڕی گشـتیەوە بـۆ ئەوپـەڕی تایبـەت. لـە كتـێبی (كۆمـار) دا The Republic ئەفلاتوون دیـالێكتیكی وەك هونـەرێكی بیركردنـەوەی لۆجیكیانـە An Art ofتەماشا كردووە.

لەلای ماركس دیالیكتیـك ئـەو ئاڵگۆڕەیـە كـە كاریگـەری لەسـەر ماتریـال دەبیّ، هەروەك لە مێژوودا كاریگەری هەبووە و دەڵیّ "مێـژووی چ كۆمـەڵگـەی مرۆڤایەتی هەیە بریتییە لەمێژووی ململانێـی چـینەكان" (٢٣). دابەشـكردنی مێـژووی مـرۆڤ و ئـاژەڵ پەیوەسـتە بەبنـەما ئابووریەكانـەوە كـە مـرۆڤ وەك بونـــەوەرێك زادەی سرووشـــتە" بـــەپێی تیۆرەكـــانی (فیوربـــاخ و داروێـــن) كارپێكردنیشیان لەسەر یەكتری لەپرۆسیسێكی مێژوویی یەكگرتوودا بەهـەموو هەلومەرجەكانەوە كە قۆناغە جیاجیاكانی مێژووی مرۆڤ و ئاژەڵی لەكۆمەڵگەدا بەرجەستە كردووە، ئەمە ئەگەر بـەتێڕوانینێكی ماتریـالی تەماشـای سرووشـت بكەین و لەنهێنیەكانی گەردوون بگەڕێین. بەپێچـەوانەوە گریمـان لـەتێروانینێكی

ئیدیالیستیانە سفری مێژوو دەستنیشان بکەین و بونیادە شاراوەکانی سرووشت ئاشکرا بکەین، مرۆڤیش وەك بوونەوەرێکی کارامەی ئەم پێکهاتە گەردوونییە بخوێنینەوە، ئەوا نیازمان بەمیکانیزمێکی دیکە هەیە، ئەویش کێشەی یەکلایی کردنەوەی (بوون و نەبوونە) ئەم هاوکێشەیە بۆخۆی شتێکی یەکلانەکراوەیە، بەڵام لەواقیعدا خاوەندارێتی تایبەتی بۆ مرۆڤ، ئەو لۆژیکە دەسەلمێنێ کە مرۆڤ خۆی خولقێنەری یەکەمیانە، کەوابوو مێژوو پرۆسەیەکە لەرێگەی هەڵسوراوبوونی پەیوەندییەکانیەوە بەدەروبەرەوە، خودی مرۆڤ ئەنجامی دەدات و خۆشی دروستیان دەکات، ئەگەرنا شوێنێکی وەك جەمسەری باکور وەربگرین جگەلەو کاتانەی کە مرۆڤ بۆ ئاشکراکردنی بونیادە شاراوەکانی و شارەزابوون لێوەی، ئەو شوێنە چ مێژوویەکی تیا تۆمار کراوە. ئەمەش مانای ئەوەیە (هیومانیزم) لەناوەڕۆکی فەلسەفەی مارکسدا لەدژی هەردوو چەمکی ئەپستراکتی و پڕاگماتیکی دەوەستێتەوە، پاشان لەهزری دۆگماتیکەکاندا کە نازانستی دەوەستێتەوە رەخنە دەگرێت، ئەمە بنج و بنەوانەی سەرەقەڵەمەکانی مارکسە لەسەر تیۆرەکانی فیورباخ، ئەو پێی وایە" مادده واتە ماتریاڵ، ناوەڕۆکی کۆتایی شتەکانە، نەك تێڕوانینێکی ناتەواو و هەستی دامالڕاو و رووت، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە مەعریفەی شتەکان لەپەیوەندییە ماددیەکاندا لەنێو ناخی سرووشتدان".(٢٤) لێرەوە تێدەگەین هەندێ لەخوێندنەوەکان بۆ مرۆڤدۆستی لەفەلسەفەی مارکسدا پێچەوانەی ئاماژە بنچینەییە فەلسەفیەکانی مارکسن. چونکی خودی فەلسەفەکە تەنیا پێناسەی شتەکان نییە، بەقەد ئەوەی لەسیاقی زانستگەلێکدایە بۆ بەراورد لەنێوان چینەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کە دواتر مرۆڤی تێدا دەبێتە کاڵایەك لەژێر سایەی چینی فەرمانڕەوا.

فرۆم دەڵێ " بنەمای کۆمەڵایەتی لەئەنجامی پێشکەوتنی ژیانی چەند کەسێکی دیاریکراوەوە پێکدێت نەك ئەوەی لەخۆیاندا دەردەکەون" (٢٥). ئەگەرچی ئەم پەڕەگرافە کەمتر چەمکی مێژوویی واقیعی کۆمەڵگەی

مرۆڤایەتی دەسەلمێنێ. بەلام لەڕاستیدا مرۆڤ لەروانگەی مارکسەوە بەچەند قۆناغێکی دیاریکراوی چارەنووسسازدا تێپەریوە، مرۆڤ پێش ئەوەی دیالیکتیك وەك چەمکە فەلسەفیەکەی بناسێ، دیالیکتیکیانە بیری کردۆتەوە، بەمانایەکی تر مارکس خوێندنەوەیەکی ماتریال ئینترۆپۆلۆژیانەی بۆ مێژوو پێشکەوتنەکانی مرۆڤ کردووە "جیاوازی مرۆڤ لەگەڵ بوونەوەرەکانی دیکەی سروشتدا تەنیا پەیڕەوکاری سرووشت نییە، بەڵکو دەیەوێ سرووشت هەمیشە لەگۆڕاندابێ، بۆیە هەمیشە دەیخاتە ژێر فەرمانی ئامانجەکانی خۆی"(٢٥). **دیسان مرۆڤ بەر لەهەرشتێك ئیرادەی خۆی وەك واقیعێك و هێزی مەتریالی خۆی لەبەرچاو دەگرێ، پەیوەندییەکانیشی دیسان بەرمەبنای ئەو بونیادە ئابووریە کۆمەلایەتیە درێژەپێدەدا کە لەگەڵ ڕەوتی ژیانیدا ئاڵوگۆڕی چەندایەتی و چۆنیایەتی بەسەر هاتووە،** ئیدی لەهەر هەلومەرجێکی جێگر و ناجێگیردا ئاڕاستەی تایبەتی خۆی هەبووە کە ڕەگوڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ کیبەرکێی چینەکان. کەچی (ئەریك فرۆم) دەڵێ "وەبەرهێنانی بیروبۆچوونەکان و چەمکەکان و هۆشیاری، لەسەرەتادا بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەگەڵ ئەوچالاکی و پەیوەندییە مەتریالیانەی مرۆڤدا تێکەڵە کە زمانی واقیعیانەی بێ ژیانە"(٢٦).

لەڕاستیدا "هۆشیاریەکی کۆمەلایەتی مێژووییە، لەهەمان کاتدا بوونی ئەو پەیوەندییە کۆمەلایەتیەیە کە هەڵدەستێ بەناولێنانی ئەو کارلێکردنە مەتریالیەی کە لەمێشکدا پەرچەکرداریان دەکاتەوە، ئەمەش بەپێی تێپەڕبوونی کارتێکردنێکی مێژوویی دووروو درێژنابێت، بەڵکو ئەمە بنچینەی سەرهەڵدانی هۆشیاریە تۆمارکراوە پێچەوانەکانە لەمێشکدا. یانی وەرگرتنی ئەزمونی ناڕاستەوخۆی سەرهەڵدانی مێژوویی بوو، ئەگەرچی چینی بالادەست تائێستا لەچینی ژێردەست باشترین ئەزموونی لەمێژوو وەرگرتووە" (٢٧).

لەگەڵ ئەوەشدا گەشەسەندنی کۆمەڵ و بەرفراوان بوونی بوارەکانی کارو ئاڵوگۆڕە چەندایەتی و چۆنایەتیەکان وسەربەخۆیی لەئیرادەی تاکە کەسەکان

بەشـێکی زۆری ئـامرازە زانسـتیەکانی بـەوجۆرە بارهێنـاوە، چـونکە مـرۆڤ لەچوارچێوەی ئامانجەکانیدا و بۆجوانترکردنی ژیان، کەڵك لەسرووشت وەردەگرێ، ئەم هۆشیاریەش زەمینەیەکی زانستی هەیەو خـودی مـرۆڤیش پلـەی زاڵبـوونی خۆی لەتەکنیك و رەوتی بەرهەمهێناندا پێناسـەکردووە کـە چینەکانی لەیـەکتر جیاکردۆتەوە، هەر ئەم ئیرادەیەشە کە مارکس وەك پنتێك لەسەری ڕادەوەستێ و بەدواپلەی هۆشیاری دەبینێ، ئیدی لەتاکەوە تادەگاتـە کـۆ " لێرەشـەوە دەوری تاك بەستراوە بەپلەی هۆشـیاریەکەیەوە کـە کۆمەڵگـە پێـی گەیشـتووە. بـەواتا کۆمەڵگە لەپڕنسیپە جیاجیاکاندا بۆ بەرهـەم هێنـانی هێزێکـی مەعنـەوی کـە مێژوو زۆرجار دووبارەیان دەکاتەوەو کاریگەری لەسەرتاك دادەنێ. بەمەش تـاك جێگەوڕێگـەی کۆمەڵایـەتی و ئـابووری خـۆی دەبینێتـەوەو چـالاکیەکانی تیـا ئەنجامدەدا". (٢٨).

" دواتر تاك دەتوانێ بەگوێرەی توانا لەکۆمەڵگەدا هۆشیاری دەستکەوێ کە لـەواقیعی کۆمەڵایەتیـدا بەرهـەمی هێنـاوە" (٢٩). چـونکە هـەر وەك پێشـتر قسەمان لەبارەیەوە کرد، خـوو و رەوشـتی پشـتە رابردووەکـان لەسـەر زەنیـەتی زیندووەکان دەبێتە پەیکەر. ئەگەر زەمینەیەکی ماددی تەندرووست نەبوبێت کە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ کار بکاتە سەر بیری تـاك، ئـەوا رۆڵـی تـاك رۆشـنتر دەبینرێتەوە. کەچی فرۆم دەڵێ " هەستی خـەڵك ژیـانی خـەڵك دیـاری ناکـات، بەپێچەوانەوە ژیانی کۆمەڵایەتییە کـە هەسـتی خـەڵك دیـاری دەکـات" (٣٠).

مرۆڤدۆستی لەفەلسەفەی مارکسدا **یەکێك لەمیکانیزمەکانی شۆڕگێڕیە دژی دەسەڵات بەتایبەتی چینی بۆرژوا لەلایەك و پێوانەی فەلسـەفەی ژیـانی کۆمەڵایەتی و ئیرادەی خەڵك کە لەلای بەشێك لەبیرمەندان ببو بەخەسڵەت لەلایەکی تر،** ئەوەتا باسکاڵ چونکە نزیکایەتی لەگەڵ لویسی چواردەهەم هەبوو و هاوسۆزی بۆ خانەوادەو کەسایەتی ئەریستۆکراتەکانی فەرانسە هـەبوو، جۆرە حـەزێکی لەلادروسـت ببـوو بەرانبـەر بـەو شـتانەی وەك بەهایـەك کـە هـەرگیز نایەتەدی لەژیانی مرۆڤدا و وەکو کەسێکی بەرژەوەنـدخواز ناسـرا، بەمـەش لـە

فەلسەفەکەیدا ناکۆکیەك بەدی دەکرێ، باسکالّ پێی وایە "مرۆڤ چەند مەزنە ئەوەندەش نەگریسە، ئەمە بەشێکی زۆری میتۆدە فەلسەفییەکەی باسکالّی داگیر کردووە" (٣١). هەر ئەم روانگەیەشە بۆ جیهانبینی و مرۆڤ و فەلسەفەی مەرگەسات ئامێز کە پێکەوە گرێیان دەدات، چونکە ئەو دیدگا کۆنکریتیەیە کە یان ئەوەتا دەیەوێ هەموو شتێك دەستەبەر بکات، یان داوای هیچ شتێك ناکات، هەموو ئەو شتانەش رەتدەکاتەوە کە مرۆڤ کۆت و بەند دەکات" (٣٢). ئەگەرچی (گۆتەش) بەهەمان مەبەست هەندێ خالّی لەمیتۆدەکەی پێشکەش بەدەولّەت کرد سەبارەت بە پەروەردەو فێرکردن و کارگێڕی، بەلاّم دواتر مارکس رەخنەی دەکات و لە گۆتە دەپرسێ مەبەستتان لەپەروەردەکردن چییە؟ ئەو دەپرسێ ئەو پەروەردەیەی کە ئێستا هەیە و چینەکان تێیدا یەکسان نیین؟ یان ئێوە چینەکانتان لەلاجیاوازە کە ململانێکان لەسەر بنچینەی موڵکایەتی تەماشا دەکەن؟ مارکس ناو لەم میتۆدەی (گۆتە) دەنێ (تەونی یاسای گشتی) کە سنوورەکان دیاری دەکات لەئاست خوێندن کە ئەمە ئەسلّی دوور خستنەوەی خوێندنگایە لەژێرکاریگەری میتۆدە ئایینیەکان کە گۆتە هەستی پێناکات. دواتر ئەم میتۆدەش بوو بەمرۆڤدۆستی کە مارکسیەکان رەخنەیان لەمیتۆدەکەی (لۆسیان گۆڵدمان) گرت بەوەی کە باوەڕی بەریالیزمی سۆسیالیزمی نەبوو" (٣٣). بەهەمان شێوەش (فرۆم) بەمیتۆدێك خوێندنەوە بۆ فەلسەفەی مارکس دەکات کە فکر و پێشکەوتنە زانستی و مرۆڤدۆستییەکان لەرۆژئاواوە سەرچاوەیان گرتووە، جهان بینی مارکسی لەچوارچێوە فکری و ئابووریەکەدا دەبینرێت کە لەخەباتی چینایەتیدا هەیە و لەرۆژئاوادا قەتیسی دەکات، بەلاّم لەڕاستیدا پێشکەشکردنی بەهەشتێك بەناوی کۆمۆنیزمەوە حەتمیەتێکی مێژوویی کە بەشێکی زۆری کرۆکی مارکس پێکدەهێنێ، ئەمەش ئەو هیۆمانیستیەیە کە مارکس دەیەوێ نەمانی بەها جوانەکان بهێنێتەوە شوێنی خۆی کە سیستمی سەرمایەداری لەبەریەکی هەلّوەشاندۆتەوە، ئەم کارکردنەش لە چەمکەکانی مارکسدا شێوازێکی دیکەی شێواندنی فەلسەفەی مارکسە.

# سەرچاوەو پەراوێزەکان

١: د.زەکەریا ئیبراهیم. کێشەی بونیاد. لە عەرەبییەوە. دلێر میرزا. بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوەی وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان لە سلێمانی. ساڵی ٢٠١٣. ل٣٣٢

٢: راسپاردەکانی بلیخانۆف. بلیخانۆف. وەرگێڕانی. ئیسماعیل راجی. بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان. ل ١٠٠ و ل١٠١.

٣: لينين. الدولة والثورة. دار التقدم. سنة ١٩٧٦

٤: فردريك انجلس .اصل العائله و الملكيه خاصه والدوله. دار المدى ل ١٧٧ سنه ٢٠١٠.

٥: تیری ئیگڵتۆن. بۆچی مارکس لەسەر هەق بوو؟. وەرگێڕانی بۆ کوردی. پێشڕەو محەمەد. دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە. ساڵی ٢٠١٥. ل٣٢٩

٦: سنتياكو كاريو. الشيوعية الاوروبية و الدولة. ترجمة. سمير كرم. سلسلة السياسة و المجتمع. دار الطليعة. بيروت. سنة ١٩٧٨.

٧: ن. ریمۆن ئارون. قۆناغە بنەماییەکانی هزر. لەکۆمەڵناسیدا. و. عەبدوڵلا رەسوڵی. ل٣١٠ .

٨: كارل ماركس .حول المسالة اليهودية.. ترجمة. نائلة الصالحى. منشورات جمل. ل١٢ و ١٣

٩: هەمان سەرچاوەی رابردووە.

١٠: هيخل .قسم الاول. مختارات هيغل . ترجمة الياس مرقص. دار الطليعة للطباعة والنشر . بيروت. ل١٣

١١: مرۆڤ لەروانگەی مارکسەوە. ئەریك فرۆم. وەرگێڕانی بۆ کوردی هەنگاو. ساڵی ١٩٩٩ ل٤

١٢: ئـانتۆنیۆ گرامشـی. دەوڵـەت و کۆمەڵگـەی مـەدەنی. وەرگێڕانـی. مامەنـد ڕۆژە. بڵاوکراوەکـانی خانـەی وەرگێـڕان لـەوەزارەتی ڕۆشـنبیری حکومـەتی هـەرێمی کوردستان. ساڵی ٢٠١١. ل١١٧.

١٣: الاول الثورة علی الاقطاع . کتیبێکی دەگمەنە تیایدا بـاس لـەوەدەکات کـە بەر لە موسا و سپارتۆکۆسیش شۆڕشگێڕیەتی بەشێك بووە لەئیرادەگـەری مـرۆڤ کـە لەئەنجامی چەوساندنەوەو ململانێی چینەکاندا سەرچاوەی گرتووە

١٤: افاق الفلسفة . د فواد ذکریا . دار الطلیعة بیروت ل٣٠١

١٥: مـبادئ الفلسفة المسـتقبل لویـدفیغ فیوربـاخ. ترجمـة الیـاس مـرقص. دار الحقیقة بیروت

١٦: هەمان سەرچاوە پێششوو .. ئەریك فرۆم . مرۆڤ لەروانگەی مارکسەوە ل٥

١٧: مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست. مارکس و ئەنگلس. وەڕگێرانی بۆ کـوردی ڕێبوار ل ٦٩

١٨: بۆچوونەکانی لیـنین سـەبارەت دیکتاتۆریـەتی پڕۆلیتاریـا. چاپی مۆسـکۆ ساڵی ١٩٨٧

١٩: مرۆڤ لە روانگەی مارکسەوە ل٢٥

٢٠: هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٥

٢١: مارکسیە و سریرە بروست. مجلە نهج. العدد ٦ سنە ١٩٩٦

٢٢: مرۆڤ لەروانگەی مارکسەوە ل٣٢

٢٣: بەشێك لەکتێبی. ئانتی دۆهـرینگ باسـێك لەسـەر سۆسـیالیزم. فریـدریك ئەنگلس بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە. ل١٣٩

٢٤: مەتریالیزمی مێژوویی زانستی فەلسـەفەی کۆمەڵناسـیە و تیـۆری گشـتی ڕێورەسمەکانـە مارکسـە بـۆ ناسـاندنی گشـت زانسـتە کۆمەڵایەتیـەکانی دیکـە، سەرهەڵدانی ئەم چەمکە بریتیە لەگۆڕانێکی چەندایەتی و چۆنایەتی کـە لـەناوەڕۆك یـان نـاواخنی یاسـا گشـتییەکانی گەشەسـەندنی کۆمـەڵ و گـۆڕینی کۆمەڵـە لەهەلومەجێکەوە بۆهەلومەرجێکی تری مرۆڤایەتی و ڕەخنەیە لەتێزەکانی هیگـڵ و

فیورباخ و پێشکەشکردنی تیزێکە بۆ گۆڕینی واقعی ژیانی مرۆڤ و خوێندنەوەیەکە بۆ مێژوو و ماتریالیزمی دیالیکتیکی.

٢٥: مرۆڤ لەروانگەی مارکسەوە ئەریك فرۆم ل٤

٢٦: حول الانتاج الوعي و التركيب الاجتماعى . مجلة النهج حمد الجندى ل٩٨

٢٧: هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٩٩

٢٨: كوندريسا. جزء مفقود من الراس المال (دار التقدم) موسكو. ترجمة. جورج طرابيشى

٢٩: البنية التكوينية و النقد الادبى. لوسيان كولدمان و الاخرون . ترجمة محمد سبيلا ل ٥٨

٣٠: هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٥٩

٣١: نقد عن برامج غوتة . كارل ماركس . مكتبة الاشتراكية العلمية. ت. الياس شاهين. دار التقدم موسكو ١٩٨٤ ل٢١ و ل٢٢

٣٢: هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٢

# ئینترۆپۆلۆژیا لە جهانبینی ماركس

## چەمكی ئینترۆپۆلۆژیا.. گەڕانێك بەدوای شوناسی مرۆڤ

شیتەڵکردنی رەگورِیشە و پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی بەشەری لەگۆشەنیگای ئینترۆپۆلۆژیاوە، پرسێکە بۆ دەردەشەیەکی فەلسەفی و مێژوویی زۆر زیاتر لەگەڵ خۆیدا بەکێش دەکات. هەر لەم سەروبەندەدا مرۆڤ وەك کائینێك کە لەسەنتەری عەقڵدا خۆی بینیوەتەوە و لە سرووشت دوور کەوتۆتەوە، خۆی بەخاوەن شتەکان زانیوە، شوناسی سەربەخۆییش بۆتە بەشێکی دانەنراو لەو پرسە یەکلانەکراوەیە، بەدەلیلی ئەوەی مرۆڤ ئەو کائینەیە کە هەر لەسەرەتای هاتنیەوە سرووشتێکی تایبەتی هەبووە، لەگەڵ کارپێکردنی هەستەکانیدا سرووشتێکی لەخۆی نیشانداوە جیا لەسرووشتی ئاژەڵ، هەڵبەت ئەم هەوڵەی مرۆڤ سیفەتێکی وەرگرتووە کە لەدەسەڵاتی خواوەندێتیەوە نزیکە، دەسەڵاتێك کە هەم رەهەندێکی کۆمەڵایەتی مێژوویی هەیە، لەپەیوەندییە کۆنەکانی خێڵ و تایەفە و گروپە کۆمەڵایەتییەکانەوە بگرە، تادەگاتە پێکهێنانی جۆرەکانی خێزان کە لەئەزەلەوە چالاکترین یەکەی کۆمەڵایەتی بووە، هەم کائینێکی نامۆ بووە بەرامبەر رووداوەکان و ململانێ جۆراوجۆرەکان، هەم بەجۆرێکی دیکە ترس بووە لەنەمان و لەبەینچوونی رەگەزەکانی وەکو خۆی کە سرووشتی دەوڵەمەند کردووە.

ماركس لەم ئاستانەیەدا لە کتێبی کاپیتالیزمدا بە تەواوی رۆچۆتە نێەو چەمکی ئیترۆپۆلۆژیاوە ئەو پێیوایە ئەزەلیەتی مرۆڤ ماتریالە لەوێوە گەشەی کردووە. هەمیشەش لە ململانێدابووە.ململانێیەك لەگەڵ سرووشت و تەریدیکە لەگەڵ خودی خۆی کە ستەمی لە خۆی کردووە, تا گەیشتووەتە ئەم دیمەنەی ئێستا هەیە. بۆیە مارکس قۆناغەکانی بەشەری بە هەند وەرگرتووە.

ئەو قۆناغەی کە گەیشتووە بە گەشەی عەقڵ و سیستمی عەقلانیەتی لێبەرهەمهات. سەرەتاکەی لە دەماغی بەشەرەوە هاتووەو دواتر زیادی کردووە

بۆ کاری خەلایەی دەماغی نمونەشی ئەو زەروورەتە بووە کە ئینسان بە یەکەم کاری زانیوە بۆمانەوە. ئێستاش بۆ مانەوە هەمان عەقڵە. بەلاّم لە ڕێگەی تەکنۆلۆژیاوە. بە وێنەی کە کابیتالیزم بەندە بە چالاکی عەقڵ و دەماغەوە. نەك سۆزداری و ئایین کە سەرەتایەك بووە بۆ دانانی سیسستم و ئێستاش کاپیتالیزم کەڵکی لێوەردەگرێ.

(میشیل فۆکۆ) بۆ هاوکاری کردنی مارکس لەبارەی خوێندنەوەی جیناتی بەشەری، وەکو کائینێکی نێو تەواوی ململانێ فیزیکی و کیمیاییەکان کە لەنێو فەلسەفەدا مانایەکی دیکەی وەرگرتووە، ناوی بابەتەکەی ناوە ژینالۆژیا، واتە خوێندنەوەی مەعریفی بۆ پنتە مێژووییەکان، بۆیەش ناوی ئەم بابەتەی گۆڕیوە لەمێژووی بێلایەنەوە، بۆ مێژووی بێ دایك و باوك و لایەندار، چونکە مێژوو نەنووسراوە، ئەوەش کە نووسراوەتەوە دەسەلاّت و کاربەدەستانی دەسەلاّتەکان نووسیویانەتەوە، تاکو بەرگری لەو دەسەلاّتە بکەن کە لەسەردەمی ئەوان مێژووەکە نووسراوەتەوە و وێنەیەکی دیکەیان پێداوە بۆ ئەزموون، بۆ نموونە مێژووی نووسراو ئەوەی کە فەیلەسووفەکان ئەوانەی تەنها رەسمی واقیعیان گرتووە، وای کردووە تەنها ئەو مێژووە بنووسرێتەوە کە لەخزمەتی دەسەلاّتەکانی پنتە مێژووییەکان بن، نموونەی مێژوونووسانی رۆما و سەردەمی مەنگۆلی و بەشێك لەمێژووی میسر و سەردەمی هاتنی ئایینەکان و هتد.

لەمبارەیەوە تەنها مارکس ئەو دابڕانە مەعریفییەی درووست کردووە و گومانی لەو مێژووە کردووە و فەلسەفەی خستە خزمەت خودی ئینسانەوە، ئەویش لە چەمکی ئینترۆپۆلۆژیاوە دەستی پێکردووە، بەتایبەتی لەو پنتەوە کە پەیوەندیی بە هێزی کار و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانەوە هەیە، وەختێك قسە لەبارەی شێوەی ژیانی ئاسیاییەکان دەکات و لەوێوە شیتەڵکاری بۆ جیاوازییە چینایەتیەکان دەکات کە چیرۆکی مێژوو شاهیدێتی.

سەرەتای بیرکردنەوەی فۆکۆ بۆ ئەوەی زاراوەی ژینالۆژیا بەکاربهێنێ، ئەوەیە کە لەبری چەمکەکانی دیکە، رەخنەی لە میتافیزیکا گرت و گرینگی بەو ئاستە

مێژوویيەدا، كەواتە ژینالۆژیا هەقیقەتی مێژووە، ئەوەش كە ماتریالیزمی مێژووی پێنووسراوە، ئەو كاریگەرییە یە كە ئینسان قسە دەكات و دەنووسێت و لۆژیكی بۆ ژیان نووسیوەتەوە و ململانێی خۆی وەكو ئینسان كردووە لەگەڵ خۆیدا، لەبری ئەوەی ململانێی سرووشت بكات، ململانێكەش بووە هۆی بەرهەمهێنانی جهانی چینە جیاوازەكان، ئەمەیە كە ژینالۆژیا سنووردارکردنی هەقیقەتی رۆشنبیرییە لەناوەوە بۆ دەرەوە، كەوابوو ئەوەی كە جیاوازی درووست كردووە، ئەو مێژووەی دەرەوەیە لەگەڵ مێژووی نووسراوی ناوەوە، واتە ئەو مێژووە نێوخۆیی و لۆكاڵییەی كە جیاوازی لەگەڵ مێژووی ئینتەرناسیوناڵ هەیە كە لە گوتارە فەلسەفەییەكەی ماركسدا بە ئاشكرا و بەڕوونی دیارە، وەختێك بانگەوازی یەكگرتنی هەموو كرێكاران دەكات و هەموو كۆمەڵگەی بەشەری وەكو یەك تەماشا دەكات و ژیان بەسەر دوو چیندا دابەش دەكات.

دیارە لەروویەكی ترەوە بیركردنەوەكانی مرۆڤ رەهەندێكی ئابووریشی هەبووە كە لەكارپێكردنی ئەو سامانە سرووشتیەی لەبەردەستیدابووە رەنگی داوەتەوە، دواجاریش ئەم سیفەتە كە لەفەرهەنگ و كوولتووردا، وەك بەشێك لەسوننەتەكانی ژیان خزاوەتە نێو میتۆلۆژیاوە، بۆتە بەشێك لەمێژووی گەشەی بەشەر، بەمەش ئەركێكی دەست لێنەدراوی كردووە بەئامرازی چالاكی خولقاندن و گەشەو هەڵدان و هەرچی زیاتر بەرهەمهێنان لەڕووی مەتریالی بەشەری و دەستكاریكردنی هەندێك لەیاساكانی سرووشت كە تەواوی مەخلوقات و كائینەكانی سەرزەمینی بەیەكەوە گرێداوە.

لێرەوە ئەم كائینە واتە مرۆڤ " بووە بەیەكێك لەسەر مەشقی رێڕەو و پەرەگرتنی ژیارەكان و گەشەی كردوو بوو بەسەرداری ئەو رەگەزە ئاژەڵیانەی كە لەخۆیەوە نزیكن"(١). هەروەك ئەوەی كە لەڕووی زانستییەوە داروین سەلماندوویەتی، بەڵام ماركس ئەم باسەی تەنها وەكو پاڵشتی كردنی تیۆرەكەی تەماشا كردووە دژ بە گوتاری ئایینی كە پایەیەكی بنچینەیی سیستمی سەرمایەدارییە، ئەگەر نا ئەو لەو بڕوایەدا نەبووە كە مرۆڤ لە ئەنجامی

گەسەندنی لەگەڵ مەیموون ئەو فۆرمەی وەرگرتبێت، ئەمەش لە نامەکەی بۆ شفایتزەر دیارە کە پێکەنینەوە تەماشای ئەو تێزە دەکات.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی مرۆڤ جیاوازییەکی گەورەی لەگەڵ ئاژەڵ هەیە، ئەویش بەکارهێنانی لۆژیکە، بەڵام ئەرستۆ پێیوایە کە مرۆڤ لەوێوە دووچاری کێشە هات، وەختێك خۆی خستە دەرەوەی سرووشت و خۆی کرد بە سەرداری هەموو گیان لەبەرەکانی تر کە بەشێکە لە بەرهەمی سرووشت، وەختێك مرۆڤ خۆی دوور خستەوە لە سرووشت، لەوێوە کێشەی بۆ درووست بوو، یان بابڵێین لەوێوە ململانێ سەریهەڵدا.

ئەم پرسە کە بەگوێرەی پێودانگ و پێوانەکانی کۆمەڵگەی پەڕەگرتوو بەئینترۆپۆلۆژیا ناسراوە، پێشتر شێواز و ناوەڕۆکی ئاڵۆزی هەبووە، کێشەی سەرەکی ئەم چەمکە واتە ئینترۆپۆلۆژیا. مەترسی ئەو گومان و دوودڵی و ڕاڕاییە بوو کە فرەخودایی فرە هزری، بۆ دەسەڵات بەجێهێشت بوو لەخودو خودادا باوەڕێکی ئاڵۆزی وەلاوە نابوو، سوقرات لەهزرێکی ئەخلاقی و ریشەییدا ئەم پێوانەو یاسایەی تێکشکاند کە پێشتر لەسەردەمی گریکیەکاندا شاعیری بەناو بانگ (زینۆفانس ٥٧٠_ ٤٨٠ پ.ز) **یەکەم کەس بووە دژی ئەو بیرۆکەیە وەستا کە خوا مرۆڤی لەسەر فۆڕمی خۆی درووست کردووە، بەپێچەوانەوە مرۆڤ لەسەر شێوەی خۆی وێنەی خواوەندی وێنا کردووە،** ئەم تێگەیشتنە هەڵاو زەنایەکی زۆری لەیۆنانی کۆندا نایەوە، بەڵام دواجار سوقرات زانستیانە تر ئەم چەمکەی موناقەشەکرد و کردی بەکۆجیتۆیەك و بەمرۆڤی گوت " ئەی ئەو کائینەی لەسەنتەری دەسەڵاتدا ڕاوەستاوی وەخەبەربێ و بەرلەهەر شتێك (خۆت بناسە)" (٢). ئەم کۆجیتۆیەی سوقرات سەبارەت بەگەردوون و خوودناسی، تێکەڵ بەنهێنیەکانی سرووشت بوو کە تائێستاش کاری پێدەکرێت، هەڵبژاردنی ژیانی تەنهایش لەلایەن مرۆڤەوە لەو گومانەوە سەریهەڵداوە کە ناتوانێ کێشە ئاڵۆزەکان یەکلایی بکاتەوە، جەنگ لەپێناو ئەم ئامانجە بێ هودەیەش

لەغەریزەی مانەوەدایە و تەواوبوون و داستانەکان و پاڵەوانێتی بڕانەوەی ژیان لەجوغزێکی دیاریکراودا، باشترین سەلمێنەری ئەم بۆچوونەیە.

بەلەبەر چاوگرتنی ئەو نەرجسیەتەی کە مرۆڤ بۆخۆی هەیبووە و تا ئێستاش ناتوانێ بە لۆژیکی سرووشتگەرایی وەڵامی بداتەوە، یان ئەوەی پارت و ڕێکخراوە سەوزەکانی ڕۆژئاوا کە دژی تێکدانی ژینگەن، وەڵامی ئەو کێشەیە بدەنەوە کە مرۆڤ خۆی خولقاندووە، بۆیە فەلسەفە کردی بەئەرکی سەرشانی مرۆڤ. هەر بۆیە "شانازی بەرەچەڵەکی خودیەزدانییەوە کردووە، چونکی یەکێك بووە لەو فاکتەرە یارمەتیدەرانەی بۆ تێکشکاندنی هەر پەیوەندییەك کە بەجهانی ئاژەڵەوە بەستوویەتی" (٣). هەروەك چۆن فرۆیدیش لەرووی دەرونشیکاری موناقەشەی ئەم پرسەی کردووە بەڵام تێزەکەی لە چەشنی داروین نەبووە بیگەڕێنێتەوە بۆ درێژەپێدەری ئاژەڵ و دەڵێ" مرۆڤ ئەو کائینەیە کە بەر لەئاژەڵ هیچ نەبووە" (٤). مەبەستی فرۆید ئەوەیە کە مرۆڤ لەئاژەڵ چاکتر نەبووە، بەڵکو لەهەمان سۆڵاوی ئاژەڵانەوە هاتووە و خۆی بوونی هەبووە، هەروەك چۆن نزیکایەتی هەیە لەگەڵ بنچینە فکریەکەی.

(ئەرستۆ تالیس) کە دەڵێ " مرۆڤ کائینێکی لوژیکیە، بەڵام کە تائێستا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی نیشانەکان و هاوشێوەکانی نێوان خۆی و ئاژەڵ بسڕێتەوە، جارێك لە پێکهاتەی جەستەیی و بایلۆژیەکانەوە، جارێکی تر لە پێکهاتەی سایکۆلۆژیدا نیشانەکانی دەرکەوتووە". بۆیە (هۆسرێل) لەو خاڵەدا دەگاتە قەناعەت لەگەڵ ئەرستۆ کە مرۆڤ ناوەڕۆك و هۆکاری بنەڕەتی و بوونە.

**کەوابوو هەر مەبەستێك لەپشت گەڕانەوەبێت بۆ سەلماندنی بوونی ئیدیالیستی یان ماتریالیستی، ناتوانێ بەبێ بوونی بابەتەکان و بێ پشتگیری مێژوویی و بەبێ ئینترۆپۆلۆژیا مانایەکی سەربەخۆ، یاخود پێناسەیەکی سەربەخۆی پێبدات،چونکی فەرامۆش کردنی هەریەکێك لەو مەعقولیەت و لامەعقولیەتە بوونی گەردوون و بنچینەکەیەتی، پێشمەرجیش ئەوەیە کە هەموو تاکێك**

**دەتوانێ خۆی ساغ بكاتەوە لەگەڵ دەوروبەر و كۆمەڵ و سرووشت و بنچینە ئیدیالیستی و ماتریالیستیەكان.**

هەموو ئەو بیردۆزە فەلسەفییانە كاریگەریان لەسەر زەینی مرۆڤ نەكرد, تاكو هۆشیار ببێتەوە و بزانێ كە كێشەی بنچینەیی ململانێیەكە لەنێوان خودی خۆی و خۆی. واتە چینایەتییە كە بەشەر خۆی خولقاندوویەتی. هەتا ماركس هات و ئەو دابڕانە فكرییەی پێشكەش نەكرد شۆڕشێكی ناوەكی خولقاند تێنەگەیشتنەكان خورافی بوون و ریشەی ئەو كێشەیە ئاشكرانەبوو.

شتێك كە (فیورباخ ١٨٠٤_ ١٨٧٢) بۆ خوێندنەوەی سرووشتی مرۆڤ پشتی پێ بەستووە، ئەو دژایەتی كردنەیەتی لەگەڵ رەگەزی ئاژەڵ و بەشت بوون و نامۆ بوون و ئەو ئاینزایەی كە لەمرۆڤایەتیدا دەبێتە شت، هەڵبەت ئەو دابڕانە مەعریفییەی كە ماركس لەفكری فیورباخ سەبارەت بەجەوهەری سرووشت و بوون نیشانیدا، جۆرێك لەدەوڵەمەندكردنی ئەم چەمكەیە، دیارە ماركس لەخوێندنەوەیەكی ماتریالیدا بۆ گەشەی هێزە كۆمەڵایەتییەكان دەیگەڕێنێتەوە كە بەلای ئەوەوە مرۆڤ بوونەوەرێكی سرووشتییە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا شتێكی هێشتا ناتەواوە سەبارەت بەچەمكی مرۆڤ" (٥). ئەم تێگەیشتنە لایەنێكی گرنگ لەهەقیقەت دەپێكێ، چونكی " مرۆڤ جگە لەخولقاندن و سەلماندنی بوون شتێكی دیكەی لەتوانادا نییە، لەبەر ئەوەی لەرێگەی حاڵەتە خودی و بابەتییەكانەوە هەڵدەستێ بەئەنجامدانی گۆڕینی شتەكانی دەورووپشتی"(٦).

مادام مرۆڤ لەو رێگەیەداو لەگەڵ رەوتی پەرەسەندنی مێژوواو لەپرۆسەیەكی درێژخایەندا خۆی بەرهەمهێناوە، كەواتە توانای ئەوەی هەبووە بیسەلمێنێت كە بونەوەرێكە دەبێت لەسەنتەری عەقڵدا بووەستێ.

بەشێكی زۆری ئەم تایبەتمەندێتیەش، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیاوازییەی كە لەنێوان خۆی و ئاژەڵدا بینیویەتی، كەواتە شایستەی دەسەڵات و خاوەندارێتییە، بەڵام بەو نموونەیە نا كە پێشكەشی كرد و خۆشی تێیدا زەرەرمەند بووە، بۆ نموونە بەكارهێنانی عەقڵ بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و راوەستان لەسێنتەر،

خاڵی سەرەتاییە لەو جیاوازیانەی کە لەگەڵ کائینەکانی تردا هەیەتی، ئەو هەقەشی بەخۆیداوە ببێتە سەرداری هەموو شتەکانی دەوروبەری کە بەناوی عەقلانیەتەوە بۆتە کرۆکی ئەو ململانێیەی کە مێژوو لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی، هەر لێرەشەوە موڵکایەتی تایبەتی سەرەتای پەیدابوونی تموحەکانی مرۆڤ بووە، هەر لەم سۆنگەیەشەوەیە کە (یۆرگن هابرماس) گەورە بیرمەندی پاشماوەی سەدەی بیستەم، پێی وایە ئەو عەقڵمەندییەی (ئەمانوئێل کانت) باسی لێوەکردووە و ئەو پشت بەستنەی کە سیستمی سیاسیی پشتی پێبەستووە بە عەقڵەوە، ئەوە بەرهەمەکەیەتی کە ئینسان خۆی ناناسێتەوە و دژی خۆی وەستاتەوە لە هەموو کایەکاندا، بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا لەگەڵ ئەوەی سوودێکی زۆری بۆ مرۆڤ هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکە لەو جەنگەی دەرهەق بەخودی مرۆڤ و ئازادییەکانی دەکرێت، دووبارە کردنەوەی مێژووە بە پەرەگرتنی تەکنۆلۆژیا و پێشکەوتنەکانی وەکو پێشبڕکێی نێوان کۆمپانیاکان.

**ئینترۆپۆلۆژیا... میتۆدێك بۆ هۆشیاری نەتەوەکان**

ئازادبوونی مرۆڤ لەنهێنیە گەردونییەکان و وەهمی دەسەڵاتخوازی تەنها کارێکی جەستەیی نییە، بەڵکو کردەیەکی زەینی و فکریشە کە لەمیتۆدۆلۆژیاکاندا هاتووە و بەشێك لەو هەقیقەتە مێژووییە پێکدێنێ (میتۆدی ئازادبوونی مرۆڤ، جەخت لەسەر پێشەکییە فەلسەفیەکان دەکاتەوە و ناتوانێ ببێتە میتۆدێکی سەربەخۆ، جگە لەئازادییەکی وەهمی).

هیگڵیش لەمبارەیەوە **(مرۆڤ هاندەدات ببێتە خودێکی هۆشیار، لەبری ئەوەی هۆشیارییەکی خودی و ئینسانی پەیدا بکات و مرۆڤ ببێتە کائینێکی هەقیقی، مەبەست لەمرۆڤی هەقیقی ئەوەیە کە لەدونیایەکی هەقیقی و مەوزوعیدا بژی و ئاراستەیەك بۆ دونیا دیاری دەکات، دەبێتە کائینێك کە دونیا لەسەر سەری راوەستاوە).**

بۆیە هیگڵ دەیتوانی جارێکی تر کۆنترۆڵی هەموو سنوورەکان بکات، ئەو سنوورانەی کە لەوجوددا دروستکراون و بونیان هەیە، ئەو پێیوابوو ئەوەی کە لەهەستی خراپ و ئینسانی هەقیقیدا هەیە، بۆتە میتۆدی ئازادی، ئازاد بوون لەوەهم و تێڕامان و خۆ بەدەستەوەدان، هەموو ئەمانە قسەگەلێکن بۆ ئازادی و چەمکی ئینترۆپۆلۆژیا کە هێشتا وەزیفەی تایبەتی خۆی وەرنەگرتووە لەنێو فکردا، بەڵکو ئەو باوەڕانەی لەنێو فەلسەفەدا وەبەرهێناوە کە لەکۆمەڵناسی و ئینترۆپۆلۆژیادا بونیادەکەیان پێکهێناوە، ستایلی مایەکی سۆسۆلۆژیای میللەتانیش، باسێکی سەرانسەرییە لەمیتۆدەکانی مارکسدا و یەکێك لەشارێگە بنچینەییەکانی مێژوویی بیری سیاسییە کە رەخنەی لەفکری پێش خۆی پێگرتووە.

مارکس لەدەستنووسە فەلسەفیەکانیدا سەبارەت بەو ئۆبژێکتانەی فیورباخ شانازی پێوە کردووە بەر لەمردنی، دەڵێ" ئیتر کاری ئێمە تەنها رەسم کردنی خەتی زەینی نییە لەنێوان ئێستاو رابردوودا، بەڵکو تەواوکردنی فکری رابردووە و تەرجەمەکردنیەتی بۆ سەر ژیانی واقیعی و کۆمەڵایەتی کە بەشەریەت لەسەرەتای هاتنییەوە دەستی پێکردووەو لەخاڵی سفرەوە دەستی پێناکات، بەڵکو هەڵدەستێ بەتەواوکردنی کارە کۆنەکانی پێشووی، بەڵام بەهۆشیارییەکی نوێوە"(٧). مەبەستی مارکس ئەوەیە کە چیتر کاری فەلسەفە دووبارە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە وەهمی و فەنتازیایە نییە کە ململانێکان پشت گوێ دەخات لە پێناو مانەوەی ئەو سیستەمەی ژیانی یونیڤێرساڵی بێ هیومانیزم بەڕێوەدەبات، هەروەك ئەوەی ئێستا سەرمایەداری لە لۆتکەی دەسەڵاتی ئابووری و فەرهەنگی خۆیدایە، کەچی ژیانی ئینسان لەژێر هەڕەشەدایە.

دەیارە دەسەڵات و دەوڵەتی سیاسیی لەهەموو شوێنێکدا وابیردەکاتەوە کە عەقڵ جێگیر بووە، بەڵام رووبەڕی دژایەتی ئەرکداری ئیدیاڵ و گریمانەو واقیعەکانی خۆی دەبێتەوە، کەواتە لەهەموو شوێنێکدا و لەناخی لەناوچونی دەوڵەتی سیاسییدا هەقیقەتی کۆمەڵایەتی گەشەدەکات " هەڵبەت مارکس

لەهەڵسەنگاندنی دەوڵەت، واقیعی ئابوری لەبەرچاو دەگرێت و بەیەکێك لەئامرازەکانی چینی فەرمانڕەوا تەماشا دەکات، ئەم تێڕوانینەش لەوێوە سەرچاوەی گرتبوو کە تا ئەوکات موناقەشە لەسەر ئازادکردنی ئینسان بوو لەخودەوە بۆ گشت، واتە ئازادکردنی کۆمەڵگە لەململانێی چینەکاندا، چونکە تائەوکات نەبوبوو بەبەشێك لەئینترۆپۆلۆژیای فەرهەنگی، هەروەك چۆن ئیترۆپۆلۆژیا ناسی نەبۆتە ئازادی خوود، ئەم دانپیانانە تایبەتمەندییەك لەشێوازی کۆمەلایەتی و کێبەرکێی بەردەوام لەنێوان (هێزی شتەکان) و هێزی شەرعیدا بەرجەستە دەکات، ئەمەش ئەوە دەگەێنیێ کە هاتنی هەندێك لەرەوتە فکرییە سیاسییەکان لەسەدەی هەژدەهەمدا سەریهەڵدا و بەشێك بڕوایان بەڕیفۆڕمی کۆمەڵگە هەبوو لەرێگای خودی دەوڵەتەوە و بیخەنە سەر راستە رێگەیەك، بەتایبەت (مارکس و ئەنگڵس) کە هەردوکیان تەبابوون لەسەر نەخشەیەك بۆ ئینترۆپۆلۆژیای ئابوری، لەگەڵ رۆشنکردنەوەی ئەم چەمکە لەشێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیەوی و ئینترۆپۆلۆژیای سیاسیی کە بەچاوی ئیعتبارەوە وەرگیراوە). (٨).

شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی لەتایبەتمەندییەکانی شارستانیەتێك جیا لەشارستانیەتی خۆراوایە و ئەم ئەگەرە بوونی هەیە کە وەرچەرخانی مێژوویی بەپێی گروپە مرۆییە جۆراوجۆرەکان، چەندین هێڵی تێپەڕاندووە نەك یەك هێڵ، لەلایەکی ترەوە وابیردێتەوە کە تایبەتمەندی شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی پەیڕەوی کۆیلەیەتییە، بەندە و بەکرێگیراوان لەچینی خاوەن ئامرازی بەرهەمهێنان نەبووە، بەڵکو پەیڕەوی زەحمەتکێشان لەدەوڵەتە، ئەگەر ئەم راڤەکردنەی شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی درووست بێت، پێکهاتەی کۆمەلایەتی لەرێگەی ململانێی چینایەتی بەواتای خۆراوایی ئەوە دەستنیشان ناکرێت، بەڵکو تایبەتمەندی ئەو ئەوەیە کە هەموو کۆمەڵگا لەژێر سێبەری چەوساندنەوەی دەوڵەت یان چینی بیرۆکراتدایە". (٩). هەرئەم فکرەیەش وای کردوو وارێکخرا کە لەگەڵ کۆمەڵگای رۆژهەلات و دیاردە مێژووییەکاندا بێتەوە

کە هەندێکیان لەو ریواتانەدا وەسف کرابوون کە گەشتیارەکان بۆ رۆژهەڵات و وڵاتانی وەکو هیند بەچیرۆکی سەرسوڕهێنەر دەیانگێڕایەوە"(١٠). ئەلێرەوە ئەم چەمکە لەدیدی مارکسدا لەرووی مێژووییەوە سەرچاوە دەگرێ کە لەکۆلۆنی یەکەمەوە هاتووە، دیارە باری کۆمەڵایەتی ئەم کۆمەڵگەیە لەسەر بنچینەی سۆسیالیستێکی سەروەتی پێکهاتبوو، کۆلۆنی یەکەم ئەو کۆمەڵە خەڵکە بوون کە لەشاری (ژوار) ی سەر بە مەکسیکی ئامریکای لاتین، ئەوان وەکی کۆمەڵەیەکی یاخی هەڵکەوتبوون لەدەسەڵاتی کلێسای (لۆتەر) خۆیان جیاکردبۆوە، پاش دەساڵ لەئەزیەت کێشان لەژێر دەسەڵاتی ئەم سیستمەدا، ئەمانە کە خەڵکانێکی هەژار بوون و تەنها بەیارمەتی (کواکر) ی مرۆ دۆستەکانی لەندەن وئەمریکا توانیان بگەنە شوێنی خۆیان و قەشەیەکیان بەناوی (بۆملەر) دەستنیشان کردو لەپایزی ساڵی ١٨١٧ گەیشتنە فلادلفیا، هەر کەگەیشتە ئەوێ ٧ پارچە زەویان کڕی کە بەهای هەر پارچەیەك ٦٠٠٠ دۆلار بوو کە دەبوو بدرێتەوە، بەڵام بۆ هەر کەسێك چەند دۆلارێکیان هەبوو، ئیدی تەخت و پوخت ئەو بڕپارەیان خستە خزمەتی کشتوکاڵ و دانەوێڵەو ئامرازەکانی گەشەسەندن و پێداویستیە خزمەتگوزاریەکانەوە، هەر لەوێش بەعەدالەت پارچە زەویەکانیان لەنێوان خۆیاندا دابەش کرد"(١١). ئەم حیکایەتە مێژووییە بۆ مارکس دەبێتە زەمینەیەکی لەبارتر بۆ کارکردن لەسەر چەمکی ئینترۆپۆلۆژیای ئابوری و بیرکردنەوەی لە ژیانی یەکسانی دوور لە ستەمی چینایەتی، ئەمە جگە لەفەلسەفەی ئەبیکۆرسی یۆنانی کە مارکس دکتۆراکەی لەبارەی سۆسیۆلۆژیا نووسیوە، تیۆرەکەی دیکە بریتییە لە تێزەکەی داروین کە لەباری زانستی و مێژووییەوە گەشەی مرۆڤ و ئاڵوگۆڕە بایلۆژیەکاندا پشتگیری فەلسەفەی ماتریاڵی دیالیکتیکی کردووە. لەکاتێکدا رەگوریشەی خێڵ و خێزانە سەرەتاییەکان و قۆناغی پیش مێژوویی بەشەریەت، داروین لەکتێبی (اصل الانواع) دا تیۆریزەی کردووە.

ئەگەرچی بەپێی بۆچوونی هەندێك لەزاناكانی بواری زیندەوەرە گەردیلەكان و بۆماوەكاندا لەم دواییەدا هاتبوو كە داروینیزمی نوێ ناوبانگی دەركرد و جۆرێك شكانەوە بوو لەچەمكی سەرهەڵدانی بەشەریەت و زیندەوەرەكاندا، بەڵام داروین پێی وابوو كە هەڵبژاردنی سرووشت لەلایەن مرۆڤەوە, ئەوە ئەگەێنێ كە داكۆكی كردنی زیندەوەرەكان لەپێناو مانەوەدا ئەوە دەخوازێ كە ئەندامەكانی یان كارەكانی پەرەدەستێنێ تاكو لەو ژینگەیەدا خۆی بگونجێنێ، سرووستیش بەهێزەكان هەڵدەبژێرێت بۆمانەوە، بۆیە لەم دژایەتی كردنەدا هەندێك لەناو دەچن و هەندێكیشیان تاجێگایەك لەشێوەیەكی تردا باشتر دەگونجێن و بەردەوام دەبن. لێرەوە نەتەوەكان كە بەناچار كەوتنە نێو ململانێیەكی نابەرابەر و بێ چارەنووس. تێگەیشتن لە وەی لەپشت چەمكی ئینترۆپۆلۆژیاوە. هیچ فەلسەفەیەك نییە ئینسان رزگار بكات لەو میحنەتەی دووچاری هاتووە. هەروەك ئەوەی بەشی زۆری نەتەوەكان كە تائێستا شوناسیان وەكو رەچەڵەك دیارنییە وكراون بە خاوەن میتۆلۆژیا و مێژوو، كەچی دەیان نەتەوەی بندەست ماون خاوەنی موڵكی ئینترۆپۆلۆژیاشن و هیچ بەهرمەندنین لێی و ژیانیشیان دوورە لە خۆشگوزەرانی وەكو رۆژئاوا، كەچی جگە لەوەی بوون بە سووتەمەنی سیاسەت و سیستمی سەرمایەداری هیچ شتێكیان بەدەست نەهێنا تاكو شانازی بە میتۆلۆژیا و فەرهەنگە مێژوویەوە بكەن كە دەوڵەت شانازی پێوە دەكات.

### مرۆڤی نامۆ... مرۆڤ ئامێری

كاتێك چەمكی نامۆیی موناقەشە دەكەین مەرجە هەردوو بارە دەروونییە تەندروستەكەو بارە ئابورییەكە كە هۆشیاریە لەبەرچاو بگرین، مەبەستمە بڵێم نامۆگەری لەسرووشتی مرۆڤدا شتێكی ئەزەلیە كە ولامدانەوەی شتە نهێنیەكانی پێ نییە، مردن بەشێك لەونهێنیانە پێكدەهێنێت، بەڵام نامۆگەری بەمانا فەلسەفیەكەی لەدەرەوەی (جوگرافیا و زمان و سایكۆلۆژیادایە) هەربەم شێوەیەش نامۆبوون بۆدابەزاندنی چالاكی خۆبزوێنەرو ئازادی مرۆڤ بوو

بەئامرازێك، ئیدی ژیانی نەوعی بووە هۆی ئەوەی مرۆڤ تەنها وەکو ئامێرگەلێکی لێبێت "سرووشت وەك چۆن ئامێرەکانی ژیان بۆکار دەستەبەر دەکات، بەمانای ئەوەی کاری شایستە بێت ئەو شتانەی کە کاریان لەسەر دەکرێت ناتوانرێ ژیانی تێدای هەبێت، بەمانایەکی تر هەندێ جار ئامێرەکان ژیانیش دەستەبەر دەکەن، واتە ئامێرگەلێك کە بۆ زامن کردنی ژیانی مەتریالی خودی کرێکار پێویستە" (١٢). ئیتر ئەم چەمکە کەوتە نێو بەها فەلسەفیەکانی وەك دەروونناسی، دواتر بوو بەتیۆرەیەکی رەخنەیی لەکۆمەڵگەو دواجاریش پێکەوە لکاندنی بەماتریالیزمی دیالکتیکەوە، هەروەك چۆن ئەم زەرورەتە لەقوتابخانەی فرانکفۆرت دیراسە کراو لەسەردەستی (تیۆدۆر ئادۆرنۆ و هۆرکهایمەر) و دواتریش مارکۆزە و فرۆم هتد) وەك تیۆرێکی رەخنەیی لەکۆمەڵگەو سیستمە فەرمانڕواییەکەی، **بەڵام وەك (ویلهێم رایش) ئاماژەی پێدەکات، ئەوەی کە فرۆید کاری لەسەر کردووە تەنیا ئاشکراکردنی شتە نێگەتیڤکانی کۆمەڵگەو دەرهاویشتەکانی دەسەڵاتی باوکسالاری و نەخۆشیە دەروونیەکانە، بۆیە ناکرێ بەراورد بکرێ لەگەڵ فەلسەفەی مارکسیزم، چونکی ئەم فەلسەفەیە بۆ گۆڕینی ئەودونیایەیە کە چینەکانی لەبەرانبەر یەکتردا راگرتووە هەم خەیاڵی دابڕانێکە لەگەڵ ئەم دونیا واقیعییە سەپاوەی سەر ئینسان بە گشتی،** بەمەش مارکس پشت بەو مەتریالە بەشەرییە دەبەستێ کە لەبزوتنەوەیەکی جەماوەریدا خۆی دەنوێنێ و هێزی هەیە، ئەم چەمکەشی لەوپێناسەیە دەرکرد کە تەنها نەخۆشیەکی دەروونییە و بەس، بەڵگەش بۆ ئەم راستیە ئەوەیە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی بەرهەمهێنەرە، بەڵام کاتێك لەبەرهەمی کارو چالاکیەکانی بێبەش دەکرێ، تەنها وەك ئامێرێك چاوی لێدەکرێ، دووچاری نامۆبوونێکی رۆحی و جەستەیی دەبێت، ئەمە لەباری ماتریالیەوە، لەباری فەرهەنگیشەوە ئەوکاتە خۆی بەنامۆ دەبینێ کە وەك تاك لەگەڵ فەرهەنگی کۆمەڵگەدا نایەتەوەو دادەبڕێ و نایەوێ لەبۆتەی شتە باوەکان بمێنێتەوە کە لەگەڵ بیرو بۆچونی کۆمەڵگەدا تەریب بێت، لەلایەکی ترەوە مرۆڤ کاتێك

دەڕوانیٚ لەدونیایەکدا سامانێکی لەبن نەهاتووی تێدایە و بەهرەمەند نییە تیایدا، هەروەك چۆن وزەی خۆی لەرێگای مەرجە هەقیقیەکانەوە دەخاتەگەڕ و بەشێوەیەك لەشێوەکان دەیگوازێتەوە بۆ ناو واقیعێك کە لەبەرانبەر واقیعێکی تردا ناکۆکی هەیە و دەیەوێت لەناوی بەرێت، ئاوەهاش دەیەوێت لەدەرەوەی شتە داسەپاو و سنوردارەکان هەڵبسوڕێت، ئەمەش پێچەوانەی ئەو دەربڕینەیە کە خوود بەئەندازەی گەورەیی گەردوون گومانی لەخۆی هەیە،هەروەك چۆن خراپ کەڵك وەرگرتن لەو دەستی کارەی کە لە ئاسیا و وڵاتە بیٚ شوناس و نەبوو و نەدارەکان لە کۆمپانیا زەبەلاحەکان دەبینریٚ، یان لە درووستکردنی سیگار بەدەستی کچە کوبییەکان، یان ناچارکردنی ئەو رەشپێستانەی کە لەقەراغ دەریاکان رێگرییان پیٚ ئەنجام دەدەن، یان ئەو منداڵ و ژنانەی کە بازرگانیان پێوەدەکرێت و بۆ کاری سێکسی و فرۆشتنی ئەندامی جەستە و هتد.

لەڕاستیدا نامۆبوونی مرۆڤ پرسێکی فەلسەفییە، رەنگە بشیٚ بۆ ئەوەی مرۆڤ وەك سەنتەری عەقڵ خودێتی خۆی بەئەندازەی جەوهەرێکی گەورەتر لەوقەوارەیە ببینیٚ، بەڵام دواجار هەر ئەم تێڕوانینە گشتگیرتر دبێت و لەبارەکانی دیکەشدا دژ دەوەستێتەوە، لێرەوەیە خوێندنەوەکەی مارکس بۆ نامۆگەرایی پێچەوانەی خوێندنەوەکەی قوتابخانەی فرانکفۆرتە بۆ فکری مارکس کە پێکهاتووە لە سەرمایە و تێزەکانی دیکەی لەبارەی کۆمەڵناسییەوە بۆ رۆژئاوا، چونکی یەکەم کارێك کە پێی هەڵساوە لەڕووی دەروونییەوە لەقوتابخانەی فرانکفۆرت لەسەر ئیشکیالیاتەکانی تیۆری و رەخنەیی کۆمەڵگە نووسینی گەشەسەندنی عەقیدەیی ئایینی مەسیحی بوو کە بەناونیشانی "میتۆدو وەزیفەی سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی و شیکردنەوەکانی نووسیویەتی تەندرووست نەبووە، ئەو میکانیزمەی کە بۆ ئینسجام کردن و شیکردنەوەی دەروونی میتۆدی مارکسی بەکاری هێناوە گونجاو نییە"(١٣).

هەر لەو سەروبەندەدا کە قسە لەسەر دوالیزمیەتی چاکەو خراپە دەکات، ئەو چیرۆکانەش کە بۆ نموونە هێناویەتیەوە دەڵیٚ" پێویستە لەسەرخوا بەڵێنەکانی

بباتەسەر هەروەك چۆن مرۆڤ بەڵێنەکانی خۆی دەباتە سەر" (١٤). لەویٚ لەو بیرۆکەیەدا باس لەوەدەکات کە کریستیانەکان, ئەگەر پێشتر وەك خاوەن کێشەیەکی مرۆڤایەتی سەریهەڵداو بەمەبەستی ئەوەی عەدالەتێك بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی بەرهەم بێنێت کە دواتر بۆسەر ژیانی واقیعی تەرجەمە کرایەوە بوو بەسیستمێکی دەسەڵاتدارێتی، هەروەك چۆن کێشمەکیشمی کاسۆلیك و پرۆتستانت و پێشتریش حوکمڕانیەتی ئیمبراتۆریەتی رۆم و ئیماندارە مەسیحیەکان لەئارادابوو، ئەمە لەکاتێکدا واقیعیەتی دوالیزمی ژیان و بەریەك کەوتنی دژەکان و چارەسەرکردنی لەنێو مێژوو بەتەواوی لەنێو باوەڕدارە تیۆریستەکان خەیاڵێکی درووست کراوە کەرەخنەگرەکانی مێژوو پێکیان هێنابوو، ئەوەش کە لەنێوان خواو ئینسانەکاندا پەیوەندییەك هەیە ئەگەرچی ناتوانین بڵێین وەهمە، بەڵام لەڕاستیدا لەفەرامۆشکردنی واقعێك بەولاوە هیچی تر نییە. هەڵبەت بەشێکی ئەم ململانێیەی نێوان مەزهەبە مەسیحیەکان، بەشێك بوون لە کێشە و ململانێی کۆمەڵایەتی، چونکە چینەکان ئەم شێوازی پەیوەندییە و تێکچوونەکەیان دیاری دەکرد، "پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بریتییە لەو تەوەرە سەرەکییەی کە هێزی سیاسیی بەسەردا دابەشبووە و رێکخستنی سیاسیش پشتی پێدەبەستێت، مارکس پێی وایە هێزی ئابوری و هێزی سیاسیی پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بەیەکترەوە هەیە و بگرە ئەگەری لێکدابڕانیان نییە" **(١٥)**. چونکە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا خاوەندارێتی بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیووە، خاوەندارێتی زەوی کە جوتیارەکانی بە زەوییەوە گرێدابوو، ناچاری کردبوون لەسەر ئەو بنچینە ئاینییە بووەستن و بمێنمەوە بۆ نەوەکانی داهاتووە، تاکو ئەو رادەیەی کە ئینتیماکەیان تۆختر و زاڵتر دەبوو لەبری ئەوەی ئینتیمای چینایەتییان زاڵتر بێت، چونکە جهانی کۆن زادەی ژمارەیەك خێڵ و بنەماڵە و گروپی ئایینی بوون و لەوێوە رێکەوتن لەسەر دابەشبوونی چینەکان، بۆیە پاشماوەی ئەو داکشانە ئابورییەی کە چینی ژێردەست بەهۆی ئایینەکەیانەوە هەرچی زیاتر رەگی داکوتابوو و ببوون بە کۆیلەی خاوەنداری و زەوی و ئایین و

نیشتیمان، ئەمانە هۆکاری سەرەکی بوون بۆ دابەشبوونی چینەکان لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا رەنگیدابووەوە، هەر ئەمەش یەکەم کۆمەڵگەی شارستانی بۆ بەرهەمهێنان، ئاسیاییەکان بوون کە کاری دەستییان وەکو پیشەسازی گشتی بەشەری و دواتریش لەخۆیان نامۆبن.

هەڵبەت ئەو جەنگە کە لەنێوان مەزهەبی سوننە و شیعەی رۆژهەڵاتیش هەیە، ئەگەرچی بنەمایەکی مێژویی هەیە، بەڵام زیندووکردنەوە و نوێکردنەوەی لەلایەن هێزە دەوڵەتی و نێودەوڵەتیەکان کۆمپانیاکانی دونیا لەپشتیەوەن، بۆ ئەوەیە کە وەبەرهێنانی بەشەری پێوەبکرێ و لەجیاتی بازرگانی وەکو سێکس و چەکفرۆشی و مادەی هۆشبەر و بیناسازی و هتد کاری لەسەر دەکرێت.

شیکارکردنی میژوو لەسەردەمی مەسیحەوە جۆرێك لەتەسك بینی مێژووی بەشەریەت بوو کە مارکس ئاماژەی پێداوە، ئەو فاکتەرانە تێکەڵ بەدیالکتیکی مێژوویی بوون و لەگەل ئەزموونەکانی ژیاندا لەرووی نەوعی و باری کۆمەڵایەتی و مێژوویشەوە تێکەڵ بەیەکتر بوون "(١٦). لەبەشی یەکەمی کتێبی کاپیتالیزمدا هاتووە " ئەو پاڵنەرانەی دەبینرێن لەرووی فۆرمەوە لەژیاندا بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەیە بۆ سرووشتی مرۆڤ "(١٧). لەلایەکی دیکەوە سەبارەت بەپێویستییە دەروونی و غەریزیەکانیش هاتووە" ئەوە تێربوونی پێویستییە بنچینەییەکانە وادەکات بەرەو پێویستیە نوێیەکان بچین، لەهەمان کاتیشدا بابەتی بەکارهاتوو لەرێگای شتە بەکارهێنراوو پاڵنەرەکانەوە بەکاردەهێنرێت، تەنانەت خودی ئینسانیش لەرێگای تێربوونی پێویستیەکانیەوە بەرهەمدێن و ئیشکالیاتە نوێیەکانیشی هەر لەنێو ئەم پێویستیانەدایە کە پێویستی نوێ دەخولقێنن"(١٨).

ئەگەرچی ئەریك فرۆم پێی وایە چەمکی سایکۆلۆژیا و مەتریالیزم پێکەوە وێڵدەکەن، بەبۆچوونێکی هۆشیارانە نەك بەوەسفێك بنچینەی مێژوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە وەکو هێزێکی تری شاراوەیە"(١٩). ئەوەی ئەریك فرۆم شیکردنەوەی بۆ کردووە، زیاتر زاڵ بونی لایەنی دەروونییە کە لەمرۆڤی تاکدا

دەبینرێت، بەتایبەتی ئەو تاکەی کە ئێستا لە سایەی سەرمایەداری هاوچەرخ و گەشەی تەکنۆلۆژیاوە وەکو ناونراوە نەوەی نوێ هاتۆتە پێشێ، هەڵبەت ئەم بابەتە بەشی زۆری بیرمەندە نیو مارکسییەکانی رۆژئاوای سەرقاڵ کردووە کە هیچ بەهایەك بۆ ئاوارتە و دابڕانی فکری نەهێشتۆتەوە، هەروەك چۆن بەهای کتێبی دابەزاندووە بۆ ئاستێك کە مرۆڤێك کتێبی بەدەستەوە بێت لەنێو کۆمەڵگە و لەنێو شەمەندەفەر و میترۆ. بەکەسی ئاسایی ناناسرێ. دەبێت دەست و پەنجە لەگەڵ تەکنۆلۆژیادا نەرم بکات، خۆ ئەگەر کەمێك دووربێت لەو فەزایەی خولقاوە، بەکەسی نامۆ بە ژیانی نوێ هەژمار دەکرێت و پێی دەگوترێت دوور لە یونیڤێرساڵ.

لەمبارەیەوە بۆچوونی مارکس یەکان وەردەگرین کە پێیان وایە" ئەو هێزە لەغەریزە بنچینەییەکانی ئینسانە، لەناو چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی چینایەتی دایە کە فرۆم دەیەوێت ئەم ئاسەوارە دەروونییە واتە ئامۆژگاریە ئاشکرا بکات کە حیکایەتی بنچینەیی و تایبەتمەندییەکانی سێکسی نین، ئیدی ئەوکاتە دەکرێت بڵێین رێگا چارەی برسێتی ئاسانە ئەویش بەدەست هێنانی بژێوی و پەیدا کردنی نانەوە، بەڵام سێکس کە ئیشکالیەتێکەو چارەسەر ناکرێ، پەیوەندی بەمێژووی سێکس و دەسەڵاتەوە هەیە" (٢٠). ئەوەش کە لەبارەی فەلسەفەوە ماهیەتی خودی مرۆڤی دیاری کردووە، بریتییە لەکۆی ئەو تایبەتمەندیە دەروونیانەی کە (غەریزەی پاراستنی خود غەریزەی موڵکایەتی تاك و غەریزەی دەسەڵات و هتد) لەجەستەی ئینساندا کۆما بووە.

## سەرچاوەکان

١: دەستنووسە فەلسەفیەکانی کارل مارکس . بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ئێران. وەرگێڕانی بۆ کوردی. ب. ئارام
٢: هەمان سەرچاوەی پێشوو
٣: گۆڤاری سەردەم ژمارە (٩) دۆسیەیەك دەربارەی مارکس ساڵی ٢٠٠٠
٤: يندريش زلنى. منطق ماركس. ترجمة. ثامر الصفار. منشورات الابحاث اشتراكية فى العالم العربى. طبعة الاولى سنة ١٩٩٠. ل١٥٩
٥: نامەفەلسەفییەکانی مارکس بۆ ئارنۆڵد. سەبارەت بەچەمکی دەوڵەت. ساڵی ١٨٤٢
٦: هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٧: الانتروبولوجيا السياسية. جورج بالاندية. ت. على المصرى. الموسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع سنة ١٩٨٩. ل٢٢
٨: هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٩: ریمۆن ئارون. قۆناغە بنەماییەکانی هزر لەکۆمەڵناسیدا. بەرگی یەکەم. وەرگێڕانی. عەبدوڵڵا رەسوڵی. دەزگای توێژینەوەی موکریان. ل٢٥٠.
١٠: الاصل العائلة و الملكية خاصة والدولة. فريدريك انجلس.ترجمة و الطبع. دار التقدم. موسكو
١١: (فریدریك ئەنگلس). ئانتی دۆهرینگ باسێك لەسەر سۆسیالیزم. بڵاوکراوەی حیزبی کۆمۆنیست. ساڵی ١٩٨٨. ل٨٠
١٢: گۆڤاری سەردەم ژمارە (١٤) ل٨
١٣: د فيل سليتر. مدرسه فرانكفورت نشاتها ومغزاها وجهة نظر ماركسيه. ت. خەليل كلفت. ص٨٣.
١٤: كارل ماركس. راس المال. جزء الثالث. ت. محمد عيتانى. طبعة لبنان. سنة ١٩٩٩. ل١٠

١٥: هەمان سەرچاوەی پێشوو

١٦: ئـــانتۆنیۆ گیـــدنز. ســـەرمایەداری و تیـــۆری کۆمەڵایـــەتی هاوچەرخ.خوێندنەوەیەك بۆ کارەکانی مارکس و دۆرکهایم و فیبەر. وەرگێڕانـی. ئارام ئەمین شوانی. بڵاوکراوەکانی کتێبخانـەی ئـاوێر. هـەولێر. سـاڵی ٢٠١٦. ل٩١

١٧: مرۆڤ لەروانگەی مارکسەوە. ئـەریك فـرۆم. وەرگێڕانـی هـەنگاو سـاڵی ٢٠٠٠

١٨: د فیل سلیتر. مدرسة فرانكفورت نشاتها ومغزاها وجهة نظر ماركسية. ت. خليل كلفت

١٩: يندريش زلنى. منطق ماركس. ترجمة. ثامر الصفار. منشورات الابحاث الاشتراكية فى العالم العربى. طبعة الاولى سنة ١٩٩٠. ل١٩٨. ٢٠٩ . ٢١٧

٢٠: هەمان سەرچاوە پێشوو.

# تیۆرەكانی ماركس

## رەخنە و رەتكردنەوەی رابردوو

## یاسا لەمیتافیزیكاوە بۆ فیزیكا

میتافیزیك زاراوەیەکە سەرەتا لە کتێبەکەی ئەرستۆ وە هاتووە کە بریتییە لە کۆمەڵێك کتێب و لە هەمان کاتدا لەنێو یەك کتێبدایە، بەشی یەکەمی زاراوەکە میتا Meta واتە پشت یان دوای یان ئەو دیو دێت. فیزیکاphysics واتە سرووشت، یان سرووشتناسی، هەر دوو بڕگەکە لەیەکتر بدەین دەبێتە میتافیزیکا، واتا ئەودیوی سرووشت، توێژنەوەکەی ئەرستۆ لەو دوو بڕگە زاراوەییەوە سەریهەڵداوە، لەگەڵ پەرەسەندنی چەمکەکە بۆ بابەتی سرووشت و لێکۆڵینەوە لەسەر دیاردە بەرهەستەکان، بووە بە چەمك و وەسف بۆ لێکۆڵینەوە لە بوون و پاشکۆکانی دەوروبەر، واتە ئەو گاتیگۆرییانەی کە گوزارشت لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی ئەم بوونە پڕ نهێنی و سیحرە دەکەن، وەکو جەوهەر و رواڵەت کە بە خەسڵەتی جەوهەری و گۆڕان لە شتەکان ناسراوە، واتە چەمکەکە باس لە بوون و پەیوەندییە رووحیەکان و خودا و سیفەتەکانی خودا دەکات، بەو پێیەش بێت میتافیزیك واتە توێژینەوە لەبوون وەکو یەکەیەکی پڕ مانا کە واقیع تەنها دیوە ماتریاڵییەکەی ناسیوە یان بینیوە، لەکاتێکدا هیگڵ لەدوای دیکارت و کانت ەوە هاتووە، لەروانگەی خۆیەوە رەخنە لەو ستایلە دەگرێت کە کانت بورهانێکی ئەنتۆلۆژی بەدەستەوە نەداوە، بۆیە وای بینییوە کە ئیدیالیزمی خوداناسین سنوور بۆ سەلماندنی خودیش دادەنێت، ئەو گرینگی بەوە داوە کە (باشتر وایە خودا و ئینسان وەکو بوونێك لەیەکتر جودا نەکرێنەوە، یان لەنێوان جەوهەر و دیاردەدا و لەنێوان خودا و جهاندا و لەنێوان بوون و فکر و عەقل و واقیعدا جوداکاری نەکرێت)، ئەم موناقەشەیە کە هیگڵ خولقاندی و دواتریش مارکس وەکو ئەلتەرناتیڤێك دژی وەستایەوە، بە نموونەیەکی فکری ماتریالیی، ئیدی بابەتەکە بوو بە گشتیی و زنجیرەیەك پرسیاری دیکەی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە، لەوانەش مەعریفە و ئەزموونی ژیان و جوانی و ئەخلاق و هتد، بۆیە هایدگەر دوای نیو سەدە زیاتر جێپێی هیگڵ و نیچە هەڵدەگرێت و جارێکی تر پرسی بوون هەڵدەداتەوە و گومان لەو تیڕوانینە ماتریالییە دەکات،

بەڵام سارتەر وەکو جیاوازێك لەو تێڕوانینە فکریی ئایدیالیستییە، لەرێگەی فەلسەفەی هاوچەرخەوە، بوونی وەکو گواستنەوەی هەموو شتێکی ئامادە بەرەو ئیدراك برد، هەموو شتێکی لە عەقڵدا قەتیس کرد و واقیعی بوونی ئینسانی وەکو ئازارێك تەماشا کرد، چونکە ئینسان بە هەموو توانایەکەوە کە ئیلهامی لە سرووشت وەرگرتووە و لەرێگەی پیشەسازی عەقلەوە گواستوویەتییەوە، بەڵام هێشتا ناتوانێ بگاتە بوونێکی خودی خۆی وەکو تاك، میتافیزیکای کۆن پێیوابوو پێکهاتەی شتەکان بەسەرەنجامی خۆیان گەیشتوون، ئەمەش لە سرووشتناسییەوە نەشونمای کردووە، لە شتە گیاندار و بێ گیانەکانی سرووشتی وا دەکۆڵێتەوە، وەکو ئەوەی شتگەلێکن پێکهاتەیان بەدەرەنجامی خۆیان گەیشتوون، بەڵام کاتێك ئەو گۆڕانە بەردەوامەی بەسەر سرووشتدا هاتووە، ئیدی فەلسەفەی ماتریالیستی ناچار بوو مەرگی میتافیزیك رابگەیێنێت کە تاکو کۆتایی سەدەی رابردووش سرووشتناسی بەمانا ئایدیالیستیەکەی کاری پێدەکرا، بەڵام کە پرۆسەی زانستی گەشەی کردوو و فیزیا و کیمیا و کارلێکی ئۆرگانی رووەك و گیانداری و زەمینناسی شیتەڵکرد، ئیدی ئەرزشێك بۆ ئەو پەیکەرە نەما کە میتافیزیك تاشی بووی و لەپەرستگای فەلسەفیدا جێگەی بۆ کردبۆوە، ئەم بابەتە ئەنگڵس لە کتێبی دیالیکتیکی سرووشتدا باشتر و وردتر موناقەشەی کردووە و سەلماندوویەتی.

زاراوەی میتافیزیك لێکۆڵینەوەیە لەبوونەوەرەکانی سەر سرووشت، واتە گەڕان بەدوای جەوهەری شێوەکان کە لەلایەن ئینسانەوە درکیان پێکراوە، یان گەڕان بە دوای خواوەند، بەڵام ناونراوە بە ئەویدیوی واتە دیوەکەی دیکەی سرووشت، لەڕووی تیۆلۆژیشەوە مانای (خودا ناسی) یە، هەروەها مرۆڤ لە ژینگەی خۆی کە ژیانی کۆمەڵایەتییە دادەبڕێنێ و جودای دەکاتەوە، بەم شێوەیە میتۆدی میتافیزیکی ئەو شتانە جیادەکاتەوە کە پەیوەندییان بە واقیعەوە هەیە و دواتر پۆلێنیان دەکات، بە بڕوای (جیل دۆلۆز) نواندن لە کۆی مێژووی فەلسەفەدا دانان بووە بەو ئیعتیبارەی کە هەرچی تێڕوانین و نواندن

هەبووە بۆ بابەتەکان لە واقیعدا، بۆیە نواندن یەکێك بووە لەسەرەتاکانی پڕۆسەی بیرکردنەوە لەدایکبوونی میتافیزیك، هەروەك ئەوەی ئەفلاتون رووبەڕووی بووەوە، هەر بۆیە دیکارت بەدوای سەرچاوەکاندا گەڕاوە لەنێو فەلسەفە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ میتافیزیك رەسەنە و پەیوەندیی بە سرووشتەوە هەیە، بۆیە بیرمەند و فەیلەسووفەکان بە ئیرادەوە بیریان لەو چەمکە کردۆتەوە، بەڵام راستییەکەی ئەوە تەنها نواندن بووە لەنێو گۆڕەپانی فەلسەفەدا دژ بە فەلسەفەیەکی دیکە "رەنگە دووبارەکردنەوەی مەسەلەی کۆتایی میتافیزیك و مەسەلەی دووبارەبوونەوەی جمکەکەی خۆی، واتە دەستپێکردنی سەرلەنوێ بیرکردنەوە، ئاماژە بێت بۆ چەقینی بنەڕەتی فەلسەفە خۆی، رەنگە فەلسەفە پێویستی بەوە بێت بەردەوامیی خۆی، سرووشتی دووبارەبوونەوەی خۆی، بخاتە قالبی دووانە سەرسورهێنەرەکەی مەرگ، لەم حاڵەدا دەگەڕێینەوە بۆ ئیشەکەی ئالتۆسێر، چونکە ئالتۆسێر لە کاتێکدا پێیوایە فەلسەفە وابەستەی زانستە، هاوکات بڕوای بە شتێکی زۆر سەیریشە , ئەویش ئەوەیە کە فەلسەفە بە هیچ شێوەیەك مێژووی نییە، فەلسەفە هەمان شتە کە هەبووە، لەم حاڵەتەدا کێشەی گەشە و گۆڕانی فەلسەفە کێشەیەکی ئاسانە، داهاتووی فەلسەفە بریتییە لە رابردووەکەی". فەلسەفە و شۆڕش. کۆمەڵێك نووسەر. ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. ساڵی ٢٠١٨. ل١١٠ ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ کە میتافیزیکا لەفەلسەفە بەجێماوە و هیچ کێشەیەکی فەلسەفش چارەسەر ناکات، تەنانەت ئەو چەمکانەش کە ئینسان پێوەی گیرۆدە بووە، لەوانەش مەرگ و مەعزەلەکانی دیکەی سرووشت، بەوپێیەی کە کۆتا چەمکی فەلسەفە بووە کاری پێکراوە، کۆتایی میتافیزیك و دووبارەبوونەوەی جمکەکەی خۆی، دەستپێکردنی سەرلەنوێ بیرکردنەوە بێت لە قسەکەی کانت کە لەکتێبی رەخنە لەعەقلی پەتی و گوتی فەلسەفە گرێدراوی زانستە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ چەقینی بنەڕەتی فەلسەفە خۆی و دووبارە بەردەوام بوونی وەکو سرووشتی خۆی، تاکو خۆی بخاتە قالبی دوانە سەرسوورهێنەرەکەی مەرگ و لەدایکبوونەوە، لەم حاڵەدا دەبێ

بگەڕێینەوە بۆ ئیشەکەی ئالتۆسێر، ئەو پێیوایە فەلسەفە وابەستەی زانستە، هاوکات بڕوای بەوەیە کە فەلسەفە بەهیچ شێوەیەك مێژووی نییە و هەر هەمان ئەو شتەیە کە هەبووە، چونگە گۆڕانی فەلسەفە کێشەیەکی ئاسانە، داهاتووی فەلسەفە بریتییە لەرابووردووەکەی.

ئەم میتۆدەی کە بەمیتافیزیکا ناسراوە، نیگەتیڤ ترین کاری پێناسەکردنی شتەکانە کە گوایە هەموو شتێك لە شوێنی خۆی و بێ کەموکوڕین و قابیلی گۆڕان نین، ئەمە هەوڵدانێکە بۆ سەلماندنی بوونی خودا کە نموونەی باڵای ئینسانە و بە لاهوتیەت ناسراوە، تاکە هیواش بەم چەمکەوە گرێدراوە، لاهوتیەتیش فەلسەفەیەکە هیچ مانایەك بۆ ماتریالیزم و ژیانی ماتریالی ناهێڵێتەوە کە رەخە لە چەمکە لێرەوە دەست پێدەکات کە لەسەرووی سرووشتەوە دەڕوانێت.

لەرێگەی جەوهەری ئەو بوونەوەرانەی کە لەسەرووی سرووشتەوەن و هەندێك ناویان لێناوە رەها، هەندێکی دیکە ناویان لێناوە خودا، بابەتێکی هەستیارە کە زانست خۆی بەدوور گرتووە لێی، بەڵام چەمکەکە لێرەدا مانایەکی دیکە وەردەگرێت، ئەویش درووستکەری بوونەوەر و ئینسانە و چارنووسیش بەدەست ئەوە، بەڵام فەلسەفەی ماتریالی لێرەدا ئەو موناقەشەیە ناکات، چونکە جەدوای نییە و تەواو نابێت، بەڵکو گرێ فەلسەفییەکانی سەر زەویش بەرەو ئاقارێکی دیکەدا دەبات.

ئێستا دێینە سەر ئەو میتۆدەی مارکس کاری پێکردووە و رەخنەی لە چەمکەکە گرتووە، مارکس بە پێچەوانەی رەوتی تێگەیشتن لە میتا سرووشت، ئەودیوی ماتریالیزمەکانی پێشوو و کۆن دەبینێت کە رێبازێکە ئیعتیبارکردنی دیاردە سرووشتیەکان و لێکدانەوەی دیاردەی ماتریالی، وای لێکدەداتەوە کە تێگەیشتنەکە بۆ ژیان و یاسکانی سرووشت، هەم نەریتی یە و هەم ئۆبێکتی فیورباخی بووە، ئەم پراکتیکە فەلسەفییە کە دابڕانێکە لە فەلسەفەی پێش خۆی، پێی وایە بەر لەهەر شتێك ئینسانی بووە، نەك سەفسەتەی فەلسەفی وەکو چۆن لە یۆنانی بەر لە مێژووی بەر لە هاتنی مەسیح هەبووە، چونکە دژایەتیی هێڵێکی

دیاریکراوی روون بووە، کە مەرجی یەکەمی چالاکی هەستەکی خودی نەبووە، بەقەد ئەوەی کۆمەڵایەتی بووە، ئەویش فیورباخ ئەوەی بۆ قەدەر جێهێشتووە کە هەڵقەیەکە لەزنجیرەیەکی دیاری ململانێیەکی چەمکە فەلسەفییەکان، رووەکەی دیکەش وەرگەڕا کە لە چوارچێوەی ئیدیۆلۆژیای ئاڵمانی کۆکرابۆوە، ئەو ئیدیۆلۆژیایەی کە بەشێکی زۆر لە فەیلەسوفی ئاڵمانی بڕوایان پێی بوو.

کێشەی نێوان ئەو دوو چەمکە دژە، واتە (میتافیزیکا و فیزیکا) کە لەدوای فیورباخەوە زیاتر بوو بە داینەمۆی موناقەشەی مارکس بۆ بەرپەرچدانەوەی فیزرباخ و لەوێشەوە بۆ ئیدیۆلۆژیای ئاڵمانی، لەخورافەی فەلسەفییەوە سەریهەڵدا کە رێگری یەکەمی بەردەم ماتریالیزمی دیالیکتیکی بوو، بەو مانایەی تێڕوانینەکە پشتی بە ئایین بەستبوو، کەواتە سەرهەڵدانی چەمکەکانی وەك ئایین و خودا لەمێژوودا کە مرۆڤ بۆخۆی تۆماری کردوون و بەرهەمی هێناون، یان لە تێگەیشتنی خۆیدا خودای بۆ خۆی بەرهەمهێناوە بۆ پەرەستن، لەسەر زەویش ئەو دەسەڵاتەی کە کاریزمای زەوی ئاسمان بووە بۆ ئینسانەکانی رابردوو و تائێستاش بەشێك لەسەر زەمین ئەو تێڕوانینەیان هەیە.

بەرهەر حاڵ تێگەیشتنەکە لەسەرەتاوە بە میتافیزیکاوە گرێدرا، بەڵام دواتر دەرکەوت کە ئەم چەمکە لێکدژی لە نێوان رەوتە فکرییەکاندا درووست کردووە، هەروەك ڤۆڵتێر قسەیەکی باوی هەیە لەمبارەیەوە و دەڵێت (گەر دووکەست بینی لەسەر بابەتێك موناقەشە دەکەن و لەیەکتریش تێناگەن، ئەوا بزانە کە سەبارەت بە چەمکی میتافیزیکا گفتوگۆیانە". لەلایەکی ترەوە تێڕامانە میتافیزیکییەکان بۆ سرووشت و مرۆڤ، بەشێك لەکولتوورە هاوبەشەکانی سەرەتای کۆمەڵگەی بەشەری پێکهێناوە و کاری لەسەر کردووە).

ئەم کولتوورانە کە لەیەك کاتدا جیاواز و لەیەك کاتدا هاوبەشن، زەرورەتی مێژوویان لەکوێدا بووە؟ لەکوێدا بۆتە یاساو دەسەڵاتەکان قەڵەمڕەوی خۆیان تێدا بەکارهێناوە؟ مەیلی یاسادانان و ملکەچی وەسیەتەکانی باب مەزنی و دەسەڵاتگەری و حوکمڕانی کردن و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە لەسەر بنچینەی

مەرجەعیەت، بەشێکی تری ئەو کولتوورە مێژووییەیە کە یاسای جۆراوجۆری لێبەرهەمهاتووە و تۆمار کراوە، مێژووی نوسراویش بەمەداچووەتەوە کە دواجار بووەتە گوتارێك و یاسای لێ داتاشراوە، هەموو ئەو چیرۆکانەش کە لەنێو دەقی ئایینە جێماوەکاندا هاتووە، ئەو رۆشنبیریەیە کە لەسەر زاری پێغەمبەرەکانەوە بیستوومانەو ئەوەمان پێدەڵێن کە دواتر بووەتە ئیدیۆلۆژیا لەژێر ناوی خودا پەرستی و ئایین پەرستی، خاوەن تیۆرە یاساییەکان دەڵێن" بەبوونی یاسا و بەپێچەوانەوە نەبوونی یاسا شتێك لەئیدیۆلۆژیا ناگۆڕێ" ئەمە قسەی د.دینیس لویدە، لەشێوێنکی تردا دەڵێت"باشترین تیۆرێك لەشکڵی یاسایەك پێشنیار کرابێت بۆ کۆمەڵگەی بەشەری یاساکەی کارڵ مارکسە، ئەو گوتی یاسا تەنها سیستمێکە بۆ سەرکوتکردنی خەڵك و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی چینی سەرمایەداری، هەتا ئەم سیستمەش مابێت چارەنووسی بەشەر بەشێکی گرێدراوی ئەم باسەیە" (١)

لەڕاستیدا مەسەلەی یاسا کە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە لەسەرەتای دروستبوونییەوە کە لەئەسیناوە دەستپێدەکات و شیشەرۆن یەکێکە لەو بیرمەندانەی لەدونیای رۆژئاوا قسەی لەسەر بونیادنانی یاسا کردووە و لەرۆژهەلاتیش کەسێکی وەکو حامورابی پێشنیازی کردووە بۆ رێکخستنی ژیان، ئەم تێگەیشتانە تەماشایەکی ترن بۆ بینینی شتەکان وەك دامەزراوەیەکی جەماوەری و داهێنەری یاسا لەناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست، ئۆریانووس لەسەدەی سێهەمدا بەناوبانگترین یاساناسی رۆمانی بوو دەیگووت" قەیسەر تەنها دەستوری گەرەکە، لەوکاتەدا چالاکی سیاسیش هێجگار بەرتەسك بوو، ئەوە بوو دواتر لەسەدەی چوارەم رۆمانستان کرا بەدوو پارچەوە، رۆمانی رۆژهەلات و رۆمانی رۆژئاوا، دوای تێپەڕبوونی سەد ساڵیش واتە ساڵی ٤١٠ لەلایەن ئەلاریك شای گۆتیێ، رۆژئاوا داگیرکراو هەم لەمێژوودا تۆمارکرا و هەم لەمێژووی بیری سیاسیشدا ئەنجامێکی یەکلایی کەرەوەی هەبوو، دوای کێبەرکێەك لەنێوان ئایینی مەسیحی و جولەکە واتە (ئیسرائیلیەکان)، لەسەدەی چوارەمدا گۆڕانکاریەکی گرنگ روویدا، کریستیانی کرا بەئایینی رەسمی دەوڵەتی رۆما، ئیتر رۆما نەك هەر رێگەی دەدا بەئایینی مەسیحی بەڵکو پشتگیریشی دەکرد،

ئەمە بۆ تێڕوانینی مارکس مەسەلەیەکی بنەچەیی بوو تاکو لەڕێگەیەوە تیۆرەیەك لەسەر ئەو یاسایە دابنێ کە لەسەر بنچینەی ئایینی مەسیحی هاتۆتە ئاراوە، یاساش کە لەسەر بنچینەی ئاین بوو، هەڵبەت هەموو ئەو پێوەرە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و میتافیزیکیانە زاڵ دەکات بەسەر گوتاری دادوەری دەوڵەت، کە بەناوی بەرژەوەندی گشتییەوە پایەیەکی بنچینەی دەوڵەت دەپارێزێ، بۆیە مەسەلەی موناقەشەکردن لەسەر ئەوەی ئاین چ رۆڵێکی لەسەر بونیادنانی بنچینەکانی دەوڵەت و پێگە و پایەیەکی بەهێزی سەقفی سیستمی دەوڵەت مەسەلەیەکی گرینگ بوو، بۆیە کاری زیاتر لەسەر کراوە وەکو سەرخان و ژێر خانیش.

### ئایین و میتافیزیکا

**بەرلەوەی ئایین بنچینەیەك بۆ فەلسەفە دابمەزرێنێ، تێڕامانە میتافیزیکیەکان بەجێگای یاسا وەڵامی پرسیارە هەمەجۆەکانی وەکو وەزیفەیەك وەرگرتبوو، ئەم تێگەیشتن و خوێندنەوەیە بۆ میتافیزیکا، کارێکی کرد کە ئایین دەمارگیریەکی بەکۆمەڵ درووست بکات و دیاردەکان بەو تێڕوانینە تەماشا بکرێت، بەتایبەت ئەو ئایینانەی کە بەهێز قەڵەمڕەویان وەدەستهێناوە لەمێژوودا، بەم جۆرە هەندێك جار ناهەقی دەخەینە پاڵ بەشێك لەئایینەکان و دەیانلکێنین بەخوداوەندەوە، چونکە باوەڕی دیکە هەن جگە لەئایینی تر مەسەلەی خودا بونی هەیە تێیدا و بەپێچەوانەشەوە ئایینە و خودا بوونی نییە لە تێگەیشتنەکە بۆ لاهوتییەت، نموونەش بوزاییزم،** لەکاتێکدا ئایینەکانی وەکی (بوزی و تاوی و کۆنفۆشیۆسی) لەدەرەوەی دەسەڵات و نموونەی بالادا تێڕامانەکانی پێشکەش کردووە دوورە لەگوتاری رادیکاڵی و توندڕەوی لەشێوەی خوداپەرستی و رەنگدانەوەی بەسەر گوتاری کۆمەڵایەتی. ئاین تیۆرێکی گشتی ئەم جۆرە دونیایە بەکورتیەکەی ئاین دەتوانێ پێگەی خۆی لەناو خەڵك بکاتەوە, چونکە هەم گیانێکی شەرەف مەندانەیە و هەم پاداشتی بۆ ڕەوشتی خەڵك هەیە لە لایەن کۆمەڵگەو دەوڵەتەوە, هەم ترس دەخاتە دڵی خەڵکەوەو مەراسیم و

پرسەکەی خەڵك دادەنێ, ئەمانە فاکتەرن بۆ جێگە کردنەوەی خەڵك لە نێو ئاییندا. ئیتر بۆیە لە بەرامبەر ئاییندا دەوەستینەوە, چونکە وەستانەوە لە بەرامبەر ئایین وەستانەوەیە لە بەرامبەر دونیای نابەرابەری, کاتێك ئایین نامێنێ واتە جیهان خەیاڵی نامێنێ, بەهەشتی واقیعی دێیە بوون. ڕەخنە لە ئایین, وەهەکانی مرۆڤ و ئەفسانەکانی مرۆڤ تێکدەشکێنێ. تاکو واقیعیانە بیربکاتەوە. بەڵام ئایین و ئەخلاق کە لەنێو کۆنتێکستی میتافیزیکا جێگەی بۆ کراوەتەوە، لەگەڵ زۆربەی شتەکانی تری وەکو ئیدیۆلۆژیا و فۆرمەکانی دیکەی کە تەباییان هەیە، وەختێك کاری پێدەکرێت یان شیدەکرێتەوە و وورد دەکرێتەوە لەکارێکدا، چیتر ناتوانێ سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت و پەرەسەندن بەخۆیەوە ببینێ، بەڵام بەهۆی ئەو سەوداگەرییەی کە مادده بەرهەمی هێناوە، ئەو واقیعە سەپێنراوەی گۆڕیوە کە بتوانێ بەرهەمەکانی دیکەی پەراوێزی ئایین و ئەخلاق بگۆڕێت و ئیستاتیکای پێ بدات.

دەرکەوتنی یاساگەلێك لەدەرەوەی دەقە ئایینیەکان، لەوسەردەمانەدا هاتە ئاراوە کە حوکمڕانێتی فیرعەونی و ئیمبراتۆرییەتی ئاشوری و بابلییەکان و دواتریش دەرکەوتنی دەوڵەت وەکو قەوارە گەشەیان کرد، لەگەڵ گەشەی عەقڵی مرۆڤدا شێوەیەکی زاستی بەخۆوەگرت کە پێشتر تەنها ڕێوڕەسمێکی مۆڕاڵی بووە و هیچی تر، ئایینیش وەکو دەقێکی شەرعی بۆبەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و دەسەڵاتدارێتی و حوکمڕانی کردنی خەڵك و بەسیستمکردنی کۆمەڵگە، لایەنێکی تری مێژوویی یاسایی کە لەکۆمەڵگا کۆنەکاندا سیستمی فرەخودایی و جۆرێك لەکاریزمای خوڵقاند، وەکو پەیامبەری بەخۆیەوە بینی بوو، گوتارێکی فەرز کرد بەسەر کۆمەڵگەدا کە جێگەیەکی بۆ جیاوازیەکانی دیکەی ئایین و ئایینزایی نەهێشتەوە، هەرچی بابەتی فرەخوداییە کە لەیۆنانی کۆندا بڕوایان پێی هەبوو (خودای جوانی و خودای سێکس و خودای ئاشتی و جەنگ و خوای شەراب و هتد) تێگەیشتنی ئەو سەردەمە بوو، بەڵام (سوقرات) وەکو شارەزا و ڕۆشنبیرێکی ئەسینا ئەم بۆچوونەی بەهەڵە لەقەڵەمداو خەڵکی ئەسیناش

بەڕاستیان دەزانی کە دواتر بوو بەئەفسانەو فەلسەفەی کلاسیکی و ئەزموونی لێوەرگیرا. **هەڵبەت بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان کۆمەڵگە کۆنەکان بەبۆچوونی کۆمەڵناسێکی وەکو (پیەر بۆردیار) کۆمەڵگەی ترادیسیۆنە مێژووییەکان نەبوو، ئەوەش کە هەبوو تەنها ئەفسانە بوو، دواتریش بوو بەفکر، فەلسەفەی سایکۆلۆژیا کەڵك لەئەفسانەیەك وەردەگرێت کە سەرچاوەکەی زمانێکی خوازراوە نەك زمانی راستەوخۆی خاوەن ئەفسانە.**
ئەم نموونەیە لەفرەخودایی لەمێژوو و کولتووری دەوڵەتی میزۆپۆتامیاشدا هەمان بیرکردنەوە بوو بۆ لاهووت.

فیورباخ لە کتێبی (چەند بنەمایەکی فەلسەفی دواڕۆژ) دەڵێ " هەستی ژێر دەستەیی مرۆڤ بنەماکانی بوونی ئایینە، بابەتی ئەو هەستەی ژێردەستەییە، کە مرۆڤ کەوتۆتە ژێر کاریگەرییەوە و خۆشی وا هەستدەکات ژێر دەستەیەتی، لە بنەما و لە بنج و بناواندا لە سرووشت بەولاوە نییە، سرووشت یەکەمین بابەتی بنەڕەتی ئایینە، هەروەك مێژووی هەموو ئایین و میللەتان بەتێرو تەسەلی ساغ کردۆتەوە" **(٢)**.. کەچی مارکس لەبارەی فیورباخەوە دەستنووسێکی هەیە و تێیدا هاتووە، فیورباخ پێیوایە ئایین ئینسان لەخودی خۆی دوور دەخاتەوە، جهانی وەهمی بۆ جهانێکی واقیعی تەوزیف دەکات، کارەکەشی لە دونیای ئاییندا چڕ دەکاتەوە، بۆ سەر زەوی، چونکە ئەو تەماشای ئەوە ناکات کەی ئەم کارەی کۆتایی پێهاتووە، دەمێنێتەوە شتێکی سەرەکی، ئەویش هیچ بەدەستناهێنێ و واقیعیش لە بونیادی سەرزەمینە لەخۆی دادەبڕێت و خۆی دەگوازێتەوە بۆ شوێنێك کە بەهەشتی سەربەخۆیە، ئەمەش هیچ شرۆڤەیەکی نییە جگە لە پاڕادۆکسێکی ناوەکی بۆ ئەم قاعیدەیە، مارکس لەپەراوێزی ئەم باسەیدا کە دەڵێ " هەڵەی فیورباخ لەوەدایە کە هەرچی بەچاوی روت دەبینرێ روخساری هەستگەراییەکان ئەیانخاتە بەردەم واقیعێکی هەستپێکراوی بڕیاردراو بەهۆی لێکۆڵینەوەی بارودوۆخی دیاری کراو، بەپێچەوانەی ئەمەوە لەدوایین شیکردنەوەشیدا ناتوانێ لەماتریالیزم تێبگات وەك ماتریالیزمی بەچاوبینرا. بۆیە بەپێی ئەو وردبینییە

بێت، دەبێت ئەو فەیلەسوف نەبێت". چونکە فەیلەسوف ئەوەی کە پێشبینی دەکات و هەستی خەڵك و خوێنەری ئاسایی دەرکی پێناکەن، دوو دونیای جیاوازن، بۆیە بە غیابی ئەو جیاوازییە لەلای فەیلەسوف ماناکی ئیدیالیستی جێگەی دەگرێتەوە و دوچاری کێشەی فەلسەفی دەبێتەوە، هەر بۆیە لەنیوەی ڕێگەدا وەستا لەبیرۆکەی فەلسەفی بۆ تێزە نیوە ناچڵەکانی، بەوپێیەی کە لەژێرەوە ماتریالیست و لەسەرەوە ئایدیالیست بوو، هەر ئەمەش بوو کە ڕێگر بوو لەبەردەمی تاکو بەسەر فەلسەفەی هیگڵدا زاڵ نەبێت.

هەرچی کاریزمایە وشەکە لە بنەچەدا لە یۆنانەوە هاتووە و ((بەمانای نیعمەت دێت کە خودا بە ئینسانی داوە و بەتایبەتیش لەسەردەمی سەرهەڵدانی مەسیحەوە بووە بۆ (روح القدس) بەکارهاتووە، هەڵبەت ئەم سیفەتە بۆ ئەو کەسایەتییانەی کە توانای بەڕێوەبردنی دەزگا و پۆستی باڵایان هەیە بەتایبەتی بۆ کەسایەتی سیاسیی، ئەم چەمکە یەکەمجار)). (٣). بەکاریهێناوە ئەو دەیگەڕێنێتەوە بۆ هێزی دەسەڵاتگەرێتی تاکێك بەسەر گشتێکدا کە فەلسەفەکە بۆ رازیکردنی گشتە لە سیستمدا، ئەویش بریتییە لە یاسا و کولتوور و نەریت، تاکو شەرعییەت بە دەسەڵاتەکەی خۆی بدات، فیبەر پێیوایە سیاسییەکانی ئێستا واتە مۆدێرن، ئەو مەزنییەتیان نییە کە عەقلانی و یاسایی بن، بەڵام ئەو پێکهاتانەیان تێدایە کە رۆشنبیرییەکیان هەبێت بۆ رازیکردنی جەماوەری ئاییني، ئەمەش لەبڕوابوونەوە نەهاتووە، بەڵکو بۆ شەرعییەتدان بووە بە دەسەڵاتەکانی خۆیان" (٤)، چەمکەکە لەمانا کوردییەکەشدا هەمان واتای هەیە، **(بەبت کردن)** دێت، بتێك کە لەژیاندا دەپەرسترێت بۆ زەمەنێك درێژە بکێشێ وەکو زەروورەتێك بۆ مێژووی کۆمەڵگەکەی یان جەماوەرەکەی کە ئەمە هەم وەهمە و هەم وەهمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە بۆ خەڵك درووست دەکرێت تاکو قەناعەت بکەن پێویستییان بە کاریزمایە.

ئەگەرچی بەپێی قسەی مێژوونوس و ئینترۆپۆلۆژیستەکان بێت، کاریزما هەر هەبووە و لەسەردەمی ئیمبراتۆڕەکانەوە لەرێگای هێزەوە بەدەست هاتووە، بەڵام

دواتر لەدەسەڵاتدارێتی و سایکۆلۆژیەتی ئەسکەندەری گەورەو لەسەدەکانی ئەم دواییەشدا دەرکەوتنی کەسانی وەکی ناپلیۆن و هیتلەر و مۆسۆلۆنی و ستالین و دوایــن کەسـیش سـەدام حوسـێن رەنگـی دایـەوە و نموونـەی کاریزمـای نـوێی سەردەمی پێ ئاشناکردین. ئەم جۆرە بیرکردنەوە جیاوازانەیە کـە لەئایینـەکانی تر سـەبارەت بەفەرهـەنگ، یاسـا، سیاسـەت و هتـد. کـە لەسـەردەمی خۆیـدا رۆشنبیریەکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بووەو دواتـریش وەکـی یاسـایەك چـاوی لێکراوە، نموونەیەکی زیندووی مێژووی نوێیە کە خودی مێـژوو دەتـوانێ بەسـەر ئەو گوتارەدا زاڵ بێت کـە ئەگـەر خـراپیش کـەڵکی لـەئایین وەرگرتبێـت، ئـەوا راسـتەوخۆ نـەیتوانی بەشـێکی گـەورە لەفـەزای ئـایین بخزێنێتـە نێـو گوتـاری سیاسییەوە، تەنها ئەوە نەبێ کە هەندێ بۆ هەڵخڕانـدنی هێـزی کۆمەڵایـەتی و کۆمەك پێکـردن بـۆ بـەهێزکردنی دەسـەڵات کـەڵکی لـەئایین وەرگرتـووە، هـەر ئەمەشە موناقەشەی ئێمە لەسەر ئایین و خوداو ئیدیۆلۆژیا و یاسا.

ئایین ئەو ئیدیۆلۆژیا بەهێزەیە کـە زۆر ئـاکتیڤ تـرە لـەوانی تـر کـە تێکـەڵ بـە عەقڵی کۆمەڵگە دەبن، ئەمە لە پـێش سـەدەی حەوتـەم کاریگـەری هـەبوو بەسـەر ئایینی مەسـیحییەوە، بۆنموونـە سـەردەمی درەبەگایـەتی ئـایین زیـاتر ئاکتیڤیسـتی هەبوو لـەوەی سـەردەمی سـەرمایەداری هـات، چـونکە هـەم بازنـەی کۆمەڵایـەتی تەسکتر و بچووکتر بـوو، هـەم گەشـەی ئامرێـە پێویسـتەکانی ژیـان قەناعـەتی بـە ئینسان نەکردبوو، ژیان لەشوێنێکی ترەو زانست وەکو پێویستییەکی تر لەشوێنێکی تر. لێرەوە هەژاری لەفکری ئاییندا سەرچاوەی گـرت و خـەیاڵێکی تـر بـۆ ئینسـان درووست بـوو کـە ژیـان لەبـەردەم ئینسـانە نـەك مـردن و پرسـیاری دەرەوەی ژیـان، بەتایبەتیش کە بزووتنەوەی منەوەرەکان و کەسانی منـەوەر لـە رۆژئـاوا کاریـان زۆر لەسەر زانست و ئەدەب و رەخنە لە میتافیزیکای ئایینی گرت کـە هـیچ وڵامێکـی پێنییە بۆ پرسیارە پڕ نهێنییـەکانی ئینسـان لـە بـوون و نـەبوون، بەتایبـەتی لەگـەڵ سەرهەڵدانی موناقەشە لەسەر کێشەکانی زەوی و ئەوەی پێی دەگوترێت ئاسمـان کـە بۆ خۆی بۆشایی گەردوونە، لەگەڵ هاتنی تیۆرێك کە نیـوتن داهێنـانی تێـدا کـرد و

گوتی زەوی موگناتیسی ییە، هەروەها پێشتر کۆپەرنیکۆس و دواتر گالیلۆ و پاشان کیپلەر و هتد کە کاریگەریان لەسەر کەنیسە و سیستەمەکەی و قەشە خاوەن دەسەڵاتەکان هەبوو، لێرەوە ئاین بەشێکی زۆری فەزاکەی رووی لە خاو بوونەوە و بێدەسەڵاتی دەکرد و خەڵك بڕوایان بە فەیلەسوف و زاناکان دەکرد، بەقەد ئەوەی بڕوا بە پیاوانی ئایینی و خورافیاتەکانیان بهێنن، راستە ئەنگڵس لە خانەوادەی پیرۆز و موڵکیەت و دەوڵەت دەڵێ بڕوامان بەوە نییە خالقێك هەبێت، ئەمە پارادۆکسێکی زمانەوانی ئینانە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری ئینسان بۆ نهێنییەکانی ژیان و هیچی تر، کەوابوو ئەمە ئیدیۆلۆژیایەکی پەتییە، بۆیە ئێمە ناڵێین کۆتایی ئاین، کۆتایی خودایە، چونکە ئەم فۆرمۆلە بەندییە درامییە لەسەر حیسابی مارکس تۆمار ناکرێت، بەڵکو دەتوانرێت ئەوە تۆمار بکرێت کە کۆتایی نامۆبوون، لە کۆتایی ئاییندا دەستەبەر دەبێت، ئەویش لەرێگەی رەخنەی ریشەیی و گۆڕانکاری پراکتیکی کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئابورییەوە دەگوازێتەوە، بۆ هیومانیزمی پەتی، ئەمەش لە رەخنەی مارکسەوە سەرچاوە دەگرێت کە بانگەشەی ئەوەی کرد، خەبات هەتاکو مردن، واتە بەردەوامی شۆڕش تەنانەت لە دژی سیستمی کۆمۆنیستیش کە گوایە دوا قۆناغی بەشەرییەتە لە جیاوازی بۆ ژیان.

لێرە بەدواوە هەوڵ دەدەم دوو بۆچونی جیاواز لەبیرکردنەوەی (ئەریك فرۆم) ەوە دەست پێبکەم کە لەبەردەم ئەو چەمکانەدایە، فرۆم لەلایەك پێی وایە، مرۆڤ ئازادە لەهەڵبژاردنی نموونەی باڵا و لەلایەکی تر پێی وایە مرۆڤ ناچارە باوەڕی بەنموونەی باڵا هەبێت. هەردوو حاڵەتەکەش واقیعییەتی تێدایە، چونکە ئەگەر مرۆڤ بەتەنها بمێنێتەو بەبێ هۆشیاری، ئەوا بەناچار پەنا بۆ نموونەی باڵا دەبات، سابا ئەو نموونە باڵایە هەر خودایەك بێت، لە ئاستێکی دیکەشدا مرۆڤی تاك ناتوانێ لەنێو حاشاماتی کۆمەڵگەیەکی پڕ ل ژاوەژاوی بیرکردنەوەی میتافیزیکی کە هێزێکی کۆمەڵایەتی لەپشتییەوە وەستاوە، ناچارە ئەمجارە بڕوای بە نموونەی باڵا هەبێت.

هەڵبەت مەبەستی من لەوەیە کە باب مەزنی و درووست کردنی بابی رۆحی، جۆرێکە لەئایینی خێڵەکی یە بەبێ تێکست و پرنسیپ و ئۆرگان و جومگە

ئایینیەکان، لێرەوە پرسیارگەلێکی دێتە پێشێ, وەکی ئەوەی کە ئایا مرۆڤ لەتوانایدا هەیە بەبێ خوداو بەبێ ئایین بژی؟ ئایا چ جۆرە خودایەك دەپەرستێ؟ چ شتێك ئایین و مێژوو و شارستانیەت گرێدەدات بەیەکەوە؟ ئایا ئیدیۆلۆژیا بەجێگای خوداو ئایین کاری کردووە؟ ئایا چەمکی ئایین و خودا چۆن بەجێگای یاسا ناکۆکەکانی سەر زەمین و مەرجەعیەت دەور دەبینن؟ ئەم پرسیارانە کە لەخوێندنەوەی ماتریالیزمیدا بۆ فکری بەشەر لەمەودای نووسین و چیرۆکە هەڵبەستراوەکانی مێژوودا مەوجودە، وەلامیان هەیە و لەبەرامبەر ئەم بۆچونانەی کە نزیکن لە بۆچوونەکانی (ئەریك فرۆمەوە) موناقەشە هەڵدەگرن، هەڵبەت بەپێی مارکس وەلامەکە بەڵێیە، چۆن؟.

مارکس پرسیارێك دەکات، بۆچی دەوڵەت دەتوانێ مەسیحیەت وەکو ئایینی بنچینەیی کۆمەڵگە قەبوڵ بکات و ئەوانی تر نەخێر و خەڵکیش تاڕادەیەك قەبوڵی بکەن؟، کەواتە خەڵك لەژێر کاریگەری ستەمی دەسەلاتی دیار و نادیار، ئایین پەرستن، ئەگەرنا دەتوانن بەبێ ئایین بژین، هەروەك ئەوەی کە لەئامریکا بەشی زۆری خەڵك بێ ئاینن و هیچ کێشەیەك و کەلێنێك نەبۆ ژیات نە بۆ دەستووری دەوڵەت نەهاتۆتە پێش، هەربۆیە لەشوێنێکی تر دەڵێ (ئایینی دەوڵەتی ئاڵمان مەسیحییە، مەسەلەکە ئابوورییە و هیچی تر نییە، ئەگەر ئایینێکی تریش بوایە هەر وادەبوو، بۆیە ئایین لێرەدا دەسەلاتە و دەسەلاتیش ئایین). کێشەی سەرهەڵدانی مەزهەبی پرۆتستانتی و کاسۆلیك لە رۆژئاوا، لەوێوە سەرچاوەی گرتبوو کە پرۆتستانتیەکان لەسەردەمی سەدەی حەڤدەهەم کە مارتن لۆسەر و کالفینی هات، بڕوایان گۆڕی بەوەی کە لەرێگەی هاوکاری کردنی هەژاران لە کەنیسەوە بەشێك لە گوتاری توندی کەنیسە بگۆڕێت بۆ ئینسان دۆستی، چونکە بزووتنەوەیەکی چاکسازی بووە، بەوپێیەی بڕوایان بەنەهێشتنی هەژار و جیاوازی چینەکان بووە، کەچی ئەرسەدۆکسیەکان بڕوایان بەوە هەبوو کە وەکو خێر، بەزەییان بە هەژارەکاندا بێتەوە و خێرەکە و ناوبانگەکەشی بۆ کەنیسە بگەڕێتەوە، لەکاتێکدا ئەوە روونە کە لەمێژوودا ئایین

زاڵ بووە بەسەر ئیمپراتۆرییەتی رۆماوە، بۆیە ئەو زاڵ بوونەی مەسیحییەت کارێکی کرد کە سیمای دەوڵەتی ناشیرین کرد بەسەر فەلسەفە و ژیان و سیاسەت و کارگێڕییەوە، لێرەوە دەسەڵات بەناچار گەرکی بوو خۆی بێ بەری بکات لەو هەموو زوڵم و ستەمەی کردوویەتی لە مێژوودا.

مارکس لەبارەی بۆچوونەکانی (برۆنۆ باویەر) کە کتێبی (دەربارەی پرسی جولەکە) نووسی و لەوێدا کێشەی ئایینی مەسیحی و جولەکە شیدەکاتەوە و دەوڵەت و سیاسەت وەکو بەرپرسیاری یەکەم دادەنێت، دەڵێ" دەوڵەتی مەسیحی تەنها مافی تایبەت (ئیمتیاز) دەناسێت، لەم دەوڵەتەدا جولەکەکان مافی تایبەتی جولەکەبوونیان هەیە، ئەوان وەك جولەکە مافیان هەیە، کەچی مەسیحییەکان لەم مافە بێبەشن، باشە ئەی بۆچی داوای مافێك دەکەن کە مەسیحیەکان ئەو مافەیان هەیە بەڵام خۆیان نیيانە؟. چونکە جولەکەکان بە داواکردنی ئازادی دەیانەوێ دەوڵەتی مەسیحی دەست لە دەمارگیری ئایینی هەڵگرێت، بەڵام ئایا جولەکەکان خۆیان دەست لە دەمارگیرییە ئاینییەکەیان هەڵدەگرن، ئایا مافی ئەوەیان هەیە داوا لە ئەوانی دیکە بکەن واز لە ئایینەکەی خۆیان بهێنن.؟.".(٦). ئەمە ئەو کاتە بوو کە هێشتا گوتاری ئایینی لەدەرەوەی گوتاری سیاسیی دەوڵەت کاریگەری هەبوو، بەتایبەتی کە هێشتا پەرستگاکان هەژموونیان بەسەر سیستمی دەوڵەتەوە رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر دەبوون، ئەمەش ئەوکاتە بوو کە جولەکە لەسەرانسەری دونیادا هێزێکی باڵابوون لە پێگەی کۆمەڵایەتیدا، لە ئاستی دەوڵەتیش کەنیسە و مەسیحییەت.

بە بڕوای باویەر دەوڵەتی مەسیحی ناتوانێ بەو سرووشتەی خۆیەوە جولەکەکان ئازاد بکات. بۆیە جولەکەکانیش هەمان رەفتار دەکەن و پەرچەکرداریان هەیە، ئەمە جەوهەری ئایینە کە تۆڵەی لە بەرامبەری خۆی دەکردەوە لەرێگەی دەزگاکانی ئاینییەوە لەوانی تر، مەسەلەی مافی تایبەت کە بە حیساب ئیمتیازە، خراپترین رەفتاری سیاسی حکومەت و دەسەڵاتە لەگەڵ کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکان، ئەم عادەتە سیاسیی یە لەگەڵ داگیرکردنی

ولاَتانی رۆژهەلاَت، لە حكومەت و رەفتاری سیاسیدا رەنگیدایەوە و ئیسلام لە بەرامبەر ئەوانی دیكەی ئایین و كولتوور و مەزهەبەكاندا هەمان رەفتاری كرد. ئێستاش تەواوی كۆمپانیا و سیستمە سیاسییەكان كەلَك لەو فەزا ئایینی و كۆمەلاَیەتییە وەردەگرن كە كۆمەلَگەی رۆژهەلاَتی تێیدا دەژی.

## رێگایەكی راستەخۆ

**تێبینی یەكەم:** رەنگە هەندێ جار بەئاگاو بەبێ ئاگا، وەختێ قسە لەسەر ئایین و خودا دەكەین كە دواجار دەبێتە ئیدیۆلۆژیا، بەرگری لەمێژوو بكەین، مێژوویەك كە نووسینەوەی لەگەلَ واقیعیی سەردەمەكەیدا، دوو وێنەی تەواو جیاوازە كە بەرووداوەكاندا دەردەكەوێت و روونەدەبێتەوە، ئەمە دەلَێم مەبەستمە ئەو كاریكاتۆرە ئاشكرا بكەم كە بۆتە مالَ بەسەر مێژووی مرۆڤەوە، وەكو خۆ زالَ كردنی بنەمالَە بەسەر ئەوانی دیكەدا و بەناچار قبولَكردنی خەلَك بەو واقیعە تالَە، ئەوەتا "هەموو روداوو و كەسایەتییەكانی ناومێژوو كە بەدەر دەكەون، جارێك تراژیدیان و جارێكی تر دەبن بەكۆمیدیا و مەسخەرە، لەفەرانسەی كۆن سیستمی حوكمرانی بەو شێوەیە بەرێوەچووە كە ئەمە بەشێكە لەنموونەكانی، كۆسدێر بەجێی دانتۆن و لویس پلان (١٨١٣_١٨٨٢) بەجێگای رۆبسپێر حوكمرانی دەسەلاَتیان كردووە، كۆسدێر كتێبێكی نووسیوە بەناوی (رێكخستنی كار) لەوكتێبەدا باس لەوەدەكات ئازادی و تاكگەرایی كە بەشێك لەپێشەنگەكانی شۆڕشی فەرانسی بانگەوازیان بۆدەكرد، جگە لەدرۆیەكی گەورە هیچی تر نەبووە، ئەو دەلَێ" تەنها حكومەت و دەولَەت دەبێت دەست لەكاری رێكخراوەیی و سەندیكاكان وەربدات و كرێكار هان بدەن بۆ سەرخستنی پرۆژەكانی كار" پلان لەكاتێكدا ئەم بابەتەی موناقەشە كردووە كە لەسالَەكانی ١٧٩٣_١٧٩٥ تاسالَەكانی ١٨٤٧_١٨٥١ واتە نزیك بەسەدەیەك سیستمی حوكمڕانی، سیستمێكی میراتگری جێكەوتە بوو، كوڕی برا دەبوو بەحاكم و بەجێگای دەسەلاَتدارێتی مام دادەنران" (٧).

بۆ یەکەم جار مێژوونووسان لەسەردەمی ڕێنیسانس ئەم مێژووەیان بەپێی قۆناغەکان دابەشدەکرد، ئیتر زاراوەی سەدە ناوەنجیەکانیان وەکو زاراوەیەك، بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی بەکارهێنا، کەچی بەرلەوان مێژووناسان بۆ ئەوە دەیاننووسی کە ڕوداوێك، یان ژیانی سەردارێك بنووسنەوە کە بەشێکی زۆریان پیاوانی کلێسا بوون دەیاننووسیەوە، کەچی ئەوانی مێژوویان وەکی زانست دەنووسیەوە، قەشەو کلێساییەکان رکیان لێدەبوونەوە، باشترین نموونەشیان (نیکۆلای ماکیاڤیلی) بوو لە ١٤٦٩_١٥٢٧ موناقەشەی ئەوەی دەکرد سیاسەت و مۆڕاڵ دووشتی جیاوازن، بەپێچەوانەی کانت کە مۆڕاڵی دەبەستەوە بەسیاسەت وەکو ئەرکێکی مۆڕاڵی مەعریفی بۆ دەستەبژێرانی سیاسەت، ئەو قسەی لەبارەی مۆڕاڵ و سیاسەت کرد کە وەکو دوو چەمك جیاوازیان هەیە و پێکەوە ناگونجێن، چونکە ئەو دەستەبژێرە قەڵەمبەدەستانەی ئەوکات مێژوویان دەنووسیەوە، بەنیازبوون لەرێگای مێژووی درووستکراوەوە خەڵك ئاگادار بکەنەوە کە رووی راستیەکانیان دەشاردەوە، ئەو کاریکاتۆرانەی کە وێنەی دروستی مێژوومان دەدەنێ، لەهەلومەرجێکدا دەرکەوتن کە خەڵك هەقی ئەوەی هەبوو خۆی مێژووی خۆی بنووسێتەوە، کەچی دواجار لەپێدراوە گشتیەکاندا تەنها دەبێتە گێڕانەوەی رابردوو"(٨). چەمکی مێژوو لەلای هیگڵ کە تەنها لەسەر بنەمای روونکردنەوەی زەمەنی وەستاوە، مارکس ئەمەی پێچەوانە کردووە و کردی بە وابەستەیی بە کۆمەڵێك رووداوی یەکانگیر بە عەقلانی و ریشەدار تر لەوەی کە بەپێی ویستی دەسەڵاتەکان نووسراوەتەوە، چونکە سەرمایەداری وەکو سیستم کە بانگەوازی بۆ راگەیاندنی مێژوو کرد و تەنها وەکو واقیعێك وێنای کردووە، لەگەڵ بوونی حەتمییەتی دەوڵەت شۆڕش دەستەبەری کردەوە، بالأم دەرکەوت مەسەلەکە تەنها بابەتگەرایی و میتۆدی نییە لەنێو مێژوودا، بەڵکو پەیوەستە بەوەی چۆن سیفەتێك بدەین بەو خوێندنەوانەی بۆ شۆڕش و رووداوەکان، واتە چۆن ئەو گوریسە بکەینەوە بە خوری و هەڵیبوەشێنینەوە و سیفەتەکەی خۆی وەرگرێتەوە کە مێژوو وێناکردن

نییە، ئەزموونە بۆ روخاندنی ئەو تەلارەی لەسەر پشتی بەشەر درووستکراوە و بە عینوانی جیاوازەوە پیرۆزی وەرگرتووە.

نموونەیەکی دیکە کە لەسەدەی یازدەدا دەرکەوت و دواتر لەسەدەی هەژدەدا بوو بەدیاردە، ئەوەبوو کە (پرەنسیپ) واتە (بڕوا) گرێدرابوو بەسەدەوە، نەك گرێدانی سەدە بەپرەنسیپەکانەوە، کە ئەمە بەشێکی تری بڕوا بوون بوو بەمێژوو، **لێرەوە موناقەشە کردن لەسەر ئایین وخوداو دواتریش هاتنی ئیدیۆلۆژیا بەجێگای ئەو چەمکانە کە من پێم وایە تەنها بەجوڵە خستنی مێژوون، نەك تێگەیشتن لەخودی مێژوو وەکو خۆی، موناقەشە کردنی تیۆر و ئیدیۆلۆژیایە سەبارەت بەئایین وخودا**، ئەم بۆچوونە وەکو ئەوە وایە کە بڕۆدۆن دەڵێ "بەڕاستی نازانین بڵێین لەناو شارستانیەتەکاندا شتێك هەیە سەرهەڵدەداو شتێکیش هەیە بەرهەمدێت، هەروەك چۆن هەموو شتێك کە لەکەوندا بوونی هەیە نیازی بەسەلماندن نییە" مارکس لەوەڵامدا دەڵێ "بەو پێیەی کە تێگەیشتنی (بڕۆدۆن) بۆ مێژوو بەو شکڵەیەو ئەوەو رەتدەکاتەوە دیاردەی پێشکەوتنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەوێوە سەرچاوەیان گرتووە کە لەلای ئاغا بڕۆدۆن، شتێك نییە ناوی مێژوو بێ"(٩). هەڵبەت مێژوو وەکو ئەو پێشکەوتنەی کە ململانێ چینایەتییەکانی لە ئاستێکەوە بردووە بەرەو ئاستێکی باڵاتر، بەتایبەتی کە لە رۆژئاوا چینێك نەماوە بەناوی چینی ناوەڕاست، یان سەرمایەدار یان چینی خوارەوە، ئەمەمەش کۆمپانیاکان خولقاندوویانە لەرێگەی بەرهەمەکانیان و ئەو سیحرەی کە ئینسان خەیاڵی بۆی ناچێت.

زۆرێك لەبیرمەندان و رۆشنبیرانی سەدەی بیست کە گوایە مارکس یان خوێندۆتەوە و لەسەر وتە بەناوبانگەکەی (ئایین ئەفیونی گەلانە) قسەیان کردووە، گوایە ئەو وتەیە تەنها بۆ ئایین خۆیەتی، نەك دەزگاکانی پشتی کە وەکو دەزگایەکی بەرهەمهێن وەزیفەی بەرهەمهێنانەوەی تیۆلۆژیا بەشێوەیەکی نوێ و مرۆڤی وەزیفەخواز ئایین بەرهەمدێنین، ئەم خراپ حاڵی بوونە لەو وتە

فەلسەفیە، لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە زاڵبوونی ستراکتۆری ئەو گوتارە ناخوێننەوە کە بۆتە بەشێك لە ئەنتۆلۆژیای تاك، چونکە هەژموونی ئەو گوتارە لەرێگەی دەزگاکانی وەکو کەنیسە و مزگەوت و پەرستگاکان، هەم پیاوی ئایینی و هەم توێژینەوە و هەم بوونیان وەکو خاوەن بەشێك لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیی مەترەح کردووە، کەنیسەکانی فاتیکان و کالیفۆرنیا لە ئامریکا و ئەزهەر لە میسر و حەوزەکانی شیعەگەرایەتی لەقوم و بوزیەکانی هیند و مالیزیا و تایلاند و چین و هتد، باشترین سەلمێنەری ئەم راستییەن کە وەزیفە تەنها لەنێو خودی تاکدا دروست نەکراوە و بەوەوە نەوەستاون، بەڵکو دەزگاکان وەکو فابریکە بەرهەمی خویان بەنوێترین بابەت بەرهەمدێننەوە، جیل دۆلۆز دوایین کەسە لە سەدەی بیست لەدانپێدانانی خۆیدا باس لەوە دەکات کە خۆی و فیلیکس گاتاری کە بیرمەندێکی فەرانسییە وەکو مارکسی ماونەتەوە، بەڵام بە تێڕوانینێکی رەخنەییەوە، چونکە دەڵێ (ئێمە بڕواناکەین هەموو فەلسەفە تێڕوانینەکەی بۆ ئەوە بێت کە سەنتەرەکەی بۆ شیکاری سەرمایەداری و گەشەسەندنی بێت، ئەوەی کە بەلامانەوە گرینگ بوو، ئەوەبوو کە مارکس شیکارییەکەی بۆ سیستمی سەرمایەداری، لەسەر ئەوە ناوەستێ سنووری تایبەت دابنێت، ئەوەی کە دۆزیویەتەوە کە بۆ ئاستی گەورەتر، خودی سەرمایە بووە کە کارێکی زۆر قورس بووە) بەڵا م دۆلۆز کە خوێندنەوەی بۆ سیاسەت کردووە، ئەوەی دۆزیوەتەوە، ئەگەر هەموو شتێك چارەسەر بکرێ، مەسەلەی ئازادی و ماف وەکو کێشەی سیاسەت چارەسەر ناکرێ بۆ رووبەڕوو بوونەوەی هەژموون و ستەمکاری لەڕووی ئابورییەوە، ئەمە گرێدراوە بە سیستمی دەوڵەتەوە.

ئەوەی کە مارکس گەلانی بەتەواو نەبینیوە و ستراکتۆری کولتووری تەواوی ئایینەکانی رۆژهەڵاتی نەخوێندۆتەوە و نەیناسیوون، لەکاتی نووسینەوەی کتێبی (خێزانی پیرۆز و بەشێك لە کتێبی سەرمایە و هتد) هەستی بەو کەلێنە کردووە، کە ئەمە راستییەکی هاشا هەڵنەگرە، بەڵام بەگشتی ئەو چینە بەرهەمهێنەرەی بینیووە کە دواجار لەلایەن ئەو دەزگایانەوە وەزیفەی ناڕاستەوخۆ و عەفەویی

وەردەگرن بە یاساکانیشیانەوە کە چەند دڵڕەقانەیە دەرهەق بەئینسان بەگشتی، چۆن پەیوەست بوون و خەڵکیشیان پەیوەست کردووە بە ئەخلاق و ئەخلاقی موڵکییەتی تایبەتی کە بەرژەوەندی چینی حاکم دەپارێزێ و هیچی تر، چونکە ئەوەی کە بیانوویان بۆی هەیە ئەوەی کە نوێ بوونی درووست دەکات، شێوەیەکی تری چینی کۆمەڵایەتی ئابوری درووست دەکات کە هەلومەرجی جیاواز درووست دەکات، ئەوەش کە سەرمایەداری خولقاندوویەتی وەکو کولتوورێکی سیاسیی و رۆشنبیری، ئەوەیە یان ئەوەتا چینێك دەپارێزی لەرێگەی کارەوە، یان ئەوەتا قەبوڵ بکرێ کەسانێك و چینێك بەرژەوەندیت بپارێزن لەپێناو سەرمایەیەکی تایبەت، کۆتایی هاتنی چینەکانیش ئەوکاتەیە کە کۆمەڵگەیەکی بەرچاو روون بۆ ژیان درووست دەبێت و دەوڵەت و پوڵ بەشێوەیەك دەبینێ کە ئەخلاق یەکسانی بێت بۆ پیوێستییەکانی ژیان، نەك بۆ بەرژەوەندی پاراستنی سەرمایە. ئەمەش ئەوکاتە هەستی پێدەکرێت کە سزای تاك چەند قورس بووە بەتایبەت لەولاٚتانی دواکەوتووی کەنداو و بەگشتیش رۆژهەلاٚتی ناوەڕاست.

هەڵبەت لەبارەی مافی کرێکارەوە خراپتر بووە، بەتایبەتی ئەوەی کە چۆن ناچار بەکارێك دەکرێت لەو ولاٚتانەی کە کار نییە و ئابورریان لەچنگی سیستمێکی قۆرکاری و ستەمکاردا بووە، نموونەش ولاتانی ئاسیای ناوەڕاست، لەمەشدا مارکس لەباسی بەرهەمهێنانی ئاسییەویدا دیسان کورتەیەك وەبیردەهێنێتەوە کە ئەمجارەیان چۆن خێزان دەسەنەخواری گوتارێك دەکرێت کە ستراکتۆری تیۆلۆژی مەبەستە، ئەویش ئایینە نەك ئەو فۆڕمەی کە بۆ خەڵەفاندنی کرێکار بەکاردێت، وەکو مافی خێزان و منداڵ و ژنان و کرێکار و تەنانەت مافی ئاژەڵیش کە لەدوای سەدەی بیست و یەکەوە زیاتر گەشەیان سەند و دەسەلاٚتی ئاین و کەنیسەش تەنها لەنێو خەڵکدا دوور خرایەوە، بەلاٚم جارێکی تر لەرێگەی سیاسەتەوە خۆی درووست کردووە، ئەویش ئەوکاتەی کە فاتیکان بووە بەشێك لە درووستکراوی گوتاری سیاسیی.

لەنامەیەکی دیکەیدا مارکس (بۆ ج. ب. شفایتزەر) نووسیویەتی سەبارەت بە بۆچوونەکانی برۆدۆن، دەڵێ" ئەوەی لەنووسینەکانیدا خوێندمەوە پەیوەندیی برۆدۆن بە (سان سیمۆن) ەوە وەکو پەیوەندیی هێگڵە بۆ فیورباخ، چونکە ویستوویەتی پشت بە پنتێکی دیاری کراو ببەستێت، دواتر دۆزیویەتییەوە کە لەگەڵ ویژدانی مەسیحیەتدا ناگونجێ، بەلام ئەمە خاڵێکی گرنگە بۆ پێشکەوتنی رەخنە، وەکو ئەو شتانە وایە کە هێگڵ لەتاریکیدا جێیهێشت، بۆیە برۆدۆن لەفەیلەسوفەکانی ئەڵماندا، تەنها کانت دەناسێ هەر لەوێشەوەیە کە خۆشی نازانێ چی، لەمبارەیەوە دەڵێ " مارکس دەڵێ ئەو کاتەی لەپاریس دەژیام ساڵی ١٨٤٤ لەگەڵ برۆدۆن یەکترمان ناسی، لەموناقەشەکەماندا تێگەیشتم کە نەیتوانیوە باش هێگڵ بخوێنێتەوە، چونکە زمانی ئەڵمانی نەزانیوە بەباشی، ئەوکاتەش کە کتێبی فەلسەفەی هەژاری نووسی و قسە لەسەر شیکردنەوەی ئابوری دەکات و هەوڵ دەدات رێگای خۆی بۆ ئابوری دیالیکتیکی پێشکەش بکات و فەلسەفەی کانت بەکار دێنێ، فەلسەفەی هیگڵیش وەکو هۆکارێك بۆ دیاردەناسی و کۆمەڵناسی و فیورباخیش بۆ گەشەسەندن و تەکامولی ئابوری، هەموو ئەوانەش کە دەگەڕێنێتەوە بۆ بیرورا ئەبەدیەکان و دواتر دەگاتە پنتێك کە ئابوری بۆرژوازیە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە برۆدۆن ناتوانێ چەمکی بەهای ماتریالی بگۆڕێ و بگوازێتەوە، بۆیە لە شیکردنەوەیەکی تۆباوی و تیۆرەکانی ریکاردۆدا، کۆی دەکاتەوە و بەمەش برۆدۆن خۆی گێل دەکات، چونکە دەیەوێ بگاتە دەسەلاتی زانستی، ئەوەش کە وەکو دووفاقیەك تێی کەوتووە، هێرش دەکاتە سەر ئایین و کەنیسە، تەنها بۆ ریفۆرمی شارەکەی بووە، ئەو نووسینەش سەبارەت بەکۆدێتا موغازەلەی (لویس پۆناپارت) دەکات و وای لێدەکات لەگەڵ کرێکارەکاندا رێك بکەوێت، ئەم دوو کتابەش خراپترین کتێبی برۆدۆن بوون، ئەوەش کە بروسی قەبوڵ کردووە لەوە هەڵە ترنییە و ئەگەر بەراوردی بکەین بەکتێبەکەی نیکۆلانکۆ (تیۆری یاسا مەدەنیەکان) کە کتێبێکی سەرسوڕهێنەرە" (١٠). لەم موناقەشەیەی مارکس لەتەك شفایتزەر

سەبارەت بەبڕۆدۆن، تێدەگەین کە نیازمان بەوە هەیە زانستیانەتر چاو لەمێژوو بکەین لەڕاستیدا. "مرۆڤ دەتوانێت لەدوو لایەنەوە بڕوانێتە مێژوو، مێژووی سرووشت کە ناسراوە بەسرووشت ناسی و مێژووی مرۆڤ کە ناسراوە بەئینترۆپۆلۆژیا یان ئارکۆلۆژیا، وە ئەم دوو مێژووە بەبێ یەکتر ناکرێن و بەستراون بەیەکەوە، لەبەرئەوەی کە نزیکەی تەواوی ئیدیۆلۆژیا، بریتییە لەتێگەیشتنی شێواو یان دابڕانی تەواو لەخودی ئەو شتانەی کە بوون بەئیدیۆلۆژیا، ئەمەش بۆخۆی یەکێکە لەلایەنەکانی مێژوو.

کەوابوو "ئێمە لەبری ئەوەی چەمکەکان راست کەینەوە، بەپێچەوانەوە هاتووین ناڕاستەوخۆ خەریکین وەکی چۆن هەڵەیەك پێشتر کراوە هەر بەو شکڵەش نوێیاندەکەینەوە، بەو مانایەی دەمانەوێ خۆمان رزگار بکەین لەئایین و خودا"، هەروەها لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ" ئێمە لەدژی پێشبینی بە پاڵپشتکراوەکان نابەستین کە لەماوەیەکی کەمدا مەسەلەی ئەزموونیبوون دەبینین، . یان ئەوەی لە کتێب کۆتایی مێژودا دوایین مرۆڤ مرۆڤی مەسیحی رەخنە لە مارکس گرتووە پێشنیاری کردووە ئابوری بەماددی یەکەی راست بکاتەوە" براوانە کتێبی (١١). . هەڵبەت بەپێچەوانەشەوە راستە کە ئێمە جارێکی تر خۆمان گیرۆدەی هەمان مەعزەلە دەکەینەوە کە بەشێکی زۆری ئیشکالیاتی ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی مرۆڤە لەناو مێژوودا، ئەو مێژووەی کە قسە ناکات و هەندێکجاریش بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە، واتە ئەو دەرهاویشتانەی نییە کە لە رابردوودا روویان داوە. رەنگە هەر ئەم لایەنەش بێت کە میشیل فۆکۆ یامای هاندا بڕوا بەوە بهێنێت کۆتایی مێژوو سەریهەڵدا و دواتریش پەشیمان بووەوە. وەکو ئەوە ی کەسێکی نەخوێندبێتەوە کە ناوی مارکسە بەتایبەت لە کتێبی ئیدیۆلۆژیای ئاڵمانی.

**تێبینی دووەم:** رەخنەگرتن لەچەمکەکانی لاهوت و ئایین و خودا و ئاسمان، دواتر وەرگێڕانیان بۆ سەرزەوی و یاساو سیاسەت، لەوێوە سەرچاوەدەگرن کە مرۆڤ لەئەنجامی دووچار بوونی بەرامبەر هەرکام لەو چەمکانەدا رووبەرووی

پرسیاری جۆراوجۆر بۆتەوە، لەتواناشیدا هەبووە وەڵامیان پێبداتەوە، چونکە بەدەر لەو شرۆڤەکردنەی بۆ تواناکانی دەکرێ، سەرئەنجام مرۆڤ کائینێکی چالاکە و لەتوانایدا هەیە وەڵامی ماتریالی و سۆسیۆلۆژی و هونەری بەجیا لەوانی دی بداتەوە کە ئیدیۆلۆژیا کردوونی بەئایین و واعیزێك وەکی نموونەیەکی باڵا دەرکەوتووە و هاتووە خودایەتی پێوەکردووە و خراپ کەڵکی لێوەرگیراوە، هەروەك ئەوەی لە دەزگاکانی ئایینی هەژموونی گوتارەکەی زاڵ دەکات و بەرهەمیدێنێتەوە و دەوڵەتیش ناچار بە ملکەچ بوون دەکات، بۆ نموونە "دەتوانین لەبری ئەوەی موناقەشەی ئەو شتانە بکەین کە لەکەوندا هەیە و لەبازنەی خۆیاندا دیالکتیکین، پێویستە موناقەشەی ئەوە بکەین کە چۆن رەخنە گرتن لەئاسمان بگوازینەوە بۆ رەخنەگرتن لەو سیستمانەی کە لەسەر زەوی بەرێوەدەچن"(١٢). یان وردتر بڵێین کەڵك وەرگرتن لەهۆشیاری کۆمەڵایەتی و ئەوانەش کە مێژوو وەکی چیرۆك بۆمانی دەگێڕنەوە کە ئێمە لەسەر زەوی دەژین و کێشەی ئینسانیش لەسەر زەویە نەك ئاسمان، هەڵبەت ئەم راستیە لەزانستی فیزیادا ئاسان کراوەتەوە"لەبواری فەلەکناسی و فیزیاو بایلۆژیدا، ئەمانە هیچیان ئەو هەستیاریە گەورەیەیان لەدژی تیۆرەی پەرەسندن نەشاردەوە، زانایانی فیزیاو فەلەکناسی نەیانتوانی خۆیان لەفەلسەفەی لاهوتی رزگار بکەن" (١٣). لەکاتێکدا لاهوت فەلسەفەیەك بوو سەرەتا وەکو شیکەرەوەی عەقلانی کایەکانی ئایین و پیرۆزییەکان و ئەدەب و ئارکۆلۆژیا بۆ تێگەیشتن لە مەسیحییەت وەکو ئایینی دەسەڵاتدار، وەختێ رەخنەگرتن لەئایین تەرجەمە دەکرێتە سەر رەخنە لەیاسا، مەبەست لەوەنیە کە ئایین رەتدەکەینەوە، یاخوود ئایین سادە دەکەینەوە، بەڵکو مەبەست لەوەیە کە ئایین بۆ سەردەمی خۆی بەشێك بووە لەسیاسەت و کارگێری لەبوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئەوفەرهەنگە گشتیەی کە کۆمەڵگەی ئاراستە دەکرد، وەکی یاسای ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگەو سیستمی ئابوری و دەزگا فکری و سیاسیەکان و شەرعیەت پێدانی دەسەڵات کە دەوڵەت هەر یەك لەشوێنی خۆیدا کاری پێدەکرد و

پایەکانی خۆی پێڕادەگرت، بەڵام لەدوای پەرەگرتنی تەکنۆلۆژیاو پێشکەوتنی کۆمەڵگە لە دواکەوتوویی، پرنسیپە ئاینییەکان بوون بە کولتوور و فۆلکلۆر و چیتر کاریان پێنەکرا و بە جێگەی ئەوان یاسای وەزعی بوو بە ئەلتەرناتیڤی ژیانی سیاسیی و کۆمەلایەتی و هتد.

ئەگەر پێناسەیەکی تر وەربگرین لەبارەی دەوری لاهووت لەدرووست کردنی شارستانییەتەکان، ئەوە ئەو دیاردەیە ئاشکرا دەکەین کە مرۆڤ لەتەماشا کردنی بۆ ئایین و فەلسەفە و شرۆڤە کردنی ئەفسانە، دەبینین جۆریك لەتێکەلاوکردن هەیە لەنێوان ئەو دوو چەمکە، واتە ئەو پرۆسەیەی کە ماوەیەکی درێژخایەنی هەیە لەمێژووداو کاریگەریەکی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆی لەسەر خۆی داناوە، بەبێ ئەوەی ئاگاهانە بێت یان نا، ئەوەش کە پەیوندیی بەئەسڵی بابەتەکەوەیە بەلاوە نراوە، ئەمە کە تایبەتمەندیەکانی خۆی لەشێوازی جۆراوجۆردا دۆگما کردووە و جارێکی تر لەسەر زەینی خۆی سنووورداری کردووە و ناوی ناوە شارستانییەت، ئیشکالیاتی بۆ فەلسەفەش خولقاندووە.

مەبەستی من لەو تێکەلاویە ئەوەیە گرێدانیەتی پێکەوە کە لە هەموو بارەکاندا شتی وەهای خولقاندووە وەکی خورافە و جۆرەکانی تری ئەم لایەنە ئەمەلەلایەك، **زۆر جار لەژێر کاریگەری ئایینەکان و ئاییني مەسیحی بەتایبەتی ئەوە دەرکەوتووە کە ترس پەرەگرتووی دەمامکە ئیدیۆلۆژیەکانە لەلایەکی تر، هەر ئەوەی کە لەیۆنانی گریکدا کەسایەتی (مادۆس) وەکی رەمزێکی ترسناك چاولێکراوە، هۆیەکەشی ئەوەبوو کە دەسەڵاتی ئەوکات لەو بوارەدا کە درێژە بەبەرژەوەندیەکانی دەدا، چونکی کەڵکی لەو ترسە دەبینی کە میتۆلۆژیا لەناو ئایندا پروپاگەندەی بۆ دەکرد، لەلایەکی تریشەوە واقیع وەکی شتێکی چەسپاو زانیاریەکانی بەهەڵواسراوی هێشتبۆوە کە دواتر دەبوو بەفەلسەفە و بەشێك لەشارستانیەتەکان.**

ئەگەر ئەوە تەندرووست ترین تێگەیشتن بێت کە ترس شارستانییەتی درووست کردووە، بەوپێیەی کە مرۆڤ لەدەرەوەی گرووپەکانی تری مەخلوق

نەیتوانیووە بەتەنها بژی، واتە لەترسی ئاژەڵ و جۆرە دڕندەکانی تر هەوڵی جدی ئەوەبووە کە بەکۆمەڵ بژی و دواتر ببێت بەکۆمەڵگە، دەتوانین نموونەی ئەو دورگانە وەربگرین کە تاکو ئێستا ژیانی تێدانیە، وەئەگەر دورگەیەکیش ئاوەدانکرابێتەوە جۆرێکی تری ململانێی نێوان قەبیلەو ئایین و کولتوور و مەزهەبەکان بووە لەگەڵ موعجیزەکانی سرووشتدا کە بەلۆژیکی مرۆڤ، هۆکاری ئەو ململانێیە دوالیزمییەش خێرو شەڕە، جا چ ئەم لۆژیکە زانستی و واقعی بێت، یاخود وەهم و خورافە بێ. بەلام ترس دیارە کە بەرهەمی ئەو پنتەیە بەناوی دونیایەکی ترەوە کە سزایەکی توند و دلڕەقانەی لەسەرە، گوایە ئەمە یاسای خودایە کە مادام هەموو کەسێك دواجار بۆلای خودا دەگەڕێتەوە، خوداش ماف وەرگری ئەو کەسانە و ئەو ئایینانەیە کە تاکەکان نەفی دەکەن، کەوابوو دەبێ سزای توندی ئەو ڕەتکردنەوەیە وەربگرن کە مانای نەفی کردنی خودایە، ئەویش توندترین سزایە کە ئایین وێنای کردووە، لەکاتێکدا هەر ئەو سزایانە لەسەر زەمین لەلایەن هێز و دەسەلاتە ئایینیەکانەوە دەرهەق بەو کەسانە دەدرێت کە ئایین ڕەتدەکەنەوە کە ئەمە مافی هەمو تاکێکە، چونکە هەر بەپێی فەلسەفەی لاهوتیش بێت خودا پەرستی یەکەم شێوازی جۆراوجۆری هەیە، دووهەم ئازادییە و مادام خودا هەیە، پێویست ناکات کەسانی دیکە و یاسای ئایینی ئەو مافە وەرگرنەوە.

"سەدان ساڵ بەر لەئێستا لە قۆناغە هەستیارەکاندا کە زانست بەو رادەیەی وەکی ئێستا تەواو بوارەکانی گرتۆتەوە وەها نەبوو، لەجیاتی نەتەوە پەرستی و مەزهەب پەرستی و جۆرەکانی تری پەرستن کە کۆمەڵگەی سەرەڕۆیی پێکدەهێنا، بەجۆرێکی تر شارستانییەتی ڕەواج پێدەدا وەکی سیستمی کۆیلەداری، ئەو کات ڕکابەری هێزەکان هۆکاری هەمەلایەنەیان نەبوو بۆ ململانێ، بەپێچەوانەوە کێشەی هەرە گەورەی مرۆڤ لەو سەردەمەدا ئەو دژوارییە بوو کە بەناچار کێبەرکێی تێدا ئەنجامدەدرا ئەویش نەژاد پەرستی و ڕەگەزپەرستی بوو کە دواجار مەزهەب هات و بەجێگای ئەمانە کێبەرکێکەی

گواستەوە بۆ ناو ئایین و بووبە بەشێك لەشارستانییەت، بەعینوانی ئەوەی کە ئینسان دەبێت بەیەکسان بەشداری ژیان بکات"(١٤).

**لەکەنار هەر میتۆلۆژیایەکەوە جۆرێك لەخوداوەند خولقێنران و شکۆدار کران و مرۆڤ کۆیلەیەتی خۆی پێسپارد، ئەم کۆیلایەتیە کە لەئەزەلدا شان و شکۆی سیستمە دەسەلاتدارەکانی مێژووی پێ بەهێزکرد و تاجی سەری سوڵتانەکانی رەونەقدارتر کرد،** لەکەڵ ئاڵوگۆڕی سیستمەکاندا تادەهات لەگەشەو هەڵداندا بوو، نموونەی حوکمڕانی سەردەمی سۆمەرییەکان باشترین بەڵگەی ئەم تێگەیشتنەیە کە بەمیتۆلۆژیا ناسراوە، دەوڵەت بەجێگای خوداوەند کاری کردووە، لەناو ئەمانەشدا دەزگا کۆمەڵایەتییەکان و گروپەکانی تری کۆمەڵ، شتەکانیان وەکی خۆیان بەبچوکی بینیوەو یەك رەهەندیان داوەتێ، هەڵبەت ئەم تێگەیشتنەی کە من مەبەستمە لەگەڵ سیستمەکانی کەوندا ئەگەر بەبیرکردنەوەی فیزیکی تەماشا بکەین، تێگەیشتنێکی درووست نییە و هەڵسەنگاندنیشی لەگێلێتی بەولاوە شتێکی تر نییە، چونکی سیاسەت کردن لەناو ئاییندا شتێکە، خودا پەرستیش لەباری فەلسەفەی لاهووتیەوە شتێکی تر پێشکەش دەکات، بەڵام کە لەنێو سیاسەتدا وەکو گوتارێکی ئاشکرای پشت دەقی یاسایی دەبیینرێت، ئەوکات ئاشکرا دەبێت ئایین چ ئامانجێکی هەیە و دەوڵەت و کۆمەڵگە بەرەو چ ئاراستەیەك دەبات.

ئەوەی کە مارکس دەربارەی فیورباخ رەخنەی گرتووە، تەنها لایەنی نادیار نییە لە فەلسەفەی مێژوو، تەماشاکردنی جۆری نوێی کۆمەڵایەتی و پێداویستییەکانی ژیان لەدوای قۆناغی بەر لە مرۆیی، بۆ سەلماندنی ئینسان بوون، گشتاندنێك هەیە کە پەیوەندیی بە هێزەکانی بەرهەمهێنانەوە هەیە و پەرەپێدانی پێویستییەکانە بۆ گەشەی کۆمەڵایەتی وەکو ئەوەی مێژوو باسی دەکات، بەڵام دەبینین "جوڵەیەك لە بارەی چەمکێکی سرووشتگەراییانەی ئینسانی بۆ جوڵەیەکی پراکسیسی و کۆمەڵایەتی رێکدەخات، ئیدیۆلۆژیای ئاڵمانی ئەم چەمکە پراکسیسی و کۆمەڵایەتیەی ئینسان بەسەر چەمکێکی

ئـــابووری و مێژووییـــدا دەگشـــتێنێت، ئـــابووری نـــاوەڕۆکێکی ئەنتۆلۆژیانـــەی مێژووییە، بەرهەمهێنانی پێداویستییە تازەکان کە مارکس بە مشتومڕکردن دژ بـەو شـتەی خـۆی پێیـدەڵێت ڕەوت و ئاراسـتەی ئاڵمـانی بـۆ لـە پێشـتردانانی سیاســەت و ئــایین، لــەناوەوەی مێــژوودا پێداگیرییــەکی زۆرتــری لەســەر دەکات".(١٥). مارکس ئەمەی لە دەستنووسەکانیدا بەجێهێشتووە کە هەندێك لەو نووسینانە پێداچوونەوەی بـۆ نـەکراوە، بۆیـە دوو لایـەنی هەیـە، لایـەنێکی ئەوەیە کە بۆچـوونێکی سـەرەتایی بـووە بەرامبـەر ئینسـان و سرووشـتگەرایی، لایەنەکەی دیکەی ئەوەیە کە ڕەنگە بۆخۆی ڕەخنەی لەو بۆچوونە هەبوو بێت کە پێشتر بە ناکامڵی بەکاریهێناوە، چـونکە مـارکس بـڕوای بـە دابڕانـی فەلسـەفە هەبووە، بڕوای نـەك هـەر بەرەخنـەگرتن هـەبووە، بـەڵکو بـڕوای بـە ڕەخنـە لـە ڕەخنەی ڕەخنە هەبووە، واتە ریشەیی ڕەخنـەی گرتـووە، هەرئـەوەی کـە پێشـتر باسمان کرد لە کتێبی خێزانی پیرۆزدا ناونیشانی دووهەمی کتێبەکە وەهایە.

**تێبینی سێیەم:** بیرکردنەوە لەناکۆکیـەکانی نێـوان نەتـەوەکان و نەهێشـتنی نەتەوەی سەردەست و بندەست، یەکێك لەهەوڵـەکانی فەلسـەفەی مـارکس بـوو بۆ مرۆناسی و ئەو سیستمەی کە پێشنیاری کرد و شۆڕشـی بـۆ کـرا، هـەر ئـەم تێزەش بوو کە دواجار هەم لە مەجەڕستان و پۆڵۆنیـا لەتـەك کۆمۆنیسـتەکان و جولەکەکان شۆڕشی نەتەوەیی کرا و دواتریش لینین لەژێر کاریگەری ئەم تێـزەی مارکس بوو کـە واقیعیانـە بـیری کـردەوە و لەسـەر مـافی چـارەی خـۆ نووسـین لەلایەن نەتەوە ژێر دەستەکانەوە، بە ئازادیی و مافی هەموو نەتەوەکان زانـی و کتێبێکـی لـەو بارەیـەوە نووسـیوە کـە ئێسـتا وەکـو تێکسـتێکی کـراوە و بەرنامەیەکی کارای سیاسیی کاری پێدەکرێت و سەرچاوەی ئاکادیمیشـە، دوای ئــەویش بیرمەنــدێکی وەکــو (پــۆڵ ســویزی) لــەبارەی ناســیونالیزمی سۆسیالیسـتیەوە کتێبێـك دەنووسـێت و بـاس لـە خۆشـگوزەرانی دەکـات بـۆ نەتەوەیەك کە لەسەر دەستی دەستەبژێری ناسیونالیست و لۆبی نەتـەوەوە مافـە

سیاسییەکان بەدەست دێت و دواجار خۆشگوزەرانی لەدوای سەرکەوتنی شۆڕش، ئەم لافیتەیە دەبێتە ویستی گشتی، ویستی گشتی لێرەدا بەشداریکردنی گشتە بۆ ئامانجێکی دیاریکراو کە پەیوەندیی بە هەمووانەوە هەبێت، نەك تەنها مافی دەنگدان لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بۆ گۆڕینی سیستمی حوکمڕانی و دەستەبژێری سیاسیی، لەکاتێکدا زوڵم و ستەم لەسەر جولەکەکان هەبوو لەلایەن نازییەکانەوە، مەسەلەی نەتەوە پەرستی و ناسیونالیزم نەبوو، بەڵکو رق و قینێك بوو کە سەرچاوەکەی لەتوندڕەوی ئایینێکی دیکەوە هاتووە کە سیستمی کەنیسا و دەسەڵاتی قەشەسازی بەدرێژایی مێژوو پەیڕەوی کردبوو، لەمێشکی نەوەکاندا جێکەوتە ببوو و دواتر لە سیستمی سیاسیدا رەنگیدابۆوە، خۆ ئەم توندڕەوییە بەر لەهاتنی هیتلەر بووە کە جووەکان رێگەیان نەداوە بە مەسیحیەکان جێگەیان ببێتەوە لە جومگەکانی دەوڵەت و تەنانەت هەندێکجار نەیانهێشتووە ئازادی کاریان هەبێت، ئەمەش جۆرێکە لە تۆڵە، بۆیە گوتوویەتی ئایین تلیاکی گەلانە ..

جیاوازی نێوان تاکەکان و شێوەی ئاڵوگۆڕ و گەشەی بەرهەم، واقعیەتێکی مێژوویی و گرنگیەکی ئەو پێکهاتەیەیە کە ناوی خێزانە، لێرەوە میرات و پەیوەندییەکانی دیکەی بەرهەمهێنان وەکی چالاکیەکی مرۆڤ کە لەپڕۆسەیەکی مێژوویدا، وێنەیەکی جیاوازمان دەداتێ لەبەرامبەر ژیانی ئاژەڵ کە ئەمە لە توێژینەویەکی تردا جێگەی دەبێتەوە.

سەبارەت بەبڕوابوون و باوەڕی عەقڵانی لە خۆبەدەستەوەدان بەدەسەڵاتێك کە لەدوا پلەی بەهێزیدایە، توانای عەقڵێکی رەها ئاشکرا دەکات کە ئەمە بۆ خۆی سەرچاوەکەی دەسەڵاتی مرۆڤ خۆیەتی. **ئەزموونی ئایین و سەرهەڵدانی دەسەڵاتگەری ئایین کە خوداوەندکراوە بەسزادەر، ئەم ئەزموونە جۆرێك لەپێکهاتەی کەسایەتی مرۆڤ درووست دەکات و هەر ئەمەشە کاریگەری پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی هەیە لەسەر کۆمەڵگە، ئەوەی کە مرۆڤ ناچار دەکات بەپێی ئاینێك کە دەوڵەت ئیلهامی لێوەرگرتووە، دەبێ بەهەمان شێوە**

**ملکەچی دەسەڵات بێت، نێگەتیڤە. بەڵام ئەوەی کە ئایین وەکی تێگەشتنێکی رۆحانیە و پەیوەندی بەنموونەی باڵاوە هەیە کە لەدەرەوەی هێزی ئەقڵی مرۆڤە، ئەگەر وەکی واقیع تەماشای بکەین شتێکی پۆزەتیڤە.**

هەڵبەت لێرەدا ئەریك فرۆم پێی وایە ئەو کەسایەتیەی کە ئایینە جۆراو جۆرەکان درووست دەکات لەوان پێکهاتووە و بەرهەمهێنەری بیری مرۆڤە، مرۆڤی مشەخۆرو ئامادە کە لەکردارەکانیاندا لەژیانی واقیعی رەنگدەداتەوە و لەهەموو بوارەکاندا دەبینرێ، ئەو مرۆڤەش کە بەبێ ئایین و لەدەرەوەی وەهم، خودا پەرستی وەك حاڵەتی رۆحانی تەماشا دەکات و جودای ناکاتەوە و هەردوو نموونەکە تێکەڵ بەیەکتر دەکات.

نموونەی ئەو سزایەی کە لەسەدەمی مارکس کە لە رۆژنامەی تایمز و مۆرنیگ ئەدفایستەر نووسرابوو و ئامارێك بڵاوکراوەتەوە کە لەچەند شارێك ژمارەیەکی زۆر خەڵك لە سێدارە دراون، چونکە دەوڵەت ی بەریتانیا ئەو یاسایەی دەرکردبوو، بۆ رەخنەگرتن لەو سزا و پیرۆزکردنە یاساییە کە بە شێوازی سێدارەدان و کوشتن لە حەمامی گەرم و بەرگەی ژەهر خوارد کردن بووە، مارکس بەبیستنی ئەم بانگەواز و پیرۆزکردن، بابەتێك دەنووسێت و رەخنە لەو رۆژنامەیە دەگرێت کە سزاکەی وەکو یاسایەك بۆ پاراستنی مافی بەرامبەر و دەوڵەت بە پیرۆز لەقەڵەم داوە و بڵاوی دەکاتەوە، مارکس لەو وتارەدا دەڵێ (لەواقیعیدا باسکردنی وەها مەسەلەیەکی گرینگ و چارەنووسساز کە پەیوەندیی بە کۆی کۆمەڵگەوە هەیە، جێگەی بڕوای کەسانی هۆشیار نیین، تەنها ئەوە نەبێت کە ئەمە وەسف کردنی جەللادەکانە و قایل بوونە بەو جۆرە سزایەی کە خودا دایناوە و بەچارەسەری کێشەی کۆمەڵگەی دادەنێت، (هەڵبەت ئەو خودایەی کە ئایین باسی دەکات)، چونکە هەر خۆیان سەرچاوەی ئەو پێشێلکارییەن کە خەڵك وەکو تاوان ئەنجامیان دەدات، بۆیە لەبری ئەوەی ئەو جۆرە سزایە دەربکرێ، دەبێ هەوڵبدرێت ئەو سیستمە لەناو ببرێت کە هەلومەرج و ئەو بارودۆخەی بەرهەمهێناوە کە تاوان بەرهەمدەهێنێ ئەویش ئایین و دەوڵەتە.

## گۆڕینێکی ناڕاستەوخۆ

مادام بەگشتی بڕوامان بەوە هێناوە کە شتەکان لەئاڵوگۆڕدان و دیالکتیکین، دەبێ بڕواشمان بەوە هەبێ کە یاساکانیش لەگۆڕاندان، لە یاسای مەدەنیدا پەیوەندییەکانی خاوەندارێتی وەکی ئەنجامی ئیرادەی گشتی رادەگەیەنرێت، خودی مافی کەڵك وەرگرتن و بەکارهێنانی شت و مەك لەلایەکەوە، واقیعەتیش کە خاوەندارێتی تایبەتی بەتەواوەتی کۆمەڵگەی سەربەخۆیە لەلایەکی ترەوە، بەیانکەری ئەو وەهمەیە کە خاوەندارێتی تایبەتی بەتەنیا لەسەر بنەمای ئیرادەی تایبەتی، واتە بەکارهێنانی ئارەزووانەی شتێك راوەستاوە، بەکردەوەش هەر بەوجۆرەی خاوەندارێتی تایبەتن و دەیەوێت خاوەندارێتییەکەی لەئەنجامدا مافی کەڵك وەرگرتنەکەی بکەوێتە دەست ئەوانی ترەوە، هەڵبەت ئەم مافی بەکارهێنانە رێگری ئابوورییەکی تەواوی دیاریکراوی دەبێت کە لە مەبەستی یەکەمدا وێنا کراوە، چونکی لەڕاستیدا ئەو شتە ئەگەر بەتەنیا لەپەیوەند بەئیرادەی ئەوەوە لەبەرچاو بگیرێت، کەواتە لەبنەچەوە هیچ نییە، بەڵکو بەتەنیا ئاڵوگۆڕو سەربەخۆ لەیاسادا وایە کە دەگۆڕێت، بەم شێوەیەش یاساکان دابەشدەبن بەسەر کایەکاندا کە مارکس لە ماتریالیزمی دیالکتیکدا سێ یاسای وەکو بنچینە دیاری کردووە.

مارکس لێرەدا پێی وابوو شێوەی بەرهەمهێنان دەتوانێت گەشەی فکری و سیاسیی دیاری بکات، هەموو سیستمێکی نوێش هۆکارەکانی لە ناوچوونی خۆی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، هێزە دژەکانیش دەکەونە ململانێ لەگەڵیدا کە لەیاساکانیشدا سیستمەکان لەخۆ نوێکردنەوەدا دەبن، ئەمە بەشێك لە ئایدیایە کە بەناوی حەتمیەتی مێژوویی بۆ سەرمایەداری پێشبینی دەکرد.

یەکەم: یاسای دژەکان و ململانێی نێوانەکانیان: ئەم یاسایە ئەوە بەیان دەکات کە دیاردەکان وشتە دژ بەیەکەکان پێکەوە نایانکرێت، بەپێچەوانەوە لەناویان دەبات. نموونەی ململانێی چینەکان سەلمێنەری ئەم یاسایەیە.

**دووەم: یاسای وەرگەڕان لەچەندایەتیەوە بۆ چۆنایەتی:** ئەم یاسایە پێی وایە لەکۆمەڵگەدا چەندایەتی پێش چۆنایەتی دەکەوێت، نموونەش گۆڕانی ستایڵی شۆڕشەکانە لە کۆیلایتیەوە بۆ پیشەسازی و بۆ فەرهەنگی لە سەردەمی رێنسانسدا و بۆ شۆڕی تەکنۆلۆژی و هت دکە بەردەوامە، یان لەڕووی سیاسیەوە وەکو سەرمایەداری بۆ سۆسیالیزم، بەڵام سۆسیالیزم بۆ کۆمۆنیزم گۆڕانێکی کتوپڕ نابێت و دەبێت کۆمەڵگە بەگشتی بگاتە ئەو قەناعەتەی کە پێویستی بەو ژیانە سادەیەیە، بۆیە ئەم شۆڕشە بەپێچەوانەوە لەسەر خۆ دەبێت و مەرجەکەش بەر لە شۆڕش دەبێت کۆمەڵگە هەم هۆشیاربن بە گۆڕانی چەندایەتی بۆ چۆنایەتیی، لەلایەکی دیکەشەوە دەبێت کۆمەڵگە هەم ئاشنایەتیان هەبێت لە داهاتووی سیاسەتی دەوڵەت بۆ ژیان لەنێو هەموو کایەکاندا، بۆ ئەوەی نموونەی ئەو سۆسیالیزمەی شۆڕشی ئۆکتوبەری لینینی بەسەر نەیات کە نیوەی زیاتری کۆمەڵگە نەیاندەزانی شۆڕش چی دەکات و داهاتوو چۆن دەبێت، تەنها ئەوە نەبێت کە لەگەڵ بەلشەفییەکاندا کۆك بوون لەسەر روخانی قەیسەر و هیچی تر، پاشماوەی ئەم خراپ تێگەیشتنەش بوو بە بۆماوەیی تاکو سەردەمی ستالین و دواتریش بەناوی نەبوونی ئازادییەوە لەسەردەمی سیستمی بەناو سۆسیالیزم، بەڕابەرایەتی خرۆشۆف و یەڵسن کە بەرکاری ئامریکا و کۆمپانیاکان بوون، بلۆکی سۆڤیەت روخێنرا و سەرمایەداری وەکو سیستم سەرکەوت بەسەر ئەو تەقلیدیەتە سۆسیالیزمەی بەناو کۆمۆنیستەکان شانازیان پێوە دەکرد وەکو حیزبی سیاسیی، نەك وەکو کۆمەڵگە کە لەجیات سوودی لێببینن زیانیان لێکردبوو.

**سێهەم: یاسای نەفی نەفی:** ئەم تێەیشتنە بەر لەوەی لەلای مارکس هەبێ، لەلای هیگڵ هەبووە، لابردن و سڕینەوە و وێرانکردن و هەڵپەساردن و هتد، لابردن فۆڕم بووە نەك باڵا دەستی و پڕۆسەی دەستبەسەردا گرتن لە فەلسەفە و

دواتریش لە نێو سیستمی سیاسیدا، بە خۆییکرد، جۆرێکە لە نەفی نەفی کە گەڕانەوەیە بۆ نەفیکردنی خاوەندارێتی نەك تەنها بۆ شتەکان و مەسەلەی کیمیا و گۆڕانی دیاردەکانی سرووشت، نامۆ بوون و لە خۆنامۆبوون لابردنی خاوەندارێتی تایبەتی یە، بۆیە بە خۆییکردنی جەستە و هێزی کار، جەوهەری نامۆکراوی ئینسانە بۆ بەرخودی کردنی ئەو دیاردە نیگەتیڤانەی کە ئینسان مەحرووم دەکات لە پڕۆسەی بەماتریالی کردنی جەستە کە یەکەم خاوەندارێتی ئینسانە، ئەمەیە کە مارکس لە رێگەیەوە خۆی لە دیالیکتیکی هیگڵ جیادەکاتەوە، کۆمۆنیزم ئەو چەمکەیە کە گرینگترین لایەنی بانگەشەی تیۆری مارکسە لە مانیفێستدا، چونکە بەر لەهەر شتێك بانگەشەیە بۆ ئەو ئازادییەی کە کرێکار ئازادانە جەستە و هێزی خۆی بەکاردەهێنێت و دەبێت بەهرەمەند بێت لەو بەرهەمانەی بەدەست و رەنجی شانی ئەوان درروست دەکرێت.

نەفی لە مانا زاراوەکەیدا وەکو چەمکێکی ئەپستراکت، واتە رەتکردنەوە، ئەم یاسایە زیاتر پشت بەجهانی ماتریالی دەبەستێت. سەلماندنیشی لە رەتکردنەوەی قۆناغێك بۆ قۆناغێکی تردا دەردەکەوێت. نموونەش لەناوبردنی قۆناغی کۆمۆنەی سەرەتایی بۆ کۆیلەداری و لەکۆیلەدارییەوە بۆ دەرەبەگایەتی و دەرەبەگایەتیش بۆ سەرمایەداری. پاشان سۆسیالیزمی.

هەڵبەت تاکو ئەوجێگایەی کە بنچینەکانی جەوهەری فەلسەفەی ماتریالیزمی دیالکتیك، بەشێوەیەکی زانستیانە رێچکەکانمان بۆ دیاری دەکات، دواتر لەوردەکاریەکاندا یاسا گەلێکی تر بەرهەمدێنێ کە بۆ رێکخستنی کارو باری دەوڵەت و رێکخستن و بارهێنانی خەڵك لەسەر شێوە ژیانێکی سوننەتی بەرێوەدەچێت و لەم یاسانە پێکدێن.

**چوارەم: یاسای کارو زێدەبایی:** جگە لە یاسای کار. زێدەبایی سیستمێکی ئاڵووێرە وەکو کاڵا هێزی کار پێشکەش دەکات. لەمەتن و ناواخنی ئەم پرۆژە یاساییەکەدا کەڵك و قازانج بەرهەمدێنێ، ئەم یاسایە پانتاییەکی زۆری

داگیرکردووە لەنێو سیستمی کاری دەوڵەت کە ئیلهام لەسیستمی سۆسیالیزمی وەرگیراوە و وەك شتێکیش شەرعیەتێکی وەرگرتووە، بەڵام نووسراو یاخود دەقێکی تایبەت و سەربەخۆی نێودەوڵەتی نییە، جگە لەیاسای وەبەرهێنانی سەروەتی کە ئێستا بۆتە مۆدێل ی کاری سەرمایەگوزاری دەوڵەت.

تایبەتمەندێتی ئەم یاسایە لەشوێنێکەوە بۆشوێنێکی تر و لەکارێکەوە بۆکارێکی تر جیاوازی هەیە، بەڵکو پێشکەش کردنی میتۆدێکە لەناو یاسای کاردا کە پەیوەندییەکی راستەوخۆی هەیە بەهێزی کارو پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایە گوزاریەوە، بەم شێوەیەش هێزی کار لەدەرەوەی سرووشتی خۆی، سیستمێکە دەتوێتەوەو دەبێتە شتێکی نادیار.

**پێنجەم: یاسای باج و سنورەکان:** ئەم یاسایە بەپێی رێکەوتنێك لەلایەن سنووری جوگرافیای دەوڵەتانەوە کە دیاری کراوە و لەڕووی بازرگانیەوە ئاڵوگۆڕی کالا و پێداویستییەکانی مرۆڤ دەکرێت و گومرك کردنی کالاو شمەك لەرێگاکانی زەوی و ئاوو ئاسمانییەوەیە کە بەشێکن لەداهاتی دەوڵەت. هەندێك جاریش بەپێی رێکەوتنێك لێبوردن بۆ ئالو وێرەکان دەکرێت کە بەنەفعی دەوڵەت خۆی دەبێت. هەریەکێکیش لەو هێلانەی دیاری کراوە شێوازی باج ئەستاندنی خۆی هەیە کەرەنگە دەوڵەت لەرێگای کەرتی تایبەتەوە مامەڵە لەتەك ئەم جۆرە هێلانە بکات، یان ئەوەی ئێستا لە رۆژئاوا هەیە دەوڵەت لەسەر باج ئەستاندنی کۆمپانیاکان دەژی کە کرێکار و فەرمانبەر دەیدەن.

**شەشەم: یاسای ماف و بیمەی کۆمەلایەتی:** ئەم یاسایە بەرمەبنای پێناسەی هاولاتی بوون و لەبەرچاو گرتنی ئەرك و ماف و دابین کردنی بیمەی کۆمەلایەتی و تەندروستی و پاراستنی ژینگەیە، بەشێك لەمافە سەرەتاییەکانن کە ماشین و کۆمپانیاکان هۆکاری سەرەکین تیایدا بۆ پیسکردنی ژینگە. ئەمە تائەوکاتەی ماشینەکان هەڵدانی بەخۆیەوە نەبینیبوو، یاسایەك بوو لەخزمەت کۆمپانیاکان، بەلام دواتر بەگەشەی تەکنۆلۆژیا لەنێو چینەکانیشدا دوو جۆر

چینی کرێکاری بەرهەمهێنا. (کرێکاری یەخە رەش و کرێکاری یەخە سپی) بەرهەمهێنا وەکو داهێنانێك لەلایەن سەرمایەگوزارانەوە، بۆ نموونە کرێکاری یەخە رەش ئەوانەن کە کاری دەستی و تاقەت پڕوکێن دەکەن و سەعات کاریشیان زیاترە، یان ئەوانەن کە خاوەن شوناسی دەوڵەتین وەکو رۆژئاواییەکان، هەرچی کرێکاری یەخە سپیە ئەوانە دەگرێتەوە کە تەکنیکین و پسپۆڕی کارن و بە ئامێری پێشکەوتوو و بە کۆمپیوتەر مامەڵە لەتەك کاردا دەکەن و ئەوانەش کە لەنێو سیستمی تەکنۆکراتیدا کاردەکەن و دەبنە مشەخۆری بێ بەرهەم، یان پلەیەکی هاولاتی دەوڵەت و ناسیونال، دواتریش ئەمانە دەبنە مایەی بێکاری لەریزی کرێکاراندا.

دابین کردنی کۆمەلایەتیش. ئەومافەیە لەبری سۆسیالیزم جۆرێك لەهاوکاری کردنی ژیانی ژنان و منداڵان دەگرێتەوە کە ئێستا لە رۆژئاوا بەشێك لە دەوڵەتەکان سۆسیال وەکو سیستم بەکار دەهێنن و بەشێکە لە خۆشگوزەرانی بەلام لەرێگەی باج ئەستاندنەوە، بەلام ئەمە نەگبەتی بەدواوەیە چونکە سەرمایەداری لەگەڵ گەشە سەندنی خۆیدا، زیاتر لەو سۆسیالە لە تاقەتی ئینسان وەردەگرێت و دەیکات بە کۆیلەی کار و خزمەتی دەوڵەت بەناوی ئینسانیەتەوە، هێشتا سیحری ئەم سیاسەتە ئابورییە ئاشکرا نەبووە لە رۆژئاوا کە لە داهاتوویەکی نزیکدا روونتر دەبێتەوە.

**حەوتەم: یاسای پەروەردەو فێرکردن:** ئەم یاسایە زانستیانە و لە چوارچێوەی میتۆدو سیستمێکەوە کاری پێدەکرێت کە حکومەت لەخۆبەرهەمدان خۆبەرهەمهێنانەوەدا جێگیری دەکات و وەکی دەزگایەك و کۆڵەگەیەکی سەرەکی بەسوود وەرگرتن لەکولتوور و ئایین و مێژوو تەماشای دەکات و کەڵکی لێوەر دەگرێت، ئەو پەروەردەیەی کە سەرمایەداری هاوچەرخ لەوپەڕی خۆ کامڵکردنیدا، هەرچی بەهای ئەخلاقی و سیاسیی و فەرهەنگی

هەیە لە تەکنۆلۆژیاو بەکالاکردنی خودی ئینسانی وەکو کالا، کردووە بە خودێکی بێ بەها و هیچ بەهایەکیش بۆ فەرهەنگ نەناسێ.

**هەشتەم: یاسای دادو باری کەس:** ئەم یاسایە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگەیە بەپێی دەستوورێك جێگیر و دادگایی کردنی تاوانکار و چارەسەرە بنەڕەتیەکانی کێشەکانی کۆمەڵ و ... هتد کە ئەولەویەتی بەدامەزراوەی خێزان داوە و هەرچی زیاتر دەستی پێوەدەگرێ. ئەمەش بەبیانووی ئەوەی ڕاگرتنی بەلانسێکە لەنێوان ئایدیاکان و مافەکان، نەمانی ئەو بالانسە کۆمەلایەتییەی کە وەکو دیوەزمە هەرچی زیاتر شیرازەی خانەوادەی هەڵوەشاندۆتەوە و هیچ ئەلتەرناتیڤێکیشی بۆ ئەو کردەنییە نییە، تەنانەت بۆ قیمەتی ئینسان وەکو کائینێك لەبەرامبەر بەکالاکردنی ئەگەرێکی دیکەی نەهێشتۆتەوە، دادگاشی سەرپشك کردووە بەوەی بەناوی ئازادی بێ بەرامبەر ئەم دەزگایە بێ بەها بکات لەلایەك، بەهاداریشی بکات لە خزمەت دەوڵەت کە ئایین کۆڵەگەکەیەتی لەلایەکی تر، بۆیە لە ڕۆژهەلات ئینسانی لەبەرامبەر پول و سەرمایەدا کردووە بە کالایەکی بێ بەها.

**نۆیەم: یاسای نووسینەوەی دەستوور.** ئەم دامەزراوەیە کە لەسەرووی هەموو دەقەکانی بواری کارگێڕی و پارلەمان و خودی دادگاشەوەیە. جارێکی تر دەوڵەت ئارایش دەکاتەوە و ڕەنگدەداتەوە لەدامەزراندنی پێکهاتەی دەوڵەت و یاسا بنچینەییەکان و سیستمە سیاسیە نێودەوڵەتیەکانی وەکی دیموکراسی و فیدرالی و کۆنفیدرالی و سەربەخۆیی و. هتد. بەپێی کولتوورو پرەنسیپە ئیتنیەکانی هەر کۆمەڵگەیەك" (١٦).

هەڵبەت زۆربەی شێوازە جیاجیاکانی ئەم یاسایانە. پێشتر بەپێی ڕێسای نێو دەقە ئایینیەکان شەرعیەتی پێدرابوو. دواتریش ڕۆمەکان و یۆنانیە کۆنەکان و ئیمبراتۆریەتەکانی ڕۆژهەلات لەسەر زەوی کاریان پێدەکرد، بەمەش مارکس

لەنێو تیۆرەی سۆسیۆلۆژیادا وەڵامی پێدایەوە کە مادام ئینسان بۆخۆی کاری خـۆی مەیســەر دەکــات، کەواتــە ســەرجەم یاســاکان دەبێــت لەبنەڕەتــەوە هەڵوەشێتەوە و بەجێگای ئەوان یاسایەك بونیات بنێرێت کە لەگەڵ مرۆڤایەتیدا بێتەوە و کێشەی چینایەتی بنەبڕ بکات. هەڵبەت بەپشـت بەسـتن بەفەلسـەفە و میتۆدە زانستیەکانی پێشـتر لـەباری ئـابوری و خوێندنـەوەی سۆسـیۆ سیاسـیی سیستمەکانی دەوڵەت. پێشتریش کـە مێـژوو بەشـێکی شـاردۆتەوە و بەشـێکی بەیان کردووە، چینەکان هەمیشە لەکێشمەکێشمدا بوون. بەو پێیەی کە ئایدیای یاسـا لـەباب مـەزنی و قەشەسـازی و کلێسـاوە دەوڵـەت بـەڕێوە دەچـوو. واتـە یاسایەك کە لەناواخنەکەی ئاسمان بوو. جێگەیەك نـەبوو بـۆ گـۆڕینی، یەکـەمین هێزی فیکری زاڵ وەکو گوتار بەسەر مرۆڤدا، لە بوونی دەوڵەتدا خۆی ئەنوێنیٚ، کۆمـەڵگە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی خۆی لە پەلاماره نـاوخۆی و دەرەکییەکان، دەزگایەك پێکدەهێنیٚ، ئەویش دەوڵەتە کە بریتییە لە کۆمـەڵێك دەزگا و جومگەی بنەڕەتی یاسایی، ئەو دەزگایانـەش دەسـەڵاتدارێتی دەوڵـەت جیادەکاتەوە لەو دەزگایانـەی کـە چـینێك ی دیـاریکراو بگۆڕێـت بـۆ چـینێکی ئاسایی، ئەمەش دەوڵەتی کردووە بە هێزێکی سەربەخۆ بۆ هەردوو چینی جیاواز لەرووی ژیانەوە.

ئەم بابەتە دواتر هاتە سـەر زەوی و پـۆزەتیڤیزم وەك جۆرێـك لـەبیری مـرۆڤ خۆیدا بوو بەکارنامـەی ژیـان. بـەڵام تائـەو جێگایـەی کـە ژیـان لەنابەرابەریـدا قەتیس کرابوو. بەسەرهەڵدانی بیری سۆسیالیزم ئەم یاسایانە کەوتنە بەر رەخنەی مارکس و خودی ئەو میتۆدەی کە بەر لەمارکسیش بەناکامڵی پێشکەش کـرا. ئیتر هەر لەمۆنتیسکۆوە بگرە تاکو پەیمانی کۆمەڵایەتی لەلای تۆماس هـۆپز و ژان ژاك رۆسۆ و تۆما ئەکوینی و قەشە ئۆگەستین. لـەکاتی خۆیـدا پشـکداریان کردبوو.

**رەخنە لەلاهوت.. رەخنە لەئایین و ئاینزاکان**

(ئایین ئەفیونی گەلانە) ئەم کۆنتێکستە فرە مانایە کە مارکس لەکتێبی رەخنە لەفەلسەفەی هێگڵدا نووسیویەتی، تەنها بوئرەیەك و رەهەندێکی وەهای پێدراوە کە واتێبگەین، ئایینەکان بەشێوەیەکی رەها دەبنە مایەی نامۆ بوونی ئێمە وەکی مرۆڤ، یان ئەوەی کە مارکس دژە خوا و نەفیکەری خودایە وەکو بەشێك لە فەلسەفەی لاهوتی، لەکاتێکدا ئەم کۆنتێکستە بەر لەئێستا حیزبە سیاسیەکان کە بەناو هەڵگری فەلسەفەی مارکسی بوون، بەجێی ئەوەی خوێندنەوەیەکی فەلسەفی بۆ بکەن و موناقەشە لەگەڵ ئەو دژە مارکسییانە ساز بکەن کە رستەکە تەنها بە خاتری دژە فکرەکە مانای لاوەکی بۆ دۆزراوەتەوە، کەچی بەپێچەوانەوە بەهەڵە بەکاریان دەهێنا، ئەویش نەك بۆ هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگە لەو ئەفیونە، بەڵکو وەکو گروپێکی پۆپۆلیسی و وەبەرهێنانی سیاست بوو.

مارکس بەهۆی ئەوەی لە سەروەختی خۆشیدا سەرقاڵیان کرد بەچەمکی خوداوە، لەمبارەیەوە لەرووی ئینترۆپۆلۆژیەوە وەڵامی پێداوەتەوە، پێشتریش سەبارەت بەفینۆمینۆلۆژیای رۆح لەلای هیگڵ رەخنە دەگرێت لەپەیوەند بەوەی کە ئایین تەنها فاکتەرێك نییە مرۆڤ لەدەرئەنجامی تەماس گرتن لەتەکیا نامۆبێت، چونکی کایەی ئابوری جۆریکی تری گرنگ یاری دەکات و دەور دەبینێ لەو نێوەندەدا ،ئەنگلس لە کتێبی ئەنتی دۆهریگل باسێك لەسەر سوسیالیزمی زانستی دولێ(روانگەی گنۆمیتك بۆسردوشت, روانگەیەکی تەواو ماتریالیە, جیهانی سروشیش مەحکومە بە کۆمەڵە یاسایەکەوە و بە رەهایی هەموو دەستێوەردانێکی دەرەکی بە دوور دەگرێت, بەلاّم گنۆستینیزم ئەوەش زیاد دەکات هیچ ئامرازێکی نییە بیسەلمێنێ کە بوونی بونەوەرێکی بالاّ لە دەرەوەی گەردون هەیە, هیچ ئامرازێکیشمان نیە کە بسەلمێنێ کە نیە, ئەم وەلاّلی پرسیارەکەی ناپلیۆن دەداتەوە سەبارەت بە هۆکاری باسنەکردنی خالّق لە

کتێبەکەیدا سەبارەت بە میکانیکی ئاسمانی و فەلەك و گەردوون کە قسەکردن لە بارەیەوە سوکایەتیی لە باوەڕی باوەڕدارەکانی ئایین. هەڵبەت مارکس تەنها بە لەبەرچاوگرتنی ئەو چەند ئایینەی کە ناسیونیەتی پێناسەی ئایین دەکات وەکو ئەفیونێك بۆ گەلان کە ئینسان پێی مەست دەبێ لەبری ئەوەی هۆشیار بێتەوە و چاکە بکات، ئەگەر بهاتبا و ئایینی مەزدەکی بناسیبا، رەنگە قسەیەکی تری بگوتابا لەسەر ئایین، تەماشاکەن "مەزدەك جگە لەوەی کە مێژووی سەرهەڵدانی نازانرێ، بەڵام ساڵی ٤٤٩ ریفۆرمخوازێکی ئێرانی بووە و بەپاشماوەی زەردەشتی و مانی هەژمار دەکرێ، هەموو پرنسیپە خوداناسیەکەی بۆ بەشەر لەو کاتەدا، یەکسانبوونی شتەکان لەبەرامبەر بەیەك، هەموو ئایینەکانی وەکو یەهودی و کریستیانی و ئایینەکانی تر بەمۆنۆپۆلکردنی ژیان لەرێگەی پیاوسالاریەوە لەقەڵەمدەدات و بەئایینێکی یەکسانیخواز نازانێ، مەسەلەی یەکسانی ژن و پیاو و بۆماوەیی موڵکداریێتی و باب مەزنی و هتد، لەدەرەوەی ئایین و خودا پەرستی دەناسێ، مەزدەك بناغەی فکر و فەلسەفەی دوالیزمە کە دەکاتە بەراورد لەنێوان هەردوو چەمکی خێر و شەڕ، بۆیە بانگەوازی ئەوە دەکات مرۆڤ دوور بخرێتەوە لە دوژمنکاری و چاوبرسیبوون و هتد، لەبەرامبەردا ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی و مرۆڤدۆستی و ژیاندوستی بێ ملۆزمی کردە باو لەدونیادا". **(١٧).**

**ئایا ئەمەش دەبێ ئەفیون بێت کە وەڵامەکەی نەخێرە، ئەلێرەوەیە کە مارکس راستیکردووە کە ئەفیونی گەلانە, ئەو ئایینانەی کە هەم ئەو ناسیوونی و هەم ئەوانەش کە تەنها بۆ بچوككردنەوەی کەسایەتی ئینسان و گەورەکردنی باب مەزنەکان و دەسەڵاتە و هیچی تر، بەڵام ئایینی تر هەبوون لەمێژودا کەمتر نەبوونە لەفەلسەفە.**

**"ئازاری ئایینی هەم دەربڕینی ئازاری راستەقینە و هەم ناڕەزایەتی بەدژی ئەو ئازارەیە، ئایین ئاهوناڵەی ئینسانی ستەملێکراو، دڵی جهانێکی بێ دڵ و روحی جهانێکی بێ روحە، (ئایین ئەفیون، یان تلیاکی گەلانە) لابردنی ئایین وەك**

بەختەوەری وەهمی خەڵك، داواكردن و خواستی بەختەوەرییەكی راستەقینەیە بۆ ئەوان، خواستی دووركەوتنەوە لەوەهم دەربارەی بارودۆخی باڵادەستی، هەمان خواستی دووركەوتنەوەیە لە بارودۆخی پێویستی بەوەهم هەیە، كەواتە رەخنەی ئایین تۆوی رەخنەی جهانێكی پڕ ئازارە كە ئایین خەرمانە موقەدەسەكەیەتی"(١٨). بەمەرجێك چاكسازی بێت بۆ كۆمەڵگە و نەبێتە مایەی توندوتیژی لەدژی یەكتر، هەروەك چۆن لەمێژوودا بینیومانە و چیرۆكەكانمان بیستوون.

رەخنەگرتن لە ئایین تەنها مەبەستێكی سەرەكی نییە، بەڵكو زۆرترین مانای لە پشتەوەیە كە بەشێكی سۆسیۆلۆژیا داگیری كردووە، لەوانەش دوورخستنەوەی ئینسان لەوەهم و ترس و گەڕانەوەی ئیرادەگەریتی بۆ خود، نەهێشتنی نامۆبون لە خودێكی هۆشیار لەبەرامبەر ئەوانی تر كە لەدەرەوەی ریاڵ ی واقیعی كۆمەڵایەتی مامەڵەی لەتەكدا دەكەن، لەلایەكی تریشەوە دەست واڵاكردنی دەستەبژێری سیاسییە لە تێكەڵ كردنی ئایین بە سیاسەتەوە، هەروەها نەهێشتنی توندڕەوییە كە مێژوو هەمیشە خۆی دووبارە دەكاتەوە سیستمە سیاسییەكانیش خراپ كەڵكیان لێوەردەگرن، نموونەی دژایەتی كردنی كاسۆلیك و پرۆتستانت و شیعە و سوننە و هیندۆس و سیخ و هتد.

بە بڕوای واڵتەر بینیامین كە خاوەنی بیرۆكەی رەخنەیە لە توندوتیژی كە هەموو كایەكانی ژیان دەگرێتەوە، باس لەوە دەكات كە رەخنەی باو بۆ داوەری نییە لە بابەتێك، بەڵكو دوا داوەری یە كە ئەمە تیۆری بووناسی یە. چونكە خوێنەری هەموو لیڤڵیان نییە، بەپێچەوانەوە بكەری چالاك هەیە، ئەمە خوێنەری كوشندەیە خوێنەری دڵڕەقە بەرامبەر دەق، ئایین ناسی ئەم خوێنەرەی هەیە و ماركس یەكێك لەم خوێنەرانە بووە، بۆیە رەخنەی لە تەواوی ئایینەكان گرتووە و دوا داوەری كردووە. ئەم رەخنە توندوتیژە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، وەختێك ئایینناس و خوداناسەكان

**هاتوون چیرۆکی سیحراوی و ئەفسانەییان بەزاری خوداوە کردووە و کردویانە بە خودانی، وەکو چیرۆکی ئەیوب کە سەبرێکی سەیریان وەکو پەند بۆی خولقاندووە، یان گفتوگۆی نێوان موسا و خودا و سوتانی کێوەکە، یان چیرۆکی لەدایك بوون و زیندووکردنەوەی مردووەکانی ئەو سەردەمە و لەخاچدانی مەسیح، یان چیرۆکی لوت پێغەمبەر کە خاوەنی قەومێکی نەگریس بووە و بەقسەیان نەکردووە، چیرۆکی یوسف و کراسەکەی و چیرۆکی سەفەرکردنی محمد بەرەو ئاسمان بە بوراق کە تەیرێکی فرۆکەییە، ئەمانە ئەگەر نموونەی بالا نەبوایە، گەورەیی کارێکتەرەکانیش نەدەبوون بە نموونەی قبولکردنی ژیانێکی وەها تاکو ئینسان بترسێ تلە نموونە بالاکە، وەکو خاوەن دەسەلاتێکی دەرەوەی ئیرادەی بەشەر بەسەر بەشەردا، ئەمە دۆزینەوەی واتای گەورەیە لە ئامانجی کۆمەلێك مانای جولاو کە هەلسەنگاندنێکی نەرێنییە لە پرۆژە سەرزەمینییەکان. ئەوەی کە ئینسانی ناچا ربە پبولکردن کردووە لەو توندوتیژییەی کە لەژیاندا هەیە، لە کاتێکدا ئەفیونەکە لێرەوە دەردەکەوێت کە ژیان و موفرەدەکانی ژیانی رۆژانە و نەریت و ئەوانی تر، دەستکردنی خودی ئینسانن نە گوتارێکی بەزۆر سەپاو بەسەر ئینسان. کەواتە فەلسەفەکە لە کوژرانی ئامانجە کە لە ئامرازە جۆراوجۆرەکانی پشت گوتاری ئایینە، نەك خودی ئایین کە بڕوایەکی گشتییە**

مەبەست لەم بۆچوونانە نیازی یەکەمی هیگلیە لاوەکان ئەوەبوو لەنێو ئیشکالیاتە ئایینەکاندا شۆڕشێکی گیانەکی واتە روحی لەبەرچاو بگرن، ئەوان پێیان وابوو شۆڕشێکی سیاسیی بەدووی خۆیدا دێنێ لەئایندەدا، هەرئەوەش کە فیورباخ لەبارەی فەلسەفەی تێڕامانەوە دەلێ" فەلسەفەی تاملی واتە (تێڕامان) هیگلێ لاهوتێکی بەعەقلانی کراوە، بەو مانای کە لاهووت بەتێڕوانینێکی لاهوتی نەفی دەکاتەوە،" ئەمە بەشێك بوو لەدیمانە و روانینی ئەنگلس و مارکس لەخالی یەکلاکەرەوەی نێوان ئیدیالیزم و ماتریالیزم، ئیتر لەچەمکی

فەلسەفەدا دیالیکتیك دژە واتای ناوەکی و دەرەکی و چەندایەتی و چۆنایەتی بوونە پایەی راگرتنی ئەو ئەتروحەیە.

میتۆدی (ئادەم سمیت و داڤید ریکاردۆ) وەکو دوو بیرمەندی ئابووری ناسی سەدەی ١٨، گەورەترین بەردبوو لەسیستمی سەرمایەداری گیرا، بەومانایەی کە ئەلتەرناتیڤی سۆسیالیزم لەنێو کایە پیشەسازییەکاندا، گرێی چینایەتی دەکاتەوە، ئەمەش بەئەزموون دیمانە سیاسییەکان دەوڵەمەند تر دەکات و سازمانە شۆڕگێڕیەکان ئەزموونێکی تر لە کەمتەمەنی کۆمۆنەی پاریسی١٨٧١ پێی بەخشی، لێرەوە مەبەست لەبەراوردکاریەکان ئەوەیە کە (فرۆم) یەکێکە لەو بیرمەندانەی جارێکی تر هاتووە بەهەمان لۆژیك کار دەکات و ئاین بەتاکە فاکتەر دەزانێت، لەکاتێکدا نامۆ بوونی ئێمە رەهەندێکی سیاسیی هەیە.

ئەریك فرۆم کە فەیلەسوفێکی چەپی رادیکاڵی فرۆیدیە و یەکێك بووە لەوانەی هەوڵیداوە فەلسەفەی مارکس و فرۆید پێکەوە بلکێنێ و شتێکی لێبەرهەمبێت، لەمبارەیەوە دەڵێ "مارکس نەیتوانیوە پێشبینی ئەوەبکات کە نامۆبوون دواتر دەبێتە چارەنووسی زۆربەی زۆری خەڵك، بەتایبەتی ئەو کەرتەی کە زۆربەی زۆری کۆمەڵگەیە و زیاتر مامەڵە لەتەك سیمبول، یاخوود خەڵك دەکات"(١٩).

لەگەڵ رەخنەگرتن لەلاهووت و تەرجەمە کردنی بۆ رەخنە لە سیاسەت کەلە مەنزومەیەکدا هەموو کایەکانی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە و بەپێچەوانەشەوە لەهەموو کایەکاندا ئامادەیە، بەو مانایە دێت کە مرۆڤ بەناچار سیاسەت دەکات و دەبێتە کائینێکی سیاسیی و ئیدیۆلۆژی وەکی بەشێك لەسیاسەت، سیمبولەکانی وەکی خودا تەماشا دەکرێت بەجێگای لاهوت و لاهوتیەت، وەختێك ئەمە دەڵێم پشت بەو بیرکردنەوەیە دەبەستم کە مارکس و مارکسیزم وەکی فەلسەفە قسەی لەسەر یەکتا پەرستی نییە، بەقەد ئەوەی قسەی لەسەر خودا درووست کردن و دین پەرستی هەیە، بۆیە کە رەخنە دەگرێ بۆخۆی ئەمە باسێکی تایبەتە و دیسان دەمانباتەوە سەر ئەوەی کە ئایا هەر کار بووە مرۆڤی

خولّقاندووه؟ یان چیرۆكی ناو دەقە ئاینیەكان درووست ترن؟ بەلاّم لەتەك ئەمانەشدا خوداپەرستی ئیجتیهادی خودیەو هەر زۆر كردنێكیش لەو باسە جێگای رەخنەیە و نەفی كردنەوەی خوداش بەپشت بەستن بەمیتۆدی ماتریالیستیانە جێگای قبولّ نیە، نموونەیەكی ماركس هەیە دەلّێ "جەنگ لە دژی خودا، جەنگێكە لەدژی بت پەرستی كە مێژوویەكی هەیە لەگەلّ هاتنی یەكەم بەرەبەیانی درووست بوونی ئینسانەوە و كێشەی گەورەی ئینسانیش بووە"(٢٠). ئەو بتە درووستكراوەی كە پێی دەلّێن خودا هەروەك چۆن لەتەك لەتێزەكانیدا بۆ ئایین لەتافی لاویدا پێشەكی بۆ شیعرێكی نووسیوە بۆهاوڕێكانی دەلّێ "ئەوانە خودا ناناسن و سوكایەتی بەخواوەندی هەموانەوە دەكەن، بیرورِای هەموانیش بۆ یەك خودا دەگێڕنەوە" (٢١).

راستە ماركسی لاو لەگەلّ ماركسی كاملّ لەباری فەلسەفیەوە جیاوازیان هەیە، بەلاّم ئەم قسەیەی ماركس **ئەو دەلالەتەی هەیە خودا ناسین مەسەلەیەكە و زانست مەسەلەیەكی ترە كە رەخنەیە لەخورافەو دین پەرستی. هەلّبەت ئێمە چەمكەكانی ئاسمان و ئایین و لاهوتمان گۆڕیەوە بۆ چەمكەكانی زەوی و یاسا و سیاسەت كە لەباری مێژووییەوە لە هەموو سەردەمێك و شارستانیەتێكدا رۆلّیان هەبووە،** بەلاّم موناقەشەكە لەنێوان راستكردنەوەی چەمكی (خودای ئایینی و خودای فەلسەفیە) كە لەهەردوو بارەكەدا مرۆڤایەتی توشی گێرۆدەیی كردووە، خودای ئایینی ئەو خودایەیە كە لەدەقە ئاینیەكاندا وێنای كراوە، خودا پەرستییەكەو سیحری خودا بۆ نووسەرەكە دەگێڕێتەوە" بەلاّم بەسەرهەلّدانی چەرخی رێنیسانس بەتایبەت لەئەوروپا شۆرش گەشەی كردو فكر سەریهەلّدا، ئەوەی كە ناوی لێنرا **(كۆزمۆجینیە) (٢٢) (فەلسەفەی ئایینی)** نەفی بۆوە و میتافیزیكا بەجێگای ئەو كاری كردو دواتریش جارێكی تر ئیدیۆلۆژیا وەك ئایین و خاوەندەكانیان كە داهێنانی ئەوان بوون وەكی خودا چاویان لێكرا، ئەگەرچی ئایین تاكو ئێستاش

وەکی خۆی ماوەتەوە و کاری خۆی دەکات، بەڵام فکر توانیویەتی جێ پێ بەسەلەفیەت لەق بکات" (٢٣).

هەر ئەوەی کە سۆسیالیستە ئایدیالیەکان دەرکیان پێنەکردبوو، چینێکی باڵادەستی بۆرژوازی کەڵکی لێوەردەگرت و لەهەوڵی ئەوەدابوو بەدۆگمایی بمێنێتەوە، یان ئەو بونیادە میتافیزکیانەی کە روانینی بۆ فەلسەفە هەبوو، دیسان لەهەوڵی ئەوەدابوو سرووشتێکی کۆمەڵایەتی بە کۆنخوازی ببەخشێت کە روانینێکی مەسیحیانە بوو لەو کاتەدا، بۆیە لەبەرامبەر ئەو تەقەللایەی مارکس هەیبوو لە کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستیدا دەریخست و ئاڵوگۆڕە ریشەییەکانی دەبەستەوە بەبونیادی ئابووری کە دواجار بەسەر سەرخانی کۆمەڵگەوە رەگی دەدایەوە، هەر ئەمەش بوو کە دونیابینی مارکس وەکو تۆمەتێکی یۆتۆپیایی چاو لێدەکرا، مارکس لە شوێنێکدا بەراشکاوی باسی لە وەهمی رەخنەگرتن کردووە بەناوی واقیعبینانەوە قسەیان دەکرد و دەڵێ " ئەو رەخنەیەی مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا دەکات، خەباتێکی رووبەڕووە و لە خەباتێکی ئاوادا هیچ گرینگ نییە نەیارەکە کەسێکی ئەریستۆکرات، یان کەسێکی خانەدان یان نەیارێکی سەرنجڕاکێش بێت، گرینگ لێدانێکی توندەلێی، گرینگە رێگا بە ئاڵمانەکان نەدەین تەنانەت بۆ ساتێکیش خۆیان فریوو بدەن، یان تەسلیم بن، دەبێت ستەمی راستەقینە بە ئاگادارکردنەوەیان لەو ستەمە، ستەمگەرانەتر بکەین و عەیب بە ئاشکرا کردنی عەیبدارتر بکەین، دەبێت هەر هەرێمێك و قەڵەمڕەوێکی کۆمەڵگای ئاڵمانی وەك نیشانەی شەرم و عەیبی دەر بخەین".(٢٤).

## سەرچاوە و پەراوێزەكان

**١: د. دينيس لويد. عالم المعرفة . سليم الصويص.**

٢: بڕوانە لاپەڕە ١٤٣ كتێبی چەند بنەمایەكی فەلسەفەی دواڕۆی فیورباخ كە حەمید عەزیز وەرگێڕاوەتە سەر زمانی كوردی

**٣: كارل ماركس. حول المسالة اليهودية. ترجمة. د.نائلة الصالحي. منشورات دار الجمل. سنة ٢٠٠٢ المانيا. ل٨**

**٤: ماكس فيبەر (١٨٦٤_١٩٢٠) لەكتێبی (البيروقراطية و كاريزما في فلسفة التاريخ). ترجمة (سيرين الاح حسن).**

**٥: بؤس الفلسفة. كارل ماركس. رد على برودون. ت. حنا عبود . دار الدمشق ل ١٠٤،١٠٣،١٠٢**

**٦: ماركس و انجلس .مختارات دار التقدم. موسكو**

٧: هەمان سەرچاوەی پێشوو

**٨: الانتروبولوجيا السياسية. جورج بالاندية. ترجمة علی المصری. الموءسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع سنة ١٩٩٣. ل٣٤**

٩: كارل ماركس. فریدریك ئەنگلس. بەشێك لە كتێبی ئیدیۆلۆژیای ئاڵمانی. وەرگێڕانی بۆ كوردی. سەلام مارف. بڵاوكراوەكانی چاپخانەی رەنج ساڵی ٢٠٠١.

**١٠: كارل ماركس. الثامن عشر من برومير لويس بونابارت. ترجمة دار التقدم موسكو**

**١١: منطق ماركس. يندريش زلني. ترجمة ثامر الصفار**

**١٢: كۆندريسة. جزء مفقود من راس المال. ترجمة. فالح عبدالجبار دار الابحاث الاشتراكية. ل ٩٥،٦١،٦٠، ١٩٧ ١٩٨**

**١٣: اطیاف ماركس . جاك دریدا.ترجمة منذر العیاشی. مركز الانماء الحضاری. ١٩٩٣. ل١٣١**

١٤: ویكیپیدیای ئایینەكان و زەردەشتیەت لە سایتی ئینتەرنێتەوە.

١٥: ئەریك فرۆم. ئایین وشیكردنەوەی دەروونی. وەرگێڕانی بۆ كوردی. ئاوات محەمەد

**١٦: جاك دریدا. اطیاف ماركس.ترجمة. د.منزر عیاش. دار مركز الانماء الحظاری. سنة ١٩٩٣.ل١٨٢**

١٧: كارڵ ماركس. بەشداریكردن لە رەخنەی فەلسەفەی هەق هیگڵ. وەرگێڕانی پێشڕەو محەمەد. بڵاوكراوەكانی ناوەندی توێژینەوە و هزری شەهید ئارام. سلێمانی ٢٠١٦. ل٤٣

١٨: پیتەر ئۆزبۆرن. چۆن ماركس بخوێنینەوە. وەرگێڕانی بۆ كوردی. پێشڕەو محەمەد. بڵاوكراوەكانی ناوەندی توێژینەوە و هزری شەهید ئارام. ٢٠١٦. ل٨٢

**١٩: ماركسیة ام كانطیة قرائة نقدیة لمقالة صادق جلال العظم، نایف سلوم. مجلة النهج العدد ١٧ سنة ١٩٩٩ ل١٧١،١٨٦**

٢٠: ئەریك فرۆم . مرۆڤ لەروانگەی ماركسەوە. وەرگێڕانی هەنگاو. چاپی یەكەم. ساڵی ١٩٩٩

**٢١: سلامة المغربی. ما لماركسیة. مجلة النهج . العدد ١٦ سنة ١٩٩٨ ل ١٢٥_١٤٠**

**٢٢: عنان عویا. الماركسیة والماركسیة المسفیتة.مجلة النهج. العدد ٢٩ سنة ٢٠٠٢ ل١٩٦_٢٠٨**

٢٣: گۆڕینی دەسەڵات و پەیوەندییە شەخسیەكان بەدەسەڵاتە مادییەكانەوە كە بەهۆی دابەشبوونی كارەوە هاتوونەتەدی ناتوانێت بەدەركردنی ئەو فكرە گشتیانە لە مێشكی ئینساندا بكرێت، بەڵكو لەناوبردنی ئەوە تەنیا لەلایەن ئەو كەسانەی كەدووبارە ئەم دەسەڵاتە مادیەیان كردۆتە ملكەچی خۆیان و دابەشبونی كار هەڵدەوەشێننەوە مومكینە ئەمە بەبێ كۆمەڵبوون ناكرێ تەنیا

لەناوخۆی کۆمەڵبووندایە کە هەرکەسە هۆکاری پێگەیاندنی ئامادەییەکانی خۆی لەهەموو لایەکەوە هەیە، کەواتە ئازادی تاکەکەس تەنیا لەناو خۆی کۆمەڵدا مومکینە، لەجێگرەوەکانی تائێستای کۆمەڵ ، واتە لە دەوڵەت و هتد

ئازادی تاکە کەس تەنیا بۆ کەسانێك کە لەژێر هەلو مەرجی چینی فەرمانڕەوادا پێدەگەن وەتەنیا تائەو شوێنەی کە ئەوانە کەسانی تیادابوون بوونی هەبووە، کۆبونەوەیەکی وەهمیە کە تائێستا کەسەکانی تیادا رێکخراون، هەمیشە لەپەیوەند بەوانەوە بونێکی سەربەخۆ دەگرێتە خۆی ولە بەر ئەوەی پێکهاتەیەك بووە لەچینێك دژی چینێکی تر.

٢٤: کارل مارکس. بەشداریکردن لە رەخنەی فەلسەفەی هەقی هیگڵ. وەرگێڕانی بۆ کوردی. پێشڕەو محەمەد. بڵاوکراوەکانی ناوەندی توێژ ینەوە و هزری شەهید ئارام. سلێمانی ٢٠١٦. ل٥٠

# ئارکۆلۆژیای زمانی مارکس

## لەئەدەبەوە بۆگوتاری سیاسیی

زمــان وەك بەشــێکی گــرنگ لەپێداویســتییەکانی رۆژانــە و پێناســەکردنی شتەکانی دەوروبەر و خۆجیاکردنـەوەی مـرۆڤ لەکائینـەکانی تـر بـەپێی لۆژیـك، هەروەها لەنێو ئینسـانیش وەکـو کارپێکـەرێك لەبەرامبـەر ئـەویتر، بەتایبـەتی لەنێو گوتاری سیاسیی و فەرهەنگی سۆسیۆلۆژی، دەورێکی کاریگـەر دەبینێـت هەم لـەژیانی سۆسـیۆلۆژی و هـەم لەنوێکردنـەوەی ژیـان، وەختێـك زمـان هـەم بکەرێکی تۆڕ ئاسایە و ناکرێ رێسای بۆ دابنرێـت، پرسـیارکەرێکی ئاکتیڤیشـە لەشتەکان، کەواتە نهێنی ئەم بکەرە لەدونیایەکەوە بۆ دونیایـەکی تـر جیـاوازی هەیە، چونکە بیروڕایەك هەیە کە گوایە زمـان خـۆی توانایـەکی نـاوەکی نییـە، بگرە ئەوە ئینسانە دەیکات بەبکەرێك لەدەرەوەی خۆی، هەریەك لە هایدگـەر و گادامیر و سۆسێر بەشێوەی جیاواز پێناسەیان کردووە.

(ژیـل دۆلـۆز) پێیوایـە زمـان تـەنها (دال) دەخـولقێنێ لەتێکسـتدا، ئـەوە رووەکەی دیکەی زمانە کە کردەی زمانە و (مەدلول) بۆ شتەکان دیاری دەکات، هــەموو ئــەو موناقەشــانەی کــە لــەبارەی زمانــەوە کــراوە تائێســتا، جگــە لەبونیادگـەراکان، ئـەوانیش ئامـانجێکی نادیارییـان هـەبوو لەپێناسـەکردنەوەی شـتەکان، ئـەوەمان پێـدەلێن کـە زمـان مـرۆڤ درووسـت ناکـات، بـەڵکو ئـەوە زەرورەتە بەزمان لەنێو ئاخاوتندا، ناو و هێما لەشتەکان دەنێت و دەیبەخشێت و مرۆڤ، لەمرۆڤێکی دیکەی رەش پێست و سپی پێست و سوور پێسـت و هتـد جودادەکاتەوە، بەنێو فەرهەنگ و سیاسەتیشدا ئەوە چینەکانن زمان دەخەنە نێو گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکانەوە، دەنا زمان هەر ئەو بکەرەیە کە بـۆ زەرورەت کـاری ئینسان مەیسەر دەکات.

مــارکس ئــەم نهێنیــەی زمــانی لــە تێکســتی فەلســەفیدا کــارپێکردووە و کردوویەتی بەزمانی تێگەیشتنی گشت بۆ گروپ و دەستەبژێری سیاسیی دیاری کراو، گروپێك کە لەئیشکالیاتی جیاوازییە ئینتیکی و چینایەتیەکان تێدەگات، لەم چاپتەرەدا هەوڵـدەدەین لەتێکسـتەکانیدا ئـەو نهێنییـە بدۆزینـەوە کـە بـۆ بەرگریکردن لەو فەلسەفە سیاسیەی بەیانی کردووە، بەتایبەتی زمان لەنێو گوتار

و لەرێگەی میدیاوە. لەمبارەیەوە تیری ئیگلتن پێیوایە زمان لە پێویستییەوە وەکو رەهەندێکی زەرووری و ناچارەکی کاری بە کۆمەڵ سەرچاوە دەگرێت، بەڵام بەم زەرووڕەتەوە خۆی نابەستێتەوە، وەك چۆن دیاردەیەکی ناسراوی وەك ئەدەب شاهید و بەڵگەیە. ئەم بۆچوونەی ئیگلتۆن لەوێوە هاتووە کە مارکس دوای ئەوەی لەرێگە ستایلێك لە زمانی ئەدەبەوە، گوتاری ئاراستەی سیستمی سەرمایەداری دەکرد، بەڵام لەلای ئەوە جگە لە کولتوورێك بۆ رایی کردنی ژیان، چونکە لەلای ئەو کولتوور لە شوێنێکدا ستەمکاری سەر چینێکە بەسەر چینێکی ترەوە، ئەویش لەئەنجامی کۆمەڵگەی چینایەتییەوە هاتووە، بەڵام چونکە هەقیقەت ناخۆشە، بۆیە کولتوور کراوە بە باوکی مەعنەوی ئینسان و وەکو هەڵوێست پێی دەفرۆشن، ئەمە لەکاتێکدا کە دیاردە پراکتیکییەکان کە لەمێژوودا هەبووە و دووبارە دەبنەوە، دەکەونە بەر گەمە زمانەوانییەکانەوە، لێرەدا مەبەست لەو چەمکانەیە کە وەکو زەرووڕەتێك لەقوڵایی وابەستەیی زمانەوە ناکەوێتە دەرەوەی ماناوە، بەڵام لەپراکتیکدا وەکو خەیاڵ دەبینرێت، ئەم هاوکێشەیە تەنها لەئاگاییدا ئاشکرا دەبێت، چونکە یەکەمین کارێك لەبوونی کۆمەڵایەتی و ئەنتۆلۆژی یدا پێویستە، لەئاستی ململانێی بەرهەمهێنانی ماتریالیدا دەردەکەوێت کە چیتر لەرێگەی زمانەوە، ئەو نادادپەروەری و ناکۆکیانە بزر ناکرێت کە سەرخان دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی ژێرخان و خزمەتی یەوە، هەروەك ئەوەی لەدونیای هاوچەرخی سەرمایەداری ئێستا دەبینین، چ لەئاست تاکەکەس و چ لە ئاست رێکخراوێکی وەکو نەتەوە یەکگرتووەکان، لەرێگەی شوناسی نەتەوەیی و نیشتیمانی و گرووپە ئیتنییەکانەوە خۆی بەرهەمدێنێتەوە، هەروەها لەرێگەی زمان و کولتوورەوە جودایان دەکاتەوە، بەمەش بازاڕێکی فەرهەنگی واقیعی وەهمی بۆ دروست کردوون.

لێرەدا نامەوێ تەنها باس لەزمان بکەین وەکو ئەوەی بونیادگەر و پاش بونیادگەرەکان قسەی لێدەکەن تەنها بۆ ئەدەب کەڵك وەربگرین، بەڵکو دەمەوێ

قسە لەسەر ئەوە بکەم کە زمان لەلای مارکس بۆچی بەهایەکی جیاوازی هەیە بۆ گەیاندن، هەڵبەت ئەو گەیاندنەی کە لەرێگەی گوتارەوە خۆی نمایش دەکات و دواتر لەبەرامبەر دژەکەی کە ناوی ناوە سەرمایەداری، دەچێتە سەر زاری خەڵك و هۆشیار دەبنەوە و دەچێتە سەر زاری کرێکار کە ئەو چینەیە لەپەراوێزی فەلسەفە نمایندەی عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەکات، مانیفێستی پارتی کۆمۆنیست، دەقێکە لە بانگ کردنی رهەندە جۆراوجۆرە پێرفۆرماتیڤ و نمایشکەر، (کرێکارانی جهان یەکگرن)، تەنها درووشم هەڵدان نییە و بەس دەرهەق بەحاڵی خودی کرێکار، بەڵکو بانگەوازێکی رەخنەییە لەدەسەڵاتی حکومی و کۆمپانیاکانی دەرەوەی حکومەت، ئەم رەخنەیە بۆ دەسەڵاتێکە تاکو حیکاتێکی مێژوویی دەربارەی خەباتی چینایەتی مێژووی کۆی کۆمەڵگاکان بگێرێتەوە، ئەویش بریتییە لە مێژووی خەباتی چینایەتی، ئەمە بانگەشەی پاساوێکی تیۆری دەکات کە جۆرێکی تازەی بانگەشەی فکری سیاسیی بوو لەسەردەمی هاتنی مۆدێرنە و کەڵك وەرگرتنی سەرمایەداری لەو مۆدێرنەیە وەکو سیستم، بەکارهێنانی سەرمایەداری وەکو سوبێکتێك بۆ گوێی کرێکار و پرۆلیتاریا کە دژە چینەکەی خۆی پێدەناسێنێت، یان باسی نەگۆڕینی ئایین و نەتەوە و مەسەلەی ژن وەکو موڵکداری سەرەتایی و زۆرێك لە تێبینییەکانی دیکەی نێو موفرەدەی ژیانی رۆژانە، بۆ ئەوەیە کرێکار لەهەر شوێنێك بێت و خاوەنی هەر شوناسێکی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی بێت، ناچاری دەکات خۆی بناسێت، کەوابو ئامانجی مانیفێست ئەوەیە کە زنجیرە درامایەکە تەنها بۆ خۆ بەرهەمهێناوەی سەرمایەدار نەبێت تاکو تەمەنی زیادبکات درێژە بکێشێت، بەڵکو بۆ ئەوەیە خێرایی بە بیرکردنەوەی ئینسانەکان بهێنێت بۆ یەکگرتنیان لە چوارچێوەی مەبەستەکانیان وەکو ئینسان، نەك وەکو ئینسانی پلە دووی نێو سیستمەکە، دیسان دەبێ بگەڕێینەوە سەر ئەو دەقەی پێی دەگوترێت مانیفێست، چونکە گرینگییەکەی لەوەدایە پێش ئەوەی رەخنە لە سیستمی سەرمایە بگیرێت بە زانستی و ئاکادیمی لەلایەن مارکسەوە، جورئەتی بڵاوکردنەوە و بانگەوازکردن بۆ

چینێك کە لەدەستی دێت شۆڕش بکات، لەوەدایە کە پێی دەڵێن خودجۆری، واتە کەسێك بڕوای بەخۆی هەیە، هەم دابڕێت لەو فەلسەفەیەی کە تەنها فۆتۆگرافی بوو، هەم لەوەی خەمی تەواوی کۆمەڵگەی بەشەری هەبوو، چەمکی کۆمۆنیزم ك لەمانیفێستدا هاتووە وەکو یەکەم وشەی کۆنتێکستەکە، کێشەی تارماییەکە لەلایەك کە کاپیتالیزم و باب مەزنەکان ترسابوون لێی، لەلایەکی دیکەوە بۆ ئاشنا کردنی کۆمۆنیزم بوو لەلایەن کەسانی هۆشیار و ناهۆشیار لەو بابەتە، بەوپێیەی کە فەلسەفەکە لەو کۆنتێکستەدا نییە هێندە ئاڵۆز بێت، نموونەی سەلمێنەریش ئەوەیە کە خوێنەوار و نەخوێنەوار و فەیلەسوف و کەسی ئاسایی تێگەیشت کۆمۆنیزم چییە، چونکە کەل پەل و کاڵای بازاڕ کە بازرگانەکان بەهۆی گرانبوونی پێداویستی بۆ ئینسان مەترسییان دروست کردبوو، مەبەستم لەوەیە کە بەها پارە لەو سەردەمەدا و کۆنتێکستەکە بەردەوامی هەیە بۆ زەمەنە جیاجیاکانی سیستمی کاپیتالیزم، بەهای بۆ هێزی شتومەکەکان دانابوو، بەڵام بۆ بەهای بۆ خودی ئینسان دانەنابوو، چونکە هاوکێشەکە لەلای مارکس ڕۆشنە کە پارە بۆ ئەوەیە شتومەك بەرهەمبهێنێت و شتومەکیش جارێکی تر پارە بەرهەمبهێنێتەوە، ئەمە ئەو پرۆسەیەیە کە بازاڕ دەجولێنێت و گەشە بە جموجۆڵی خۆی بدات، نەك ئامانجە مرۆییەکە.

مارکس ئەوەی دەزانی کە سیستمی سەرمایەداری هەڵگری کۆمەڵێك کێشەی ئەزەلییە لەهەناوی خۆیدا، بۆیە ئەم موناقەشەیەی بۆ ئەوە دروست کرد و لە مانیفێستێکدا بەیانی کرد کە هەمیشە بخوێنرێتەوە و خوێندنەوەکەشی ئاسان بە زمانێك کە هەموو کەسێ تێبگات، تاکو چیتر دوگمایانە و ئیدیۆلۆژیانەی وشك تەماشای میتۆدی مارکسی نەکرێت بۆ ژیان، یان بۆ زمان تەنانەت لەنێو ئەدەبیشدا، هەر ئەم بەهایە بووە کە لەمارکسەوە بۆ مارکسییەکان ماوەتەوە کە ئەو گرینگییەکی لە رادەبەری داوە بە ترادیسیۆنی گریکی یۆنان، بەتایبەتی هونەرەکەیان و فەلسەفەکەیان و بەرهەمهێنانی سیستم و ئەو چەمکانەی کە تائێستا کاریان پێدەکرێت، لەوانەش گرینگتر ژێرکەوتنی

شارستانییەت، وەکو بەرهەمێکی شارستانی هونەری منەوەری بۆماوە بۆ جیهانی دوای خۆی، بەتایبەتی تەوزیف کردنی ئەو شارستانییەت و هونەرەی کە لە ماتریالیزمی دیالیکتیکدا باسی کردووە، یان ئەوەی لە دکتۆراکەی کە راستەوخۆ پەیوەستە بە ئەپیکۆرسی یۆنانی، بەتایبەتی کە لەبابەت سرووشتەوە ئەنگڵس لە کتێبی دیالیکتیکی سرووشت، هەم موناقەشەی فەیلەسوفەکانی پێش خۆیان دەکات، هەم تیشك دەخاتە سەر جەوهەری چەمکەکە، بەمەش هاریکارییەکی گەورە بەمارکس دەکات، ئەویش تیۆریزەی دەکات لەنێو رەخنەی خۆی لە هیگڵ و فیورباخ.

مارکس هەوڵیداوە شیکردنەوەیەکی جیاواز لە ئیستاتیکای تایبەتی یۆنان وەکو موعجیزەیەك ببەستێتەوە، سەبارەت بەوەش لەلای مارکسییەکان بۆتە ترادیسیۆنی فکری، بۆ نموونە دەبینین کە چۆن لەلایەن (هانس ئایسلەر) نووسەرەوەی کۆمۆنیزمی ئاڵمان، هاوکاری برێختی کردووە، کاتێك باسی مۆزیکی وەکو وێنەیەکی جهانی سیاسیی هێناوەتەوە و پەیوەندیی بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەیە کە بەشێکیان بەرهەمی کۆمەڵگەن، یان رزگارکەری کۆمەڵگەن.

ئەو ئیستاتیکایەی لەلایەن مارکسەوە گرینگی پێدراوە لەبارەی ئەدەبەوە و ئەنگڵس هاوکارێکی ئایدیایی بووە، فەلسەفەی بیرکردنەوەی جیاواز و دابڕانێتی لەوانی پێش خۆی، زمانی هەقیقی راستەوخۆ و تەعبیری هیومانیستی بۆ بۆچوونەکانی هیگڵ کە بە مامۆستای خۆی زانیوە، بەعەقلانیکردنی سیاسەتە کە سیاسەتەوە لەپێناو سیاسەت کردن و سیاسەت بۆ گۆڕینی واقیع، هەڵبەت بەهەند وەرگرتنی ئیستاتیکا لەنێو زماندا، جگە لە ئەدەبیاتی سیاسیی بۆ ئەدەبی ئەبستراکتیش هەمان مانای هەیە، مارکس گرینگی بە ئەدەبیاتی واقیعیەتیش داوە، هەروەك ئەوەی باسی ئەدەبیاتی فەرانسەی کردووە و جۆرج لۆکاچ لە کتێبەکەی خۆی ئاماژەی پێدەدا.

مەبەستی جۆرج لۆکاچیش لەبارەی پەیوەستی نووسەرەوە بۆ بابەتی ئەدەبی، یان بۆ نووسەری سیاسیی بووە، نموونەش کەسێکی وەکو تۆماس مان، لەوێوە سەرچاوەی

گرتووە کە خۆپارێز بووە لە نووسین، بەپێچەوانەشەوە کتێبێکی جۆرج لۆکاچ هەیە بەناو (بالزاك و واقیعیەتی فەرانسە) باسی ئەو گەشە فکری یەی لە هونەری ناوەڕۆك و بۆچونی ئەو کارێکتەرانە کردووە کە بۆ دۆخی خۆیان و گشتی هەیانبووە، هەروەها نەترسانیان لە بیروباوەڕەکانیان کە واقیعییان پێ بینیووە، بریتییە لە قوڵایی بیرکردنەوە و رەهەندی ئەخلاقییانەی جهانگەراییەك بۆ هەر کارێکتەرێك لەهەر شوێنێك بێت. کەوابوو بەهەند وەرگرتنی ئیستاتیکا لەلای مارکس بۆ ئەدەب لە واقیعبینییەوە سەرچاوەی گرتبوو کە دواتر دەبێت بە هونەر و لە ناوەڕۆکدا هەستی پێدەکرێت، کە ئەمە لە سیاقی گەشەی فکری ئەدەبیدا دەرکەوتووە.

بۆ ئەوەی پێشەکیەك بدەین بەدەستەوە دەبێ باس لەهۆکارەکانی پشت زمان واتە میتازمان بکەین، بەلەبەر چاوگرتنی روداو و کارەساتە سرووشتی و مرۆیەکانە کە لەمێژوودا هەزارەها چیرۆکی لێبەرهەمهاتووە، زمان لێرەوە وەزیفەیەکی تری وەرگرتووە، ئەویش بەدیکۆمێنت کردنی شتەکانە، هەر ئەوکاتیش بۆتە بەشێك لەبەئاگا هێنانەوەی مرۆڤ لەجۆرەکانی ترس، لەتەك ئەمانەشدا جیاکردنەوەی هۆز و نەتەوەکان و سنوور دانان بۆ تایبەتمەندی کولتوورەکان، ئەم داتایانە کارێکی وەهای کردووە کە مرۆڤ لەڕێگای زمانەوە بۆ رێکخستنی کۆمەڵگە، خۆی لەکائینەکانی تر جیا بکاتەوەو هونەری ئاخاوتنی کردووە بەیەکێك لەئەولەویەتەکانی کاری خۆی، ئەم هۆکارانە مانایەکی دیکەی بەو زمانەدا کە پێشتر بەیەك فۆڕم کاری پێکراو بەیەك شێوە خۆی بەرهەمدەهێنایەوە لەنێو هەموو کایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسیی و تەنانەت ئابوریش.

بەرلەوەی گوتاری سیاسیی هارمۆنیا و ئیلهام لەدەقە ئایینیەکانەوە وەربگرێ، ئایین وەکو تێکست خۆی جیاکردۆتە لەو رێکخراوە کۆمەڵایەتییەی کە جیهانێکیتر بۆ خەیاڵ خولقاندووە کە بەشێکی کرداری توندوتیژییە و جاری وەهاش هەیە لەرێگەی زمانەوە ئەو توندوتیژییەی بەرهەمهاتووە کە ئەمە روویەکی کۆمەڵناسانەیە بۆ زمان، ئەگەر لەمەش بترازێین و لەرێگەی زمانەوە

جوانیناسی وەربگرین کە لایەنێکی تری زمانە و دژ بەتوندوتیژییە، پێشتر ئیستاتیکا لەئەدەبدا زمانی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی هەبوو، هەرلەو کایەیەشەوە تەعبیر لەشتەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دەکرا، ئەوەی کە لەزمانی نادیاری هونەریەوە دەڕازێنرێتەوە، میتافۆڕی زمانی ئەدەبە کە ماشینێکە بۆ بەرهەمهێنان و ئاشکراکردنی دیاردە سرووشتییەکانی کۆمەڵگە و دەسەڵات، ئەوەیە کە لەدواین ئامانجی گوتاری نادیاردا، گوتارێك لەناواخنی زانستێك بۆ لێکۆڵینەوە و لۆژیك بەرهەمدێنێ، **(ئەمەش وەکو ئەوە وایە دکتۆرێك لەژێر پێستەوە وەزیفەی خانەکانی خوێنمان بۆ ئاشکرا بکات).**

هەڵبەت سیمای میتافۆرە زمانەوانییەکان، گریمانەی پێش دیاری کردنی دال و مەدلولە کە لەفەلسەفەی ئیدیالیزمیدا کەلێنێك دەدۆزێتەوە، کەلێنێك کە پەیوەندیی لەنێوان چەمکەکاندا درووست دەکات، ئەو پرسیارانەش وەڵام دەداتەوە کە لەزمانی ناڕاستەوخۆدا شەرمن دێنە بەرچاو، شەرمنی زمانیش لە گوتندا، ئەوکات هەست پێدەکرێت کە مەبەست نادات بەدەستەوە.

### زمانێك بۆ گشت .. زمانێك بۆ دەستە

زمانی ئەدەب هاوارێکی ئەفسانەییە، زمانی سیاسیش گوتارێکی واقیعیە، هونەر لەم رستەیەدا لەوەدایە کە ئەوەی لەزمانی ئەدەبیاتدا دەبینرێت، زمانی هێماکانە و زمانێکی سانسۆر کراوە، سانسۆرێك کە مۆڕاڵ لەرێگەی هونەرەوە مەترسی خستۆتە هەناوی دەقەوە، ئەمەش هەندێ جار مرۆڤ بەخواستی خۆی پێکیدێنێ، هەندێ جاریش دەسەڵاتە دیار و نادیارەکان کاری لەسەر دەکەن، شتێك کە لەناوەوە هەیە لێڵ و ناڕۆشنە، ئەوەش کە لەزمانی ئاخاوتنی گوتاردا هەیە، رۆشنتر و راستەوخۆتر دەبینرێت، بەومانایەی کە زمانی ئەدەب، زمانی دەگمەنە و حەتمی نییە، زمانێکی بێ هێزە بەرانبەر ئەودیاردانەی کە یارمەتی هیچ دەرەتانێك نادەن بەکراوەیی، بەڵام زمانی سیاسەت زمانێکی حەتمی و بەهێزە و داواکاریەکان رۆشنتر دەخاتە روو، هەر ئەوەی لەگوتەی پڕ لەحیکمەتی

کارمەنـدانی دەوڵـەت، گوتـاری کـاتی هەڵبـژاردن، گوتـاری نێـو پەرلـەمان و کارێکتەرە سیاسییەکان و بازرگانەکان و هتد، زۆرێکی تری لەم بابەتەدا هەیـە، دەشێ کاریگەری راستەوخۆ و ئاشکرایان هەبوبێت، ئەگەر ناوەڕۆکێکی فکـری دیاریکراو و هەمەلایەنەیان نەبێت، ناچنە خانەی بنەمای باسی مێژووی کردەی سیاسییەوە کە زمان دەورو نەقشی تێدا هەیە.

زمان تەنها بەهەمهێنانی کایەکی دیـاریکراو نییـە لـە ئـەدەب و نووسـینی رۆژنامەوانیدا، بـەڵکو بەرهەمهێنـەری بـەهای کۆمەڵایەتییـە کـە جۆرێکـە لـە چالاکی لەنێو زماندا، ئەم تێڕوانینە تەنها بۆ شیکردنەوە نییە، بەڵکو بۆ بینینی دیوەکـەی دیکـەی مارکسـە کـە رەتکردنـەوەی کۆلۆنیالیزمـە بەسـەر زمانـە بێدەسەڵاتەکانەوە، ئەوکاتەی کـە تیـۆری سۆسـیالیزم لـەبری نەتـەوە و کەمینـە ئیتنیەکان قسە دەکات بۆ لەناوبردنی ستەمی میللی، ئێستاش کە بەئەدەبیاتی کۆمۆنیستی قسە کرا و درووشمێك هەڵدرا لەلایەن گروپێکـەوە یـان میتینگێـك کرا، دەسەڵاتی سیاسیی لەترسی لەدەستدانی ئەو بەهایانەی بۆ کایەکانی خـۆی دایناوە، دەترسێت و خەریکی بـەرگریکردن دەبێـت، تـاکو نەچێتە نێـو کایـەی کۆمەڵایەتییەوە و خـۆی بەرهەمبهێنێتـەوە، چـونکە دەزانـی بـەکارهێنانی ئـەم زمانـە عەفـەوی و ئاسـایی نییـە، بـەڵکو ئامـاژە و دیسکۆرسـی لەپشـتەوەیە، جەنگی ماف دەکات.

بەدیوێکی دیکەدا بۆ ئەوەی بەراوردێك لەنێوان زمانی ئەدەبیات و زمانێـك بۆ گوتاری سیاسیی بکەین، بۆچوونی تیۆریسـتینێکی وەکـو (مـۆریس بلانشـۆ) بیرمەنـدی ئیسـتاتیکی ناسـی فەرانسـی وەردەگـرین، بەسـیفەتی ئـەوەی هـەم کاریگەری ئیستاتیکای لەنێو کاریگەری گوتاری سیاسیدا دۆزیوەتەوە و هەمیش لـەنێو گوتـاری هونەریـدا "مـۆریس بلانشـۆ پێـی وایـە زمـانی نووسـین بەنـدە بەگۆڕینەوە، تەنانەت بیرمەندە موحافیزکارەکانیش کـە ئـەرکیان لەبـەرگریکردن لەسیستمی سەقامگیرتوو و شێوە باوەکانی ژیـان و کـار دەزانـن، نیازیـان وایـە لەرێی توێژینەوە و نووسینەوە بۆچوونی کەسانی تـر بـەلای خۆیانـدا رابکێشـن"

(١) هەر بۆ ئەوەش کە دووفاقیەتی زمان لەفرە مانابیدا دەربخەین، دەتوانین نموونەیەك وەربگرین، ئەوەی کە ئەگەر لەئەدەبیاتدا سێو، یان سندوقێك لەسیاقی رستەیەکدا زیاتر لەمانایەکمان پێبدات، ئەوا لەگوتاری سیاسیدا یەك مانای راستەوخۆی هەیە، چونکە سێو تاکو نەخورێ نازانین تامی چیە، سندوقیش تاکو سەری هەڵنەدەینەوە نازانین بەتاڵە یان چ شتێکی تێدایە، ئەم نموونەیە پشتگیری لەزمانی بێ شەرم و راستەخۆ دەکاتەوە، بەرامبەر بەزمانی شەرمن و ناراستەوخۆ کە لەئەدەبیاتدا مەوجوودە و سیفەتێکی دیکەی زمانە لەنێو ئیستاتیکادا کە بەشێکی ئیستاتیکای سیاسیی بووە.

لەراستیدا زمانی گشت لەگەڵ زمانی دەستە، تەنها لەشێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێنانەوەی نییە، بەڵکو لەشێوەی ئاراستەکردنیشێتی لەکایەکانی فەرهەنگ و سیاسەتدا، بۆ نموونە ئەوە دەستە کە مامەڵە لەگەڵ زماندا دەکات، واتە مامەڵە لەگەڵ گشت دەکات، بەلام لەفەرهەنگدا ئەمە مەدلولێکی تری هەیە، ئەویش خۆبەرهەمهێنانەوەیەتی لەنێو تێکست و هیچی تر، بەوپێیەی کە فەرهەنگ و کردەیەکی تاکییە و لەجیاتی گشت بیر ناکاتەوە و مانا بۆ شتەکان دابنێت، بەلام لەزمانی گشتدا هەر هەمان زمانە کە گشت دەتوانێ جارێکی تر گشت بخاتە بەردەم لێپرسینەوە و خۆ بەرهەمهێنانەوە، ئەویش لەرەنگدانەوەی زمانی ئاراستەکردندایە، مەبەستم لەئاراستەکردن ئەوەیە کە سیاسەت شێوەیەکی دیکەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیە، وەکو سۆسیۆلۆژیەکان دەڵێن، هەر ئەمەیە جیاوازی نێوان گشت و دەستە کە زۆرجار جیاوازی دەخاتە نێو گوتاریشەوە.

ئەندێشەی مارکس و تێڕوانینەکانی ئەو سەبارەت بەگەشەسەندنی کۆمەڵەکان و بەتایبەت رەخنەکانی لەسەرمایەداری کاریگەری لەسەر دیدیگای بەشێکی زۆر لەسەر ئەندێشەی دوای خۆی دانا لەرۆژئاوا و دواتریش گەیشتنی فکرەکە بە رۆژهەلات، هەمان کاریگەری زیاتریشی هەبوو، چونکە چەوساندنەوە چینایەتیەکە لەلایەك و نەبوونی زمانێك بۆ دەربڕین بەرامبەر بەچەمکە

سیاسییەکان کە بازاڕیان پێوەدەکرا تەکانێکی گەورەی دا، گەورەترین کەسێك کە دامەزرێنەری رەوتی فکری مارکس بوو، (ئانتۆنیۆ گرامشی) بوو کە دوو دەیەی تەمەنی خۆی لەزیندان مۆسۆلۆنیدا بردەسەر، ئەو لەنێو کایەی رۆشنبیری رۆژئاوا و هەڵوێستی رۆشنبیر بوو، لەنێو ئەدەب و هونەریشدا (جۆرج لۆکاچ) بوو، ئیدی چۆنییەتی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئەدەبیەکان، بەری ئەو گوتارەگرت کە پشتبەستوو بوو بەدیموکراسیەتی بۆرژوازی و قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی ئەوکات، ئیدی دەوڵەت هەموو هەوڵی ئەوەبوو کە لەنێو ئەندێشەدا قەڵەمڕەوی زیاتر بکات، لەوچوارچێوەیەدا دامودەزگاکانی بەئیدیۆلۆژیاکرد، بۆیە هەریەك لەگرامشی و جۆرج لۆکاچ بڕوایان وابوو کە کاریگەری ئەو زمانەی مارکس هێشتا دەتوانرێت بەرهەمبهێنرێتەوە و لەرێگەی کۆمەڵی مەدەنی جیاجیاوە کە لەهەمووی گرینگتر توخمەکانی ژیانی رۆژانەیە بگۆڕدرێت و رێگە نەدرێت دەوڵەت کۆنترۆڵی بکات، تەنانەت کاریگەری لەسەر میتۆدی خوێندنی زانکۆکانیش دانا، ئیدی پێشبڕکێ لەم میانەیەوە دەستپێکرد و هەرکەسێکیش ئەو پێشبڕکێیەی بردەوە، ئەوا لانیکەم سەرمەشقی کۆمەڵی دیکەی پێدەکرێ و ئاراستە جێکەوتەکەی دەوڵەت لەنێو دامودەزگاکانی وەخۆی نامێنێ.

### سیاسەت لەزمانی تاکەوە بۆ زمانی کۆ

تائێستا ئینترۆپۆلۆژیای زمانەوانی و خودی ئینترۆپۆلۆژیستەکانیش، نەیانتوانیوە نەتەوەیەك یان گروپێکی کۆمەڵایەتی سابا لەهەر شوێنێکی ئەم دونیایە بێت بەنموونە وەربگرن و بیسەلمێنن یەکەمین داهێنەری زمان بوونە و ئەسڵی زمان جێگاو رێگایەکی دیاری کراوی هەبێت بەوانەشەوە پێش یۆنان و میسر و هیندستان و رۆما هەبوون، **بەشێك لەپەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان، ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی و دەرکەوتەکانییەتی لەتەکنیك و شێوە فراماسیۆنی کۆمەڵایەتیدایە کە تان و پۆی سترۆکتۆرەکان روونی دەکەنەوە، ئەو بەشە**

**مەعنەویەش لەبەشەكانی تری سەرخانی كۆمەڵگەدا رووبەرێكی فراوان داگیر دەكات.**

ئەوەش كە لەزماندا ئامادەیە بەرمەبنای كێبەركێی چینەكان و گروپە كۆمەلایەتییەكان بووە لەمێژوودا، یەكەمین هۆكاریش بۆ جیاوازی زمانەكان، ئەوەبووە كە مرۆڤ لەدوای جێهێشتنی شوێنێك بۆ شوێنێكی تر گەشەی بەخۆیەوە بینیوە، هەر ئەوكات گروپێك یان بنەماڵەیەك رێكەوتوون لەسەر شێوەیەك لەئاخاوتن و پێناسەیەك بۆ شتەكان كە لەڕەوتی كاركردندا كەڵكیان لێوەرگرتوون بۆبڕیار و ئاكامەكانی. بەمەش بیركردنەوە ماهیەتی شتەكانی بەرهەمهێناوە، دەشێ مێژووی بیری سیاسیی وەك مێژووی بیر تەماشا بكرێت، بەلام لەچوارچێوەیەكی تایبەتدا لەبارەی دەوڵەت و تاكەكەس، رەوایی و دەستوور، ئازادی و یەكسانی، كە پەیوەندییەكی پتەویان بەبیروڕای گشتی و بۆچونی ئایینی و گەشەكردنی فەلسەفی و زانستیانەوە هەیە.

سرووشتی دەوڵەت پەیوەندییەكی گرنگی لەگەڵ بیری سیاسیدا هەیە، لەسەدەی حەڤدەهەم ئەم پەیوەندییە بەشێوەیەكی سرووشتی گەیشتە لوتكە، بەر لەوكاتە ئەم بیرانە لەگەڵ جیهانبینی دینەكی گشتیدا گونجێندرابوون، ئەلێرەوە تێدەگەین كە زمان لەنێو بیری سیاسی و گەشەی فەلسەفەدا چ شتێكی جێهێشتووە، لەسەدەكانی ناوەڕاستەوە زانایانی بیری لاهوتی، لە كەشوهەوایەكی وەهادا زمانی ئەدەبیان بەسەر تەواوی كایەكانی تردا زاڵ كردبوو، دواتر لەگەڵ هاتنی رێنیسانسدا ئەم جۆرە بیركردنەوەیە مشت وماڵ كرا و فەلسەفەی عەقلانی هاتە ئاراوە.

پرسیاری ماركس لە مەسەلەی لاهوت و ئایین وەكو بەشێك لە رۆشنبیری مێژوویی گەلان، لەوێوە سەرچاوەی گرتبوو كە بۆی روون نەبوو لەدوای ئیدیۆلۆژیای ئاڵمانی و دوای بەرهەڵستكاری مەسییحیەت لە رۆژئاوا و بالادەست بوونیان لەنێو دەسەلاتی تەشریعی، چ بەرهەمێكی نوێی رۆشنبیری دێنێتە ئاراوە، " لاهوتییەكان باوەڕیان وایە سەیركردن بەسە بۆ ئەو كارانەی كە

لەدۆخی پەیوەست بوون لەنێو وانەکان و نەسڕینەوەیان، لەبەر ئەوەی لاهوتییەك نەبووە بتوانێت سەبارەت بە هەموو شتێك بدوێت و رووی وتەکانی لەهەر کەسێك بکات، بەتایبەتی خێوەکان هەرگیز لاهوتی نەبووە، کێشەیەکی لەگەڵ تارماییدا هەبێت، چونکە لاهوتی ئاسایی بڕوای بە بوونی خێوەکان هەیە، هەروەها بڕوای بە هیچ یەکێك لەو شتانە نییە کە دەکرێت ناوی بنێین فەزای گریمانەیی بۆ تارمایی بوون، بڕوای لاهوتی بە جیاکارییەك نییە لەگەڵ خۆی، چونکە بڕوای بە جیاکاری نییە لەنێوان ئەوەی کە بوون نییە، بۆ نموونە بابەتێك بڕوای بە دژیەکەکان و ئەرکی قوتابخانەکان نییە". (٢). دریدا لەم توێژینەوەیدا باسی لە تارماییەك دەکات لەپێشووتر شکسپیر وەکو شانۆ باسی لەو دەسەڵاتە ترسناکە کردووە و ئەو تارماییەشی بەیان کردووە کە دەسەڵات و سیستمەکەش ترسی لێنیشتووە، بەڵام ئەوەی جێگەی گووتنە ئەوەیە، ئەم تێگەیشتنە چیرۆکی تایبەتی خۆی هەیە، مەبەستم ئەوەیە کە تێگەیشتنەکە باکگڕاوندێکی مێژوویی هەیە، (وێلبرس سکوت) لە کتێبەکەیدا لەژێر عینوانی. (خمسە مداخل الی النقد الادبی) دەڵێ " وەکو (گلبێرت موری) لە توێژینەوەیەکدا باس لە هاوبەشی نێوان هاملێت و ئۆریستس دەکات، ئۆریستیش کەسایەتییەکی کلاسیکی روونی گریکییە، ئەو لە قەسیدەی تراژیدیادا دەردەکەوێ کە سۆفۆکلیس نووسیویەتی کە گرینگترین نموونەی کارێکتەری گریکییە، بەتایبەتی تێکستی ئەلیکترا وەکو پاڵەوانی تراژیدیایی کە کەسایەتییەکی ناسراوی عیبادەتی ئایینی و باوەڕداری داستانی و شیعری گۆرانییە".

وێلبرس لەو توێژینەوەیەدا گەیشتۆتە ئاستێك بۆ قەناعەت کە پێوایە شکسپیر ئەو فکرەیەی لە خەیاڵی خۆیەوە بەرهەم نەهێناوە، بەڵکو لە چیرۆکێکی مێژوویی دانمارکی و لەوێشەوە لە چیرۆکێکی گریکی وەرگرتووە، چونکە خاڵی هاوبەشی نێوان چیرۆکی ساکسۆی دانمارکی کە لەوێدا دایك دەکوژرێت و لەلایەن کچەکەیەکەوە ئۆفیلیا دەنێژرێت و پاشان ئاهەنگی بۆ دەگێڕن، لە چیرۆکەکەی گریکیشدا ئۆرستۆس کوڕی (ئاکام منونە) و هەمان

کارێکتەری تراژیدییە وەکو هاملێت کە تۆڵە دەکاتەوە، هەر سێ کارێکتەرە پاڵەوانەکە، پەیوەندیی شوێن و کردەوەیان تەنها کوشتنە، بەڵام هەرکام لەوانە کەسێك دەکوژێت، ئیدی بەپێی تێکستەکە بێ، جێگەی کارێکتەری ناسراوی تێکستەکە کراوەتەوە، ئەلێرەدا تێدەگەین کە تێکست بەهەموو هاوبەشییەکەوە، پەیوەندیی بە هەلومەرجی ژیان و ستایلی سیستمی سیاسییەوە هەیە، بۆیە رەگورِەشەیەکی قوڵی هەیە و ئاسانە بە فکری سیاسییەوە گرێ بدرێت، هەروەك ئەوەی جاك دریدا تێکستی هاملێتی کە تارمایی تێدایە، گرێداوە بە تارماییەکەی مارکس کە لە تێکستی مانیفێستدا بەیانی کردووە، چونکە خوێندنەوەکە مەعریفییە نەك سیاسیی و هیچی تر.

ئەم موناقەشەیە کە کوشتنی باوکە، لەو سەردەمەدا تائەو جێگایە برِی کردووە کە ئەدەب و هونەر تەنها دەربرِین بووە، بەڵام نەیتوانیوە گوتارێك بێت بۆ رزگارکردنی ئینسان لەملکەچ بوون بۆ هۆکارە ئابوری و کوولتووریە جێکەوتەکان، جگە لەو چاکسازییە کۆمەڵایەتیەی کە تەنها بۆ بەرگرتن بوو لەهەر جۆرە شۆرِشێکی کۆمەڵایەتی و شکستپێهێنانی سیستمی سەرمایەداری کە بە تراژیدیا کۆتایی هاتووە.

ئەگەرچی پێشتریش هونەر بۆ هونەر دەوری هەبووە، بەڵام موناقەشەی بیرمەندانی پێش مارکس ئەو رێگەیەیان خۆش کرد کە لەمیتۆدی هونەر بۆ هونەرەوە بگۆرِدرێت بۆ هونەر بۆ ویژدان و هارمۆنیکردنی پێداویستی و هەلۆیست، ئەوەی کە زیاتر کاریگەری خستە سەر زهنیەتی مارکس و ئەنگڵس، بایەخدان بوو بەئەدەب و نووسینەکانی باڵزاك، هەروەك بەئاشکرا ئەنگڵس دەڵێ " ئەوەندەی شت لەباڵزاکەوە فێربووم، بەتایبەتی مامەڵەکردنی لەکەڵ پاڵەوانی رۆمانەکانی، ئەوەندە لەمێژووی ئابوری و خەڵکی پسپۆرِەوە فێر نەبووم" (٣).

مارکس بەنیاز بوو لەدوای تەواوکردنی دەقی سەرمایە، خوێندنەوە بۆ نووسینەکانی باڵزاك بکات وەکو خاوەن ئەدەبێکی باڵا، چونکە ئەوانەی کە لەپەنا باڵزاك خەریکی ئەدەب بوون، ئەدەبی سادە و ساکار بوون و بەشان و

شـەوکەتی دەسـەڵاتدا هـەڵیان دەدا و بەئەنقەسـت دەسـەڵاتی پاڵـەوانی نێـو ڕۆمانەکانیان رادەست دەکرد، نەك وەکو هونەرکارییەکـەی بـاڵزاك فرەدەنگـی و واقیعیەت و توانای پاڵەوان بکاتە وێنەیەك بـۆ ژیـانی ئاسـایی، بۆیـە بـەهاتنی باڵزاك ئەم تەرزە لەنووسین شەرم گرتی و پاشکۆیەتی پێ بەخشرا، نموونەش ئـەو ڕۆمانـنوسانەی پێشتر باسمان کرد کە خۆبەرهەمهێنانەوەی ئەو زمانـە گشـتگیرە بـوون کـە لـەنێو دەقـی مانفێسـتدا بـوو، تـەواوی چیرۆکەکانی پەنجـە بـۆ ئـەو هەقیقەتانـە رادەکێشـن کـە بایـەخیان بەسـەرمایە دەدا و پـەردەیان لەسـەر هەڵدەماڵی، ئیتر ڕۆمانی سـاختە و لاوەکـی مـۆدێلی بەسەرچـوو، زمـان لـەنێو ئەدەبدا بوو بەجێگای داخوازیەکانی مـرۆڤ و یـەکێك لـەئامرازەکانی گەیانـدن و گوتاری سیاسـیی لەلایـەك، هـەروەها چـێژێك بـۆ پێچـەوانە کردنـەوەی ژیـان و دەرچوون لەواقیعی تاڵ.

"گوتاری سیاسیی نیازی بـەجۆرێك لەپێشخسـتن هەیـە کـە لەسـەر بنەمایـەکی زانستی بێت، وەك چۆن سیستمی دەوڵەت نیازی بەژێرخان هەیە بۆ راگرتنی سەرخان کە بریتییە لە زمان و فەرهەنگ و ژیانی کۆمەڵایەتی بە گشتی، بەڵام ئەمانە نابنـە وەڵامێکـی راسـتەوخۆ تـاکو بپرسـین ئایـا ئـەم ڕووداوانـەی کـە لەبەردەسـتاندان و چیرۆکێکن بۆگێڕانەوە، تێبینی لێکـراوە، پەسـەندە یـان نـا؟ بـەڵکو دەبێـت ژێرخـان زانیاری لەگەڵدا نرخێنرابێت و هاوکاری گوتاری سیاسیی بکات."(٤).

نووسینە سەرەتاییەکانی مارکس بابەتی کە بەر لەوەی دەست پەنا بۆ فەلسەفە و فکـر بـەرێت، بەشـێکی زۆری ڕۆژنامـەوانی بـوون، بەشـێك لـەو نووسـینانە، نارەزایەتی بوون لەیاساکانی چاودێری، هـەروەك دەڵـێ (چـاودێری کـردن وەکـو کۆیلەیەتی وایە و هیچ پاکانەیەکی ناوێ). دواتر قەناعـەتێکی بۆ درووست بووە کە بەرهەمهێنانی مەعریفە هاوکارێکی کاریگەرە لەئاڵوگۆڕی جهانـدا، بـەڵام ئـەم ئاڵوگۆڕە چۆن مومکین دەبێت، وەختێك ئایدیۆلۆژیەتی فەلسەفەی ئایدیایی کـە واقیعی کۆمـەڵایەتی دادەپۆشێ، پێویستی بەئاشکرا کردن و رەخنەکردن هەیـە، وەکاری ئێمە ئەوەیە ئینسان لەو ئایدیۆلۆژیا دۆگما و وەهمیانـە رزگـار بکـەین،

وەختێك دەبینین ترادیسیۆن رەگوڕیشەی لەفەلسەفەدایە، وەختێك دەبینین ئایین بۆ مانەوەی خۆی دەبێت بەئایدیۆلۆژیایەك كە مرۆڤ ناچار بكات ببێتە كارێكتەرێك و بەرگری لەو وەهمە بكات كە لەتێكستەوە بۆتە بەشێك لەژیان، لەزمانی ئیلاهیەوە بۆتە زمانی مرۆڤ و هتد، هەروەها ریگەش نەدراوە ئەو كەسانەی واقیعبینن و تەواو تێگەیشتوون لەئیدۆلۆژیاو شێوەی بەرهەمهێنانەوەی لەماناكانی دیكەی ژیاندا، وەختێك دەبینین كە نەتەوە هێشتا مانا رەسەنەكەی خۆی كە درووستكراوە بەدەستنەهێناوە و كراوە بە كارگەیەك بۆ بەقوربانی كردنی ئینسان لەو پێناوەدا، هەروەها رێگەنەدراوە بەئازادی و بەراستەوخۆ موناقەشەی ئەو سوبژێكتە بكرێ، بۆ ئەوەی تەواوی كۆمەڵگە لەو تێگەیشتنە وەهمی یە بگەن و ئەلتەرناتیڤی ژیان بەهەند وەربگرن، بۆیە زۆرجار لەبەر هەلومەرجی نالەباری سیاسیی، ماركس ناچار بووە بەزمانێكی سیمبولی و تەنز ئامێز بنووسێ، تاكو سەرچاوەی زانیارییەكان بپارێزێ، هەروەك چۆن كەسێكی وەكو سوكراتیش لەسەر وەختی خۆیدا بەزمانێكی تەنزی قسەی دەكرد و وەڵامی پرسیارەكانی دەدایەوە. پرسیارەكە ئەوەیە ئایا تیۆری پەرەسەندن دژی ئایینە؟.

ئەگەر ئایین وەكو مێژووی سەرەتا و درووست بوونی بەشەر و كائینەكانی دیكە وەربگرین، لەوێدا جیاوازییەكەمان بۆ ئاشكرا دەبێت كە بۆچی پێچەوانەی ئەو فەلسەفەی تیۆلۆژییە، چونكە لەلای فەلسەفەی ماتریالیستی مێژویی، رەتكردنەوەی داهێنانی هێزێكی دیاریكراوە كە پەرەسەندن ئەم بیرۆكە ئایدیالیستییە یە، بەپێچەوانەوە بابەتەكە پرۆسەیەكی درێژخایەنی ئۆرگانیكی ژیانە كە مرۆڤ تێیدا كارێكتەری چالاك بووە و لەرێگەی عەقڵەوە ئاشكرای كردووە، بۆیە خۆی جوداكردۆتەوە لە كائینەكانی دیكە. داروین بە راشكاوانە باس لە رەتكردنەوەی بیروباوەڕی زاناكانی بەر لەخۆی دەكات كە باوەڕین وابووە، توخمەكان نەگۆڕن و سەربەخۆ داهێنراون، بەپێچەوانەوە توخمەكان بە حوكمی ئەوەی گۆڕانكاریان بەسەردا دێت، لە زنجیرەیەك بۆ ماوەییەوە دەگوازرێتەوە بۆ فۆڕمێكی تر، ئەمەیە ماركس لەرووی زانستییەوە كەڵكی لێوەرگرتووە و لە

ماتریالیزمی مێژوویدا هەموو جۆرە بیرۆکەیەکی ئایدیالیستی رەتدەکاتەوە سەبارەت بە بوون، بۆ ماتریالیزمی دیالیکتیك. بەڵام دیالیکتییکەکی مارکس بۆ زمان، ئەو گۆڕانە بوو کە چەمکی نوێی لەئەنجامی بەکارهێنانی چەمك لەلای هیگڵ و فیوبارخ بەرهەمهێنا، ئەویش دۆزینەوەی فەلسەفەیەکی نوێ بوو لەنێو هێزو ئیرادە لەلای ئینسان و دۆزینەوەی خەباتی چینایەتی نوێ، لەبەر ئەوەی لە چاپتەرێکی دیکەدا زیاتر موناقەشەی ئەم بابەتەمان کردووە، لێرەدا قسە لەسەر ئایین و دژە فەلسەفییەکانی ناکەین.

**مانیفێستێك بۆحیزب.. زمانێك بۆ سیاسەت**

**(تارماییەك لەئەوروپا دێت و دەچێ تارمایی کۆمۆنیزم، هەموو هێزەکانی ئەوروپای کۆن پاپا و تزارا رادیکاڵە فەرەنسیەکان پۆلیسی نهێنی ئەڵمان بۆ دوورخستنەوەی ئەم تارماییە لەپەیمانێکی موقەددەسدا پێکهاتوون " مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست).** ئەمە رستەی یەکەمی مانیفێستی پارتی کۆمۆنیزمە کە مارکس و ئەنگلس دایانڕشت، بەرلەوەی پرس لەتارمایی مارکس بکەینەوە سەبارەت بەبانگەوازێك بۆ کۆمۆنیزم و ترسی دەسەڵات لەو بانگەوازە، باسێکی کورت دەربارەی بیروبۆچونی هەندێك بیرمەندی ئەم سەدەیە وەردەگرین، دوای تێپەڕبوونی ١٥٠ ساڵ بەسەر دەرچوونی ئەم بانگەوازە ئێمە لەبەردەم دوو بۆچوونی دژ بەیەکین، یەکێکیان باس لەمانی بەهای ئەو بانگەوازە دەکات کە سەرەنجام بەمەرگی سیستمی سەرمایەداری تەواو دەبێ، هەروەها پێی وایە کە مادام دوو چین لەوێدا بەیان کراوە و هەر ئەم دوو چینە لەململانێدان و دژیەکن کە لەنێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانە، کەواتە دواجار حیسابێك بۆ چینەکەی مامناوەند نەکراوە کە هەر ئەوان بەشێکن لەجوڵەی ژیان، بەڵام ناچنە نێو مێژووەوە، بۆچوونەکەی تریش کە بەرگری لێدەکات، پێی وایە مارکس سنوورێکی بۆ پاوانخوازی سەرمایەداری دانا کە چاکسازی لەسیستمی ژیان و

سەعات کار و مافی کرێکار و زەمانەت و نەمانی باب مەزنی و کویلایەتی هەموویان بەرهەمی مانیفێستن، لێرەوەیە کە دەبێ بزانین هەموو گۆڕانکارییەکانی ژیانی سیاسیی لەچاوی ئەو فەلسەفەیەوە بەرهەممهاتووە.

خۆبەرهەمهێنانەوەی زمانی مارکس لێرەوە دەردەکەوێت کە چۆن کاریگەری لەسەر دەقی ئەدەبی هەبووە، نموونەش بەرهەمهێنانەوەی زەمەنی میترۆنۆمیکی ئامێر مۆدێرنانە نییە، بەقەد ئەوەی بەرهەمهێنانەوەی مانای دەقێکە لەنێو گوتارێکی ئەدەبیدا، کە مارکس ئایدیای ئەدەبی لە گۆتە وەرگرت، لەوێوە بوو کە ئەو چاودێری دەقی ئەدەبی دەکرد بەتایبەتی لە دەقی فاوست کە شاکارێکی مەزنە، بناغەی ئەم تێڕوانینە لەنێو ئەدەبدا روانگەیەکی سۆسیۆلۆژیانەی هەبوو، چونکە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی ئەگەر پانتاییەکی فراوانتری نەبوو لە گوتاری پشتی دەقەکە، یاخود لانیکەم خوێنەری هەموو نەتەوەکانی بەبێ سنوور نەناسییەوە کە ناچار بە خوێندنەوەی بن، مانای وایە تاك رەهەندی و تاك ئاراستەیە و ئایدیایەکی پڕ کێشەیە لەنێو خۆیدا وەکو دەقی ئەدەبی، ئەو بەرهەمگەلە حەماسییەی کە لەیەکتر نزیك دەبوونەوە لەروانگەی جهانبینییەوە، نموونەی مۆرتێ و فاوست و ئۆلیسیس ی جەیمز جۆیس و هتد، رەهەندی ئینتەرناسیونالیان وەرگرت بۆ جەوهەری دەقەکانیان، ئەم حیکایەتە تەنها فۆڕمی نەگۆڕی، بەڵکو ناوەڕۆکی دەقیشی گۆڕی لە جوگرافیای تەسك و تاك نەتەوەیی و وەرگرتنی فەزای ئەدەبی، بۆ سەراپاگیر کە شەقامی بیرکردنەوەی فراوان تر کرد، هەموو ئەمانە کاریگەری زمانی مانیفێست بوون کە مارکس بیری لێکردۆتەوە لە رووی سۆسیۆلۆژیای ئەدەبییەوە کە دواجار جۆرج لۆکاچ و لۆسیان گۆڵدمان و باشلار و واڵتەر بنیامین، بۆ خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی و رزگارکردنی پانتاییەکی بەرتەسك بۆ فرانکردنی بیرێکی دیکەی جهانی کەڵکیان لێوەرگرت.

با بیهێنینەوە یادمان کە یەکەمین ناو لە مانیڤێستی حیزبی کۆمۆنیستیدا، سێ جار لە هەمان لاپەڕەدا دووبارە بووە کە بریتییە لەوشەی تارمایی، تارمایییەك لە ئەوروپا نیشتەجێیە مارکس ئەمەی لە ساڵی ١٨٤٧ گوتووە، کە ئەمە

تارمایی کۆمۆنیزمە، ئەو کاتە زەمەنی هەندێك بڕگەکانی لە پێشەوە داناوە، وای دەبینێ ئەو کاتە ئاماژەیە بە تۆقاندنی هەموو هێزە ئەورووپییە کۆنەکانە، بۆیە ئەوکاتە هیچ کەس نەبوو باسی ئەو نەکات"(٥). بۆیە جاك دریدا ئەم تارمایەی بەیانی حیزبی کۆمۆنیست بە تارماییەك ناودەبات و بەراوردی بە تارمایی شانۆیی هاملێتی شکسپیر دەکات، چونکە دەیسەلمێنێ کە مەزن کردن وەکو ئەوەی شکسپیر باسی دەکات زیاتر لە خۆی گەورەتر کراوە. چونکە لەوێ خێوەکە لەو شانۆییە فاڵچییەکە کوێرەکان نایبینن، بەڵام بینەر و چاودێران دەیبینن، دیسان دەڵێ" کێ دەتوانێ نکوڵی لەوە بکات هاوپەیمانیەتییەك لە دژی کۆمۆنیزم، هاوپەیمانی یەك لە ئەوروپای کۆن یان تازە هەیە وەکو هاوپەیمانییەتییەکی پیرۆز بمێنێتەوە، وەکو وێنەی باوکێتی باوکی پیرۆز کە پاپا یە، ئەویش وێنەی تارماییەکەی مارکسە لە نێو بەیانی حیزبی کۆمۆنیزم کە مارکس نموونەی پێهێناوەتەوە، ئەم توێژینەوە ئەدەبییە کە شوبهاندنە بە هاملێتی شکسپیر، تەنها لەوێدا دریدا دەبێتە خاوەنی کە دیوێکی بەلاغی خوێندۆتەوە و بەهای زمانەوانی بۆ داناوە، دەنا دیوی دووەمی ئەم بانگەوازە لە مانیفێستدا کە مەترسیترینیان وشەی تارماییە و هەمیشە دێت و دەچێت، بەڵێ وەهایە و وردبینییە، چونکە ئەو باسی تارمایی جەستەی خۆی ناکات تاکو وەکو پێغەمبەری ئایینی بخوێنرێتەوە و پیرۆز بکرێت لەحیزبدا یان لەلای ئەوانەی بڕوایان بە فەلسەفە و ڕەخنەکانی هەیە، بەڵکو بۆ ئەو جەستەیەیە کە لەرێگەی بانگەوازەکەوە خۆی دەبینێ و خۆی بەرجەستە دەکاتەوە لەسەر شەقام یان لەنێو مەحفەلی دیکەی سیاسیی و کارگەکاندا، بەتایبەتیش کە شوبهاندنی تارماییەکە لەهەموو کونجێکی ئەم دونیایە، بۆیە ئەو مانیفێستە ئایدیۆلۆژیا دروست ناکات و نابێە داینەمۆی هەر بزووتنەوەیەك بەهەر ئایدیایەکەوە، بەڵکو تێکستێکە لە ڕەخنە سڵ ناکاتەوە، چونکە ئەو کاپیتالیزمە ئایدیای ناسرووشتی و پەسەند دروست دەکات تاکو بەرگری لێبکات لەهەر شوێنێك کە مەوجوود نییە، بەتایبەتی کە ئایین دەبێتە جێگەی ڕەخنە بۆ کوشتنی ئازادی، ئەو کات ئایدیاکە دەست بەکارەکانی دەکات

بۆ کوشتنی ئازادی، لێرەوە تێدەگەین کە ئایین چۆن پایەیەکی بەهێزە بۆ راگرتنی سەقفی کاپیتالیزم، پەرەپێدانی ئایدیا تەنها لەیەك کتێبدا کۆناکرێتەوە و یەك مەوقیعیشی نییە، بەڵکو بەنهێنی کۆد کاردەکات، ئەو نهێنی و کۆدە سیحرێك درووست دەکەن تاکو ئینسانی ناهۆشیار لەرێگەی میدیا و نووسینی دەربارەوە بەهای زیاتر بەو کایەیە بدات کە ئیدیۆلۆژیا زیندوو دەکاتەوە، ئەمە ئەو رۆڵەیە کە ژیان لە سیمایەکەوە دەگۆڕێت بۆ سیاسیەکی نادیار، یان بەمانایەکی دیکە سیمایەکی رۆشنتر کە هەرکەس بەهای توانای خۆی دەپارێزێت، لەکاتێکدا کۆدەکە کاری تەنها شاردنەوەی زەمینە سازکردنە بۆ هەموو کەسێك تاکو یەکسان بژین.

بەرهەحاڵ ئێمە سەرەتا بۆچوونە دژەکە وەردەگرین، (ریمۆن ئارۆن) بۆچوونی کەسێك وەردەگرێت بەناوی ئەکسلۆس و پێیی وایە مارکس بەو پێیەی مانیفێستی نووسیووە، چونکە بانگەوازە بۆ مەیدان و سەرەتایی گۆڕینی گوتاری فەلسەفەیە، کەواتە فەیلەسوف نییە و تەنها کۆمەڵناسێکی شارەزایە و بەپێچەوانەوە فەیلەسوفی نامۆبوون نییە و هیچی تر، بەڵام پاشان لەبارەی مانیفێستەوە (ریمۆن ئارۆن) دەڵێ" مانیفێستی کۆمۆنیزم دەقێکی نازانستییە و نووسراوێکی ریکلامیە، بەڵام ئەنگڵس و مارکس فکرە زانستییەکانی خۆیان لەو مانیفێستە دەخەنە ڕوو، هەروەها فکری سەلمێنراوی مارکس تەنها درووستکردنی دووبەرەی جەنگە لەنێوان سەرمایەدار و کرێکار، وەختێك باس لەئێمە و ئەوان دەکات ئێمە وەکو مرۆڤایەتی لەناودەبات هێشتا پێناسەی ئەوان نادیارە، ئەم خەڵسەتەی تێدایە لەلایەنێکەوە دوژمناکاری چەوسێنەران و چەوساوەکان و لەلایەنی دیکەشەوە ئینتیما بۆ درووستکردنی تەنها دوو مەیدانی شەڕ لەدوو جەمسەری دژەیەکدا هەیە" هەروەها وەکو ریمون ئارۆن باسدەکات، دوو شێوە لەدژبەری دەستنیشانکاری سەرمایەداری لەنووسراوە زانستیەکانی مارکس و لەکتێبی مانیفێستی کۆمۆنیستدا دەبینرێن، شێوازی یەکەم ناکۆکی نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنانە لەگەڵ پەیوەندیەکانی بەرهەمهێناندا، بۆرژوازی بەردەوام ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی بەهێزتر درووستدەکات، بەڵام

پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان واتە پەیوەندیی خاوەندارێتی و شێوەی دابەشکردنی داهـات بەهەمئاهـەنگی هێزەکـانی بەرهـەمهێنان نـاگۆڕێن، سیسـتمی سەرمایەداری دەتوانێ زۆرتر لەپێشوو ڕێژەی بەرهەمهێنان بەرزبکاتـەوە، بـەڵام لەگەڵ زۆربوونی سامانیش دیسان هەژاری تووشی بەشێکی گـەورەی کۆمـەڵگا دەبێتەوە، کەواتە ئەم دژیەکـە لەئاکامـدا قـەیرانی شۆڕشـی لێدەکەوێتـەوە کـە موچە وەرگرەکانن، واتە فەرمانبەرانی حکومی، ئەوانەن کە مارکس وەکو چینی ناوەندی حیسابی بۆ نەکردوون، بەڵکو لەو مێژووە حەتمیەی دیاری کردووە کـە مەرگی سەرمایەدارییە".(٦). بۆچـوونەکەی تـر کـە (جـۆن کاسـیدیە) بـەرگری لەمارکس دەکات، پێی وایـە دەقێکـی فەلسـەفییە و ئـەوەی کـە ئێسـتا هەیـە سـەرمایەدارەکەی سـەردەمی مـارکس نییـە و خۆشـگوزەرانیەکی هێنـاوە کـە بەرهەمی ئەو ترسەیە لەمانیفێستدا ئاماژەی پێکـراوە و بـەربڵاوبووەوە. (جـۆن کاسـیدی) کـە بیرمەنـدێکی شـارەزایە لەسیسـتمی سـەرمایەداری و یـەکێك لەتوێژەرەوەکانی سۆسیالیزمە و لـەزانکۆی (وڵ سـتریت) ئـامریکی و بەرپرسـی دانانی ستراتیژیەکانی سەرمایەگوزاریە، سەبارەت بەپرسی ئەوەی ئایا مانیفێست ئەرزشێکی سیاسیی ماوە و قـابیلی خوێندنەوەیـە یـان نـا؟ دەڵێـت" قەناعـەت بەقسەکانی مارکس دەکەم کە راستی گوتووە" لەشوێنێکی تردا دەڵێت" یەکێك لەوانە گرنگەکانی مارکس ئەوەیە کـە ڕەوتـی سـەرمایە بـەرەو لای پـاوانخوازی دەچێت، ئەمەش دەبێتە هـۆی هاتنـەدی ڕێسـایەکی سیسـتماتیکی دژوار، ئـەم مەسەلەیەش دواتر بەبۆچوونێکی ریفۆرمخوازانە لەلایـەن کەسـانی وەك (تیـۆدۆر رۆزۆلفت و فرانکلین رۆزۆلرت) سەلمێنران" لەشوێنێکی تردا قسە لەسەر زمـانی سیاسـییانەی مـارکس دەکـات وەك پێناسـەیەك بـۆ شـیرکەت و ماشـینێك کـە لەسـەردەمێکی تـردا بەرچـاو دەکـەون دەڵێـت" شـەپۆلی گـەورەی گارخانـە و دەرمانسازی و پیشەسازی و ئەسلەحە سازی، پەیوەندیی جۆراو جۆریان پێکـەوە هەیە کە لەکۆمەڵگەکانیشدا ڕەنگدانەوەی هەلومـەرجی مـادی ئـەو سـەردەمە مێژووییەی دەبێت کە پێشبینیەکانی وەدی هات" سەبارەت بەوەی کـە بەشـێك

لەبیرمەندانی ئێستا هەمان زمانی مارکس بەکاردێنن بەڵام وشکترەو پێیان ئەغزە ناوی مارکس بێنن دەڵێت" بەجیهانی بوونی سەرمایە لەو ئاوازانەیە کە وێردی سەر زمانی هەموو کەسێکە، بەڵام ناوهێنانی مارکس بۆ کەسێکی وەکی (دانی رودێك) کە ئوستادی زانکۆکانی ئامریکایە بۆ داهاتووی پیشەکەی قازانجی نییە" لەکۆتاییدا جۆن کاسیدی دەڵێت " هەتا سیستمی سەرمایەدار بمێنێت مارکس هەر بەزیندووی دەمێنێتەوە"، کەوابوو مارکس زیندووە بەپێی ئەم بۆچوونەی جۆن کاسیدی. هەر ئەم بۆچوونە لۆژیکییەی مارکسە کە نامۆبوونی کرێکاری لێکەوتۆتەوە.

مارکس پێیوایە مرۆڤ وەختێك لەنێو کار و سەرمایەی سیستمێکدا دەژی کە بەرهەمی رەنجی خۆیەتی، سیفەتی مرۆڤ بوونی خۆی لەدەستدەدات، بۆیە بانگەوازی ئەوە دەکات لە مانیفێستدا کە ستەمی سەر ئەو چینە بەرهەمهێن و داینەمۆیەی کۆمەڵگە هەڵبگیرێت و کۆتایی بە جیهانی دوو چینی بێت، بۆ ئەمەش هەر سێ قۆناغی گەشەسەندنی سیستمەکانی وەبیرهێناوەتەوە کە چۆن ئینسان تێیدا نامۆ بووە لە خۆ ناسینی خۆی، چونکە نامۆبوون ئەگەرێکە بۆ نەفیکردنی نەفی، واتە نەخێر لە نەخێر، بەوپێیەش بێت ئەم کردەیە کە فکر و هۆشیاری لە پشتەوەیە، جۆرێکی دیکەی گەڕانەوەی خاوەنداریێتیی تایبەتییە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە لابردنی خاوەنداریێتی تایبەتییە کە لەهەناوی کۆمەڵگەدا بۆ کەسانی هۆشیار دێتە پێشەوە، تیۆریزەکردنی ئەم چەمکە واتە نامۆبون لەلای مارکس، رەتکردنەوەی ئەو پەیوەندییە بوو کە لەقۆناغە بەشەرییەکاندا دووبارە دەبووەوە، بۆ نموونە بەر لەسوکراتیش و دوای ئەویش کە لەنێو چرۆکە ئایینییەکانیشدا بەکارهاتووە، بەڵام راستییەك هەیە دەبێ بیدرکێنین، ئەویش کەڵك وەرگرتن لەم چەمکە بۆ مارکس، لە هێگڵەوە هاتووە کە دواجار لابردن و هەڵپەساردنی دیالیکتیك بوو وەکو دەسەڵاتێکی باڵا لەنێو فکردا، چونکە پرۆسەکە بۆخی بەهەمهێنانەوەی خۆی بوو کە مۆدێرنە دەیویست

بەلارێدا بیبا تکە بە خۆیکردنی پرۆلیتاریا و کرێکار، لە یاسا و ریفۆرمەکاندا کۆکرابۆوە نەك شۆڕشی ریشەیە دەرهەق بە سیستمەکە.

کاری مانیفێست وەکو سەرەتا ئەمە بوو، (پیتەر ئۆزربۆن) لە کتێبی چۆن مارکس بخوێنینەوە، پێی وایە خۆ ئەگەر مۆدێرنەش ناوێکی تایبەتی بێت بۆ ئەزموونێکی تایبەتی زەمەنی مێژوویی، ئەوا لۆژیکێکی تێپەڕی کەڵەکەکراوی نەفی کە ئێستا دەخاتە پێش رابردوو و داهاتوو دەخاتە پێش ئێستاوە، بۆیە لە پێناسەکەی مارکسدا بۆ مۆدێرنە سەرمایەداری خۆی بەرهەمی مۆدێرنەیە لە ئاستێکی جهانیدا، بەلاّ م مارکس دەسەلاّتێکی وێرانکەری دا بەو کارێکتەرەی کە دەتوانێ بونیادی سیستمەکە هەڵبوەشێنێتەوە، چونکە رەهەندێکی خولّقاوی توانا و ئیمکانیاتەکانی کرێکاری لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە، بەوپێیەی کە لۆژیکی سەرمایەداری مانەوەی لە سیحرەکەیدایە کە جیاوازی چینایەتییە، ئەمە لەرێگەی مانیفێستێکەوە کە زمانێکی سادە و راستەوخۆیە بەتاڵ بووەوە، کەوابوو پێویست بەسەرهەڵدان و زیندووکردنەوەی هێزی کرێکار و پرۆلیتارە، بۆ گۆڕینی ئەو واقیعەی بزووتنەوەی سیاسیی چارەسەری سەرەتا و کۆتاییە، ئەمە ئەو خاڵە جەوهەرییەیە کە تیۆر دەکات بە پراکتیك.

ئێستا دێمە سەر ئەوەی کە بایەخدان بەزمانی مارکس لەدیدی بیرمەندی گەورەی هەڵوەشانەوەگەرایی چ گرنگیەکی هەبووە و بۆچی بەراوردی دەکات لەگەڵ زمانێك کە شکسپیر لەئەدەبدا بەکاریدەهێنێت.

موناقەشەکردنی پرسی ئەو زمانەی کە مارکس بۆ فەلسەفەو بیرکردنەوە بەکاری هێناوە، پرسێکە لەلای (جاك درێدا) لەمیانەی تەماهی کردنی زمانی فکر و ئەدەبەوە هاوسەنگیەك درووست دەکات، ئەو هەوڵدەدات تارمایی دەقی هاملێتی شکسپیر لەگەڵ تارمایی مارکس بەراورد بکات و بڕوای بەزمانی راستەوخۆ نییە، تا دەگاتە هەڵگرتنی سنووری نێوان بیرکردنەوەو فەلسەفە و ئەدەب، درێدا لەتێزەکەیدا کە بۆ هەڵوەشانەوەی دەق موناقشەی دەکات، پاشان پەیوەندیی لەنێوان حیکایەتی تارمایی هاملێت و تارمایی بزووتنەوەیەکی

سیاسیی گرێدەدات، ئەو یەکەمین پرسیاری لەوێوە دەستپێدەکات و دەڵێ" بۆچی تارمایی لەلای مارکس بە(کۆ) هاتووە؟ ئایا لەکەسێك زیاتر ئامادەیە؟ ئایا ئەو تارماییە لەگەڵیکەوە هاتووە"(٧). دواتر موناقەشەی زمانی سیاسیی دەکات بەبەراورد لەگەڵ زمانێك کە تەنها بۆ ئەدەبە و کە شکسپیر لەهاملێتدا وەکی سیمبۆل بەکاری هێناوە، **لێرە تارمایی وەکو باوکێکی رزکارکەر هاتووە، بەهەمان شێوەش تارماییەکەی مارکس بانگەواز کردنە بۆ بزوتنەوەیەکی رزگارکەری مرۆڤ لەدەستی چەوساندنەوە و جیاوازیە چینایەتیەکان،** لەمبارەیەوە فلادیمیر ئیلیچ لینین دەڵێ" هەر وشەیەك بۆخۆی گشتی کردنێکە کە بەیارمەتی زمان و فەرهەنگ کۆکراوەتەوە، ئیتر نەسل بە نەسل کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی هەمووان و بیرکردنەوە و لۆژیکی دابین کردووە".

لەچاوپێکەوتنێکیدا درێدا کە لەکتێبی هەڵوێستەکاندا لەساڵی ١٩٨١ ئەنجامدراوە و موناقەشەی پێداویستی سیاسیی و پەیوەندیی نێوان مارکسیزم و پێکهاتە شکێنی دەخاتەڕوو، دەڵێ" دەبێ کەڵك لەزمانی مارکس وەربگرین، تاکو بەباشی کەڵەکەبوونی میتافیزیکی بناسین کە لەمێژوودا لەسەر یەك هەڵچنراون" لەکتێبی تارماییەکانی مارکسیشدا دەڵێ"دەبێ بەتێڕوانینێکی فەلسەفیەوە تەماشای فکری مارکس بکەین" بەبڕوای ئەو ئینتەرناسیونالی نوێ، نەخاوەن ئۆرگانی سیاسییە و نەخاوەن حیزبە، بەڵکو پرۆسەیەکی ئەدەبییە لەنێو ئازارو مەینەتیەکانی خەڵکدا لەدایك بووە، بۆ ئەمەش وەڵامی ئەرکە گرینگەکانی کاری ئێمەی رۆشنبیرە لەنێو ئەو فەلسەفەیەدا، مارکسی رەسەن و مارکسی نارەسەن لەیەکتر جیابکەینەوە و کامیان لەمێژوودا بهێڵینەوە و کامیان بخەینە نێو زبڵدانەوە، لەسەرووی هەموشیانەوە پێویستمان بەو وشانەیە کە لەزمان و ئەندێشەکانی مارکسدا دژ بەنایەکسانی و ستەم هاتووە" ئەم بەگشتی کردنی فەرهەنگ و زمانە لەتێڕوانینی فەیلەسوف و بیرمەندانی پاش مارکس، هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لەو لۆژیکەی مارکس کە لەخەیاڵی ئینساندا هەیە بۆ لەناوبردنی ئەو دەسەڵاتە سیاسییەی جێگیربووە و لۆژیکی بەجیاوازییە

چـینایەتییەکە داوە لەڕێگـەی فرەیـی ئـایین و نەتـەوە و خێـزان و موڵکایـەتی تایبەتی وەکو جۆرێـك لـە ئـازادی تـاك، بـەڵام ئەمـە لەچـەمکە نـەفی نەفیـدا سیحرەکەی بـەتاڵ دەبێتـەوە کـە ڕۆژئـاوا دوای کـەڵك وەرگـرتن لـە مانیفێسـت لەئەدەب و ئابوری و سیاسەتیشدا سوودی لێبینی.

**زمان لەسرووشتەوە بۆ مەبەست**

بەگشتی مرۆڤ جگە لەزمانی دەروونی، خاوەنی دوو جۆر لەزمانـە، (زمـانی سرووشتی و زمانی دەستکرد). زمانی سرووشتی ئەو زمانەیـە کـە لەڕێگایـەوە ڕۆژانە دیالۆگ دەکەین و لەیەکتر تێدەگەین، زمانی دەستکردیش ئـەو زمانەیـە کە لەچەند کۆڵەکە و نیشانەیەکدا و بەمەبەستێکی تایبەت درووستمان کـردوون و گەشەی کردووە، بۆ نموونە (زمـانی سـیمبول) واتـە سـیمۆلۆژیا (ئامـاژە) کـە لەماتماتیکدا نازناوی (شیمی) یان (کۆدی) لێنراوە و لەهونەری شانۆییشدا کاری پێدەکرێت، ئەو زمانە ناڕاستەوخۆیەیە کە بەشـێوەیەکی تـر ئاراسـتە دەکرێـت، لێـرەوە تێدەگـەین کـە زمـان لـەنێو سیسـتمدا کردارێکـە لەبەرئـەنجامی خوێندنەوەگەریە و پشت بەبایەخی خودی هۆشیار دەبەستێت.

"بـەڕای سۆسـێر (پراکتیـك) لەزمانـدا واتـە کـۆنترۆڵی ژینگەیـە و جێگرەوەکەشی ئەو شتانەیە کە ئاماژەی بۆدەکرێت، لەلایـەکی تـرەوە پێیوایـە سیمۆلۆژیا بەشـێکە لەکۆمەڵناسـی و درێـداش دواتـر ئـەم بۆچـوونە پشتڕاسـت دەکاتەوە و دەڵێ" پەیوەندیی بەهوشیاریەوە هەیە"(٨).

**دیالیکتیکێك کە مارکس لەزمانی سیاسەتدا کەڵکی لێوەرگرتـووە، فەلسەفەیەکە لەگەڵ هەموو کولتوورەکاندا تەماهی دەکات، بەومانایەی کە گووتاری یـەکگرتنی کرێکـاران لەهـەموو دونیـا، گووتارێکـە بـەبێ لەبەرچـاوگرتنی مەزهـەب و ئیتنیـك و ترادیشـنەکان، دەگاتـە بـیری هەرکەسێکی ئەم سەرزەمینە، چونکی ئـەو سیسـتمەی کـە کەوتـە بـەر ڕەخنەی مارکس، بەئاشکرا چینەکانی لەبەرامبـەر یـەکتردا ڕاگرتبـوو،**

**بەئاشکرا چینەکان لەبەرامبەر کێبەرکێدان،** وەکو ئەوەی کە دەبینین لە ژیانی واقیعیدا، هەڵبەت تاکۆتایی هاتن بەو سیستەمەش جیاوازی چینەکان هەردەمێنێت، کەوابوو زمانێك کە مارکس لەڕووی سیاسیەوە پێشکەشی کردووە، لەواقیعی ژیانی رۆژانەی کرێکاردا تێگەیشتنی ئاسانترە لەوەی کە بەزمانی فەلسەفە توێژینەوە، لەسەر گۆڕینی ژیانێکی باشتر بکرێت و کۆمەڵگە ئۆرگانیزە بکرێت، بەپراکتیك کردنی گوتاری یەکگرتن، نەهێشتنی جەهەنم و هێنانە ئارای بەهەشتێکە کە ئینسان لەرێگەی ئیمکانیەتی خۆیەوە دەتوانێت ژیانی تێدا بکات، هەر شۆڕشێك لەمێژووی کۆمەڵگەی بەشەریدا بووە، زمان بەشێك بووە لەئیشکالیاتەکانی، نەگەیشتنی فەلسەفەی لاهوتی لەرێگەی ئایینەکانەوە، بەشێوەیەك لەشێوەکان نەگەیشتنی زمانی دەقەکان بووە، هەروەها زمانی ناڕاستەوخۆی ئەدەبی گەلانیش تاکو هاتنی مۆدێرنە هەمان ئیشکالیات بووە.

### رۆژنامە... تریبۆنێك بۆ گەیاندنی گووتار

بەرلەوەی مارکس دەست بۆ کاری رۆژنامەوانی بەرێت وەکو چەکێکی رەخنەیی دژ بە سیستمی دەسەڵاتی چینایەتی، خەریکی نووسینەوەی کتێبی **(خانەوادەی پیرۆز)** بوو کە خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسانەی رەخنەیی بوو بەرامبەر بە سیستمی دەسەڵاتدارێتی چینایەتی، پاشان ئەم پرۆژەیە بوو بەکارێکی هاوبەش لەگەل ئەنگڵس دا کە وەڵامی هێگڵیە لاوەکان بوو، دواجار کە بیر لەوە دەکاتەوە لەرێگای رۆژنامەوە وەکو کایەیەکی گرنگ بۆ بڵاوکردنەوە و گەیاندنی گوتاری سیاسیی و فەرهەنگی و موناقەشە فەلسەفیەکان و ئاشنا کردنی کریکار بەبزووتنەوەیەکی چالاك و دژ بەسیستمی سەرمایەداری، پێشتر مارکس لەچەند تێکستێکدا دەقی شیعری بڵاوکردۆتەوە، لەوانەش کۆمەڵە دەقێکی بڵاوکراوەتەوە کە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی، من تێکستەکەم لە زمانی عەرەبیەوە وەرگرتووە کە یەکێك لەو کۆپلانە بەناونیشانی رابوون.

**رابوون**
**رابوونی تۆ هەڵسانەوەیەکی ناکۆتایە**
**هەڵسانەوەی تۆ کەوتنێکی بێ کۆتایە**
**کە مەشخەڵی شەپۆلداری روحت لەقوڵایی ئەوا**
**بەناو سینەتا تەڕ دەبێت**
**لەوێ چەند نەغمەیەك ی سیحراوی هەیە**
**بەهۆی روحەکانەوە بەرز بۆتەوە**
**بەغرووڕێك ی جوانیش بارکراوە و**
**لەرووحەکانەوە تاو دەدات .....**

ئەمە ئەو تێکستەیە کە مارکس بەرلەوەی وەکو بیرمەند و کۆمەڵناس و فەیلەسووفی رەخنەگر و دابڕێنەری فەلسەفە لە مێژووی خۆی دەرکەوێت، ئەو قوتابی بووە و شیعری نووسیوە، رەنگە لەو سەردەمەدا کە خۆی وەکو قوتابییەکی هیگڵ دەزانی، ئیکتیفای بەوە کردبێت شیعر بنووسێت وەکو دەربڕی تێگەیشتنەکانی بۆ دونیا، ئەو کاتەی کە لەدژی چەپە هیگڵییەکان دەست دەکات بە نووسین و رەخنە لە فەلسەفەی هیگڵ دەگرێت و بە قوتابییەکانیش دەڵێت (ناکرێت سوکایەتی بە هیگڵ بکرێت کە ئەو دامەزرێنەری دیالکتیکە بەڵام بە نیوە ناچڵی، ئەو رەفتارە دوورە لە رەخنەوە). بەڵام دواجار مارکس وەکو ئەدیب و شاعیر دەرنەکەوت و خۆی بۆ کاری فەلسەفی و کۆمەڵناسی و ئابوری تەرخان کرد. بۆیە لەهیچ یەکێك لەو گۆڤارانەی ناویاندێت تێکستی ئەدەبی ئەو بڵاونەبۆتەوە.

دواتر لەرێگای رۆژنامەی **(پێشکەوتنی)** فەڕانسییەوە کە لەپاریس دەردەچوو بۆچوونەکانی بڵاودەکردەوە، ئەوەبوو پۆلیسی ئەو وڵاتە رێگەیان لەبڵاکردنەوەی نووسینەکانی گرت و ناچار کرا بەرەو برۆکسل سەرهەڵبگرێ، لەوێش بەهەمان شێوە لەلایەن پۆلیسەوە رێگەی لێدەگیرێ نووسینە سیاسییەکانی بڵاوبکاتەوە، دواجار ناچار دەبن لەگەڵ ئەنگڵسدا، بەیانێك بەناوی مانیفێست دەربکەن، وەك یەکەمین بەیان بۆدانانی حیزبی کۆمۆنیست هەروەك پێشتر باسمان لێوە کرد.

ئەگەرچی مارکس بەردەوام لەژێر چاودێری پۆلیسدا بوو، دواجار ناچار دەبێ رۆژنامەی (new rainsh ziytong) دەربکات و ببێتە سەرنووسەری رۆژنامەکە، لەبەر ئەوەی لەورۆژنامەیەدا بیروبڕوای سیاسیی دژ بەدەوڵەت بڵاودەکرایەوە، لەساڵی **١٨٤٩** بەبیانووی ئەوەی کە کرێکاران هاندەدات و رۆژنامەیەکی (تەحریزیە) واتە هاندەر بووە و دواتر بەوهۆیەوە رۆژنامەکە دادەخرێت، پاشان وەکو گۆڤارێکی مانگانەی سیاسیی ئابووری دەریدەکرد، هەڵبەت مارکس رۆژنامەی تەنها بۆ بڵاوکردنەوەی بیرو بۆچوونی سیاسیی و بەتایبەتی کۆمۆنیستی نەبوو، بەڵکو بەشێکی کارەکەیان بڵاوکردنەوەی ئەو دیکۆمێنتە نهێنیانە بوو کە لەدادگای پرۆسیەکاندا هەبوو، ئەوەبوو حکومەت ناچار بوو نامیلکەیەك بەناوی نهێنی دادگایی کردنی کۆمۆنیستەکان لەشاری کوڵن بڵاوبکاتەوە، پاشان لەساڵی **١٨٥٥**بەناچار لەرۆژنامەی (new odrzaytong) نووسینەکانی بڵاو دەکردەوە، لەساڵی **١٨٥٩** لەگەڵ ئەنگلسدا رۆژنامەی **(گەل)** یان دەردەکرد، لەساڵی **١٨٦٢** لەرۆژنامەی **(پرێس)** دەینووسی کە رۆژنامەیەکی زیاتر هوونەری بوو، لەساڵی **١٨٦٥** لەرۆژنامەی **(سۆسیالیستی دیموکراتی)** بۆچوونەکانی دەنووسی.

هەڵبەت ناوهێنانی ئەو رۆژنامانەی کە مارکس کاری تێدا کردوون و نووسینی بڵاوکردۆتەوە، ئەوەندە گرنگ نین، بەقەد ئەوەی گرنگیەکەی لەوەدایە کە ئەو رۆژنامەی وەك تریبۆنێك بەکاردەهێنا بۆ گوتاری سیاسیی و کێبەرکێی حکومەتی پرۆسیا و سیستمی سەرمایەداری، بەمەش توانی کاریگەری راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەسەر خوێنەر و چینی کرێکارانەوە هەبێ و پشتگیری لەقسەکانی بکەن، ئەم ستایلەی مارکس کە رۆژنامەی وەکو شۆڕشێکی سپی و یاسایی و تریبۆنێك بەکارهێنا دژ بەوانەی ململانێیان دەکرد و دژی دەوەستانەوە، دابڕانێك بوو لەگەڵ سەردەمی پێش خۆی کە دواتر بوو بە ستایلی کارکردن.

## سەرچاوەو پەراوێزەکان.

١: گۆڤاری سەردەم ژمارە ١٤ فایلێك لەسەر مارکس

**٢: جاك دریدا. اطیاف مارکس. ترجمة منذر العیاشی. دار مرکز الانماء الحضاری. سنة ١٩٩٧. ل٤٧**

٣: دەسنووسە فەلسەفییەکانی مارکس. لەسایتی مارکسیزم وەرگیراوە

٤: (ستیڤن ئێرك لیدمان. ڕێگوزەری بیری سیاسیی، وەرگێڕانی لەسویدیەوە، ئاسۆس کەمال١٩٩٧ ل ١٢

٥: جاك دریدا. تارماییەکانی مارکس، وەرگێڕانی بۆ کوردی. ئیبراهیم بەهادین خەتێ. چاپی یەکەم ٢٠٠١٦. دەزگای چاپی ڕێنما. ل٢١٢

٦: ریمۆن ئارۆن. قۆناغە بنەماییەکانی هزر لەکۆمەڵناسیدا. بەرگی یەکەم. وەرگێڕانی بۆ کوردی. عەبدوڵلا رەسوڵی. ل٢٤٠

٧: رۆژنامەی ڕێگای کوردستان. ژمارە (٧١٢) ٢٠٠٦/١١/١١ .

**٨: جاك دریدا.اطیاف مارکس. ترجمة. منذر عیاشی. مرکز القومی للنشر. سنة ٢٠٠٣. ل٢٣**

٩: کەڵك لە کتێبی. فردیناند دی سوسیر. علم اللغە. وەرگیراوە.

# فەرهەنگ

**١: ئـەمانوئێل کانـت:** سـاڵی (١٧٢٤_١٨٠٤) ژیـاوە و یـەکێك لەمـەزنترین فەیلەسوفی ماتریالی ئەڵمان بوو. پێشـنیاری دەوڵـەتی یاسـایی کـرد و پێیوابـوو یاسـا دەتوانێـت ئاشـتی لـەنێوان تاکەکانـدا بـەدیبێنێت. لـەگرنگترین کتێبـەکانی (مبـادی فەلسەفە الحق و ئەخلاق)

**٢: ئادەم سمیس:** سـاڵی (١٧٢٣_ ١٧٩٠) ژیـاوە ئەسـکوتلەندی بـوو. یـەکێك لـەزانا ئابوریناسـەکان بـوو. خـاوەنی تیـۆرەی ئـابوری بۆرژوازیـە و گـرنگترین کتێبـی (سامانی میللەتان) بوو، تیۆرەکانی بریبتین لەتیۆرەی دابەشکردنی کار و تیـۆرەی پـوڵ و تیۆرەی دابەشکردن و تیۆرەی کرێ، دواتر زانستی ئابوری سیاسیی کرد بەتیۆرەیـەکی گشتی و تائێستاش وەکو میتۆدێکی سیاسیی ئابوری کلاسـیك پشـتی پێدەبەسـترێت و لەزۆربەی زانکۆکانی دونیا و دەخوێنرێت.

**٣: ئەتنۆگرافیا:** بەشـێکە لـەئینترۆپۆلۆژیای کۆمـەڵایـەتی و زانسـتێکە لـەبارەی شارسـتانیەتی گـەلان و وێنەیـەکی وردی ژیـان و مەعیشـەت و سیسـتمی پەیوەندیـە کۆمەڵایەتەکان. ئەم قوتابخانەیە لەئەمریکا سەری هەڵدا بۆ ئەوەی بـەراوردێك لـەنێوان شارستانیەتی گەلانی ژێر دەست و سەردەستدا بکات.

**٤: تۆمـا ئـەکوینی:** سـاڵی (١٢٢٥_١٢٧٤) لەشـاری ئـەکوینی ئیتالیـا و لەخێزانێکی ئەرستۆکراتیدا ژیاوە. لە ١٢٣٠ بووە بەخزمەتکاری کلێسا بەهۆی ئـەوەی خوێندنی خودا ناسی تـەواو کـردووە، دواتـر بـووە بەمامۆسـتای لاهـووت. تیۆرەکـانی

لەسەر بەیتە پیرۆزەکان و لەبارەی فەلسەفەوە تایبەت بەلۆژیکی ئەرستۆ چەند کتێبی داناوە. کتێبێکی تری لەبابەت بوون و چیەتی و نەمری جهان و وەلامدانەوەی گومرایی نووسیوە.

**٥: مۆرگن:** لویس هنری. ١٨١٨_١٨٨١. پارێزەر و ئینترۆپۆلۆژیستێکی ئەمریکی بوو گرنگی بە خوێندنەوەی ژیان باری کۆمەڵایەتی و مێژووی هندیە سوورەکانی ئەمریکا دەدا.

**٦: مالینۆفسکی:** برۆنسلۆڤ کیسپەر ساڵی(١٨٨٤_ ١٩٤٢) لەپۆڵەندا ژیاوە و زانای ئینترۆپۆلۆژیستی نەمساوی بوو ساڵی ١٩٠٨ زانکۆی کراکاوی بەریتانی تەواو کردووە. چەندین خوێندنەوەی بۆ نەتەوەکان و هۆزەکانی ئەفەریقا و ژیانی سێکسی ئەو وڵاتانە کردووە و بەیەکێك لەدامەزرێنەرانی قوتابخانەی وەزیفی ئینترۆپۆلۆژیا ناسراوە.

**٧: مۆنتیسکۆ.** شارل دەسکندا: ساڵی (١٦٨٩_١٧٥٥) لەفەرەنسا لەدایك بووە دەستێکی باڵای لەیاسا و جوگرافیادا هەبوو، بەناوبانگترین کتێبەکانی روحی یاکانە کەلەساڵی ١٧٤٨ نووسیویەتی و خوێندنەوەیەکە بۆ ئیشکالیاتەکانی یاسا و فەرمانڕوایەتی. نێوەڕکی ئەم کتێبە جەخت لەسەر ئەو هۆکارە عەقلی و سرووشتیەی کە کاریگەری لەسەر رەوشتی ئینسان دەکات.

**٨: لیڤی شتراوس:** ١٩٠٨ ئینترۆپۆلۆژیستێکی فەرەنسی بوو، خوێندنی یاسا و فەلسەفەی لەبەرازیل تەواوکرد، دواتر لە زۆربەی کۆمەڵەکاندا بوو بەئەندام و پێی وابوو عەقڵ سەرەتایی عەقڵی لۆژیکی بەشەریەت بووە گرنگتریت کتێبەکانی بەناوی (التەوتەمیە)

**٩: فیبەر.** ماکس فیبەر. ساڵی (١٨٦٤_١٩٢٠) زانایەکی سۆسیۆ سیاسیی ئابوری ئەڵمانی بوو. خوێندنی یاسای لەزانکۆکانی (هایدلبەرگ و گۆنتگن و بەرلین)

تەواو کردووە. خاوەنی باشترین جائزەیە لەبارەی یاساوە کەلەسالّی ١٨٨٦ وەریگرتووە و خاوەنی کۆمەڵێك کتێبە لەبارەی سۆسیۆلۆژیا و تاکگەرایی.

**١٠: سان سیمۆن.:** سالّی (١٧٦٠_١٨٢٥) لەفەرەنسا ژیاوە. خاوەنی تیۆرەی پیشەسازی نویّ و سۆسیالیسمی بۆرژوازی و رەخنەگرتن لەدەولّەتی سیاسیی گرت و بڕوای وابوو سیاسەت ئاراستەی مێژوو ناکات. دەبێت ئابوری ناس و تەکنۆکرات جێگای سیاسەتمەداران بگرنەوە.

**١١: جۆرج لۆکاش:** ١٩٢٢ یەکێك لەو بیرمەندانەی قسەی لەسەر مارکسیسمی رۆژئاوایی کرد و گرنگترین کتێبی بەناوی (مێژووی هۆشیاری چینایەتی) نووسی و خونەر و هەوادارێکی زۆری هەیە لە دونیادا.

**١٢: دافید ریکاردۆ:** ئابوری ناسێکی ئینگلیزی بوو سالّی(١٧٧٢_١٨٢٣) یەکێکە لەپێشەنگی تیۆریستە ئابوریناسە سیاسیە کلاسیکەکانە دانەری یاسای زەوی و زارە.

**١٣: کارل لیبکنخت:** سۆسیال دیموکراتی ئەلّمانی و سەرکردەی بالّی چەپ بوو. یەکێك بوو لەئۆپۆزسیۆنەکانی جەنگی ئیمپریالی یەکەم. لەکانونی دومی سالّی ١٩١٩ لەگەلّ رۆزا لۆکسمبۆرگ کوژرا.

**١٤: ماکس شتێنەر:** سالّی (١٨٠٦_١٨٥٦) یەکێك لەهێگلّیە چەکان بوو خاوەنی بیرۆکەی تاکگەرایی بۆرژوازی و ئانارشیستی بوو.

**١٥: فرۆم:** ئەریك فرۆم (١٩٩٠ _١٩٧٩) لەشاری میونخ لەئەلّمان جامعەی تەواوکردووە.سالّی ١٩٣٢ لەترسی نازیەکان دەچێتە ئەمریکا، لەژێر کاریگەری بیری فرۆید و مارکس درێژە بەخوێندنەوە دەدات. هاوشان لەگەلّ ئەدلەر و هاری ستاك و کارین هۆرنی گەشەیان بە قوتابخانەی شیتەلّکاری دەرونی دەدات و دەبێتە مامۆستای سایکۆلۆژیا لەزانکۆیەکی ئەمریکی. گرنگترین کتێبەکانی (مرۆڤ لەروانگەی

ماركسەوە، بەناوی ژیانەوە، راكردن لەئازادی، مرۆڤ لەنێوان فۆرم و جەوهەردا، ئـاین و شیكردنەوەی دەرونی و) چەندین كتێبی تر كەوەرگێڕدراوەتە سەر دەیان زمانی جیاواز.

**١٦: شارل فۆریێ:** (١٧٧٢_١٨٢٧) بیرمەندێكی سۆسیالیستی یۆتۆپیـایی بـوو بـڕوای بەرێكخسـتنی كۆمەڵگــە هــەبوو بــەڵام لــەدەرەوەی حكومــەت. داوای هاوكاریكردنێكی هەرەوەزیانـەی خۆبـەخۆیی دەكـرد. پاشـان داوای كـرد فیدراسـیۆنێك درووسـت بكرێـت كـە نیـوەی ژن و نیوەكگـەی تـر پیـاو بـن و سیسـتمەكەس دابـەش بكریتەسەر كار و سەرمایە و چالاكی.

**١٧: رۆبــەرت ئــۆئن:** (١٧٧١_١٨٥١) لەفەرەنسـا ژیـاوە. ئیـدعای جـۆرە سۆسـیالیزمێكی دەكـرد بـۆ كۆمەڵگــە بــەبێ تێكشــكاندنی سیسـتمی دەوڵــەتی سـەرمایەداری و بەمــەش داوای چـاككردنی دۆخـی كرێكـاران و ئـازادی میللـەتانی رەتدەكردەوە، بەوەی كە سـەروەری میللـەت هـیچ نرخێكـی نییـە بـۆ كرێكـار و تـەنها دروشمە و هیچی تر.

**١٨: لویس پلان:** (١٨١٣_١٨٨٢) لەفەرەنسـا ژیـاوە. بـڕوای بـە سۆسـیالیزمی خەیاڵی نـەبوو. یـەكێك لەوپیاوانـەی دژایـەتی بانگەشـەكەرەكانی شۆڕشـی فەرەنسـای دەكرد و لەكتێبە بەناو بانگەكـەی بەناوی(رێكخسـتنی كـار) پێـی وابـوو ئـەو ئازادیـە سیاسـییە ئەبسـتراكتەی پیـاوانی شۆڕشـی فەرەنسـی بانگەشـەی بـۆ دەكـەن درۆیـەكی گەورەیە و دەبێت حكومەت دەست لەرێكخستنی كاری كرێكاران وەربدات.

**١٩: سـپێنۆزا:** ولیـەم سـپێنۆزا.(١٦٣٢_١٦٧٧). لەبنەماڵەیـەكی پورتوگـالی یەهودی بوو لەئەمستردامی پایتەختی هۆڵەندا لەدایك بووە و بـوو بەمسـیحی و دواتـر گەرایەوە بۆ نێو یەهودیەت و دواتر رەخنەی لەلاهوت گرت و لایـەنگری ئـەوەبوو ئـایین بخرێتە ژێر دەسەڵاتی مەدەنیەتەوە. لەكتێبەكانی(بنەما فەلسەفیەكانی رێنیە دیكـارت بەشی یەكەم و دووەم) (نامەیەك بۆ ریفۆرمی عەقڵ) (كتیبێك سەبارەت بـەدەمارگیری

لاهوتیـەت کـە پێکهـاتووە لەحـەوت بـەش) **١٦٧٥** کتێبێکـی بـەناوی (ئاکارناسـی) نووسی، دواجار نیچە و بەشێك لەفەیلەسووفانی دوای خۆ کاریان پێکرد.

**٢٠: جۆن لۆك:** (١٦٢٢_١٧٠٤) لەئینگڵسـتان لـەدایك بـوە. بڕوای بەدەوڵـەت یاسایی هەبوو،. گرنگترین کتێبکی بەناوی (وتارە) کاریگـەری زۆر لەسـەر بیرمەنـدانی وەك (جۆرج بیرکلی و کانت و دافید هیۆم) هەبوو. بەهەمان شێوە کاریگەری بیری لـۆك بۆسەر شۆڕشی ئەمریکی و فەرەنسی هەبوو.

# بەشی وێنەکان



مۆزەخانەی  مارکس ئەلمانیا

ساڵی ٢٠١٨



لەگەڵ پەیکەری مارکس ئەڵمانیا



لەگەڵ پەیکەری ٩ مەتری مارکس ئەڵمانیا




لەگەڵ یوسف مەنتك بەردەم  ماڵی مارکس ئەڵمانیا